WWW.RUDAW.NET

رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (385) دووشەممە 2015/11/30 - 9ی سەرماوەز 2715 (750) دینار

## "بە بڕێک پارە هەستیارترین زانیاریی دەزگاکانی کوردستان دەکڕدرێ"

**رووداو- لەندەن**

د.عەبدولڕەحمان میرانی، دامەزرێنەر و سەرۆکی سەنتەری میللی کوردە بۆ لێکۆڵینەوە و پاراستنی تەکنەلۆژیای زانیاری KNCIS لە لەندەن لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) هۆشداری دەداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەڵێت "ماڵپەڕ و سێرڤەرەکانی حکومەت زۆر بە ئاسانی هاک دەکرێن". میرانی کە دکتۆرای لە پاراستنی پێشێلکاری ئەلیکترۆنیدا هەیە دەڵێت حیزبەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ سیستمێکیان بۆ رووبەڕوونەوەی هاکینگ نییە. د.عەبدولڕەحمان هەروەها هۆشداری دەدات لە دامەزراندنی کەسانی بیانی لە بواری بەرنامەدارێژی و بنکەی زانیارییەکان و نیتوۆرکینگدا لە کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا و تەلەفۆنی و ئینتەرنێتیدا و دەڵێت "ئەوە یەکێکە لە مەترسیدارترین ئەو دیاردانەی کە لە کوردستاندا هەیە". هەروەها باس لە نەبوونی نەخشەیەکی ستراتیژی دەکات بۆ پاراستنی زانیارییەکان و دەڵێت "دوژمن دەتوانێت بە بڕێک پارە هەستیارترین زانیاری دەزگاکانی کوردستان بکڕێت".

سەبارەت بە مەترسی هێرشی ئەلیکترۆنی داعیشیش بۆ سەر دەزگاکانی کوردستان، میرانی دەڵێت "داعش بتوانێت 200 تێرا بایت زانیاریی هەستیار لە ئەمریکا بدزێ، بە دڵنیاییەوە دەستی دەگاتە زانیارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش".

« 5



د.فەرسەت سۆفی

ژمارە تۆقێنەرەکان لە کوردستان

23



نێوەندگیری بۆ چارەسەری کێشەکانی یەکێتی دەستپێدەکاتەوە

3

ئەڵمانیا 95 ملیۆن یورۆی بۆ چارەسەری ئافرەتانی ئێزدی تەرخان کردووە

2

## یەکێکیان دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی پەرلەمانە

# پارتی سێ بژارە دەخاتە بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان

« 3



ئەمساڵ 12 پیاو لەسەر کوشتنی ژن سزا دراون

14

فەیلییەکانی سوید لە بازرگانیدا یەکەمن

9

پارتی ئامادەیە لە هەولێر 15 پۆست بداتە یەکگرتوو

4

## بەجلی پێشمەرگەوە سواڵ دەکات

**ڕووداو- گەرمیان**

ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2015/11/28 هاوڵاتییەک لە گەڕەکی ئاوارەکانی شارۆچکەی کەلار بەجلی پێشمەرگەوە پارەی لە ژمارەیەک ماڵ کۆکردووەتەوە، بەڵام لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراوە. قەدوری گوتی "ئەو هاووڵاتییە بە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەوە لە دەرگای ماڵانی داوە و داوای هاوکاری ماددی کردووە، دوای ئاگادارکردنەوەی هێزەکانمان دەرکەوتووە ئەو کەسە پێشمەرگە نییە و تەنیا ویستویەتی بەناوی پێشمەرگەوە پارە کۆبکاتەوە".



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (385) دووشەممە 2015/11/30

### بەرپرسێکی پرۆژەی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردنی ژنانی ئێزدی:

# ئەڵمانیا 95 ملیۆن یورۆی بۆ چارەسەری ئافرەتانی ئێزدی تەرخان کردووە

**تا ئێستا 700 کەسمان بۆ چارەسەر بردووەتە ئەڵمانیا**

**داعش منداڵێکی کوردی بە ئەشکەنجەدان لەبەرچاوی دایکی کوشتووە**

**کچێکی ئێزدی بۆ ئەوەی نەکوژرێ، منداڵێک دەکاتە کوڕی خۆی**

**عوبەید ڕەشاقایی**
**ڕووداو- دهۆک**

کاربەدەستانی هەرێمی براندبۆرگی ئەڵمانیا، سەرقاڵی پرۆژەیەکن بۆ چارەسەری دەروونیی ئەو کوردە ئێزدیانەی لەدەستی داعش ڕزگارکراون. بەرپرسی تەندروستیی پرۆژەکەش دەڵێت تاوەکو ئێستا قسەی لەگەڵ 1403 ئافرەتی ئێزدی کردووە. ئەو گوتی "چیرۆکی وا دەبیستی بڕواناکەی مرۆڤ لەم سەردەمەدا هەڵسوکەوتی وەها دڕندانە لەگەڵ مرۆڤدا بکات".

### 700 ژنیان بردووەتە ئەڵمانیا

پرۆفیسۆر د.ئیلهان قزلهان، پسپۆڕی دەروونی و بەرپرسی تەندروستیی پرۆژەکە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) کە ڕۆژی سێشەممە بڵاودەبێتەوە، دەڵێت تاوەکو ئێستا 700 ئافرەت بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی ئەڵمانیا کراون و تاوەکو کۆتایی ئەمساڵیش دەتوانن 1000 — 1100 ئافرەتی دیکە بنێرن.

بە گوتەی د.ئیلهان، بۆ ئەم پرۆژەیە هەرێمی براندبورگ 95 ملیۆن یۆرۆی دابین کردووە. د.ئیلهان پێیوایە بە دوو سێ ساڵ دەتوانن چارەسەری هەموو ژنەکان بکەن.

سەبارەت بە مەرجی بردنی ئەو ژنانە بۆ ئەڵمانیا، د.ئیلهان دەڵێت "ئێمە بە سێ مەرج دەیانبەین، یەکەم: لە دەستی داعش ڕزگار کرابێ. دوو: تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبێت. سێیەمیش: ئەو چارەسەرییەی پێویستی پێیە لە ئەڵمانیا هەبێت.

بە تەنیا ژنانی کوردی ئێزدی نەبراون بۆ ئەڵمانیا، د.ئیلهان دەڵێت "تاوەکو ئێستا 24 ژنی مەسیحی، 12 ژنی عەرەب و سێ ژنی کوردی فەیلیمان بۆ چارەسەر بردووەتە ئەڵمانیا".

د.ئیلهان بەپێویستی دەزانێت هەرچی زووە ئەو کچانە بگەیەنرێنە ئەڵمانیا بۆ چارەسەر، چونکە دەڵێت "ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێن، ڕەنگە خۆیان بکوژن، جگە لەوەش هەندێکیان خێزانەکانیان قبوڵیان ناکەنەوە، بۆیە ئەرکی ئێمە زۆر گرانە".

### ئەو چیرۆکانەی لە یادیان ناکات

د.ئیلهان تاوەکو ئێستا گوێی لە بەسەرهاتی 1403 ئافرەتی کوردی ئێزدی گرتووە، بە تایبەتی ئەوانەی لەلایەن داعشەوە ڕفێندرابوون و دواتر ئازاد کراون.



د.ئیلهان دەڵێت چیرۆکی ئەو ژنە قەت لەبیر ناکات کە بەبەر چاوییەوە منداڵەکەیان کوشتووە "ژنێک بۆی گێڕامەوە کە 12 جار بە زۆر فرۆشراوە، خاوەن سێ منداڵ بوو، جارێکیان لە ڕەققە بەگوێی چەکدارێکی داعشی نەکردووە، چەکدارەکەش کچێکی ئەو ژنە کە تەمەنی دوو ساڵ و نیو بووە، دەخاتە نێو سندوقێک و بۆ ماوەی 7 ڕۆژ لەبەر هەتاو دایدەنێ، ڕۆژانە تەنیا ژەمێک خواردنی دەدایێ. دواتر منداڵەکەی دەخاتە نێو بەفراو و دەریدێنێ، بەو هۆیەوە چاوی منداڵەکەی دەرهاتووە، ژنەکە زۆر هاواری بۆ منداڵەکەی کردبوو، ئەویش هەر لەبەر چاوی ئەو بەرزی دەکاتەوە و بە زەویدا دەدات".

بەبڕوای د.ئیلهان، دەبێت ئەو ژنە بە زووترین کات چارەسەر بکرێ "ئەو ژنە زۆر بە توندی تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە، ئەگەر زوو نەبرێتە دەرەوە و هێور نەکرێتەوە، ڕەنگە خۆی بکوژێ".

### منداڵێک دەکاتە کوڕی خۆی

چیرۆکێکی دیکەی ئەو ژنە ڕفێندراوانە کە بەلای د.ئیلهانەوە زۆر سەرنجڕاکێشە، چیرۆکی کچێکی تەمەن 16 ساڵانی ئێزدییە کە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراوە.

د.ئیلهان کە خەڵکی باکووری کوردستانە و ولاتینامەی ئەڵمانیای هەیە، گوتی "چەکدارێکی داعش منداڵێک دەبینن و دەستگیری دەکەن، لەوکاتەش کچێکی تەمەن 16 ساڵان کە لە دەست چەکدارانی داعشدا بووە، هاوار دەکات و دەڵێت ئەوە منداڵی منە. ئەو کچ و منداڵە 13 مانگ بە یەکەوە دەبن، کچەکەیان بۆ هەر شوێنێک بردبێ، منداڵەکەشی لەگەڵ خۆی بردووە، ئەو کچە لەنێو داعش زیاتر لە 10 جار فرۆشرابوو، هەر جارێک بۆ شوێنێکیان بردبوو، بەڵام هەموو جارێک منداڵەکەی لەگەڵ خۆی بردبوو. تەنانەت چەند جارێک ویستبووی خۆی بکوژێ، لەبەر منداڵەکە پەشیمان بووبووەوە. ئێستا ئەو منداڵە، ئەو کچە بە دایکی خۆی دەزانێت و بەهیچ شێوەیەک لێی دوورناکەوێتەوە".

# نابینایەک هەڕەشەی خۆسووتاندن دەکات

**ڕاوچی حەسەن**
**ڕووداو- سلێمانی**

خاوەن پێداویستییەکی تایبەت کە نابینایە، بەهۆی وەرنەگیرانی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی هەڕەشە لە وەزیری پەروەردە دەکات و دەڵێت "ئەگەر لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەرنەگیرێم، خۆم دەسووتێنم".

دابان عەلی عەزیز، تەمەن 21 ساڵ، خەڵکی شاری سلێمانییە، چەند ساڵێکە بینایی لەدەستداوە، بەڵام دەڵێت خولیایەکی لە ڕاددەبەدەری بۆ مۆسیقا هەیە، بۆیە حەز دەکات لەبەشی مۆسیقای پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەربگیرێت و بەشێوەیەکی ئەکادیمی فێری مۆسیقا ببێ.

دابان بە (ڕووداو)ی گوت "بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگرە لەبەردەم حەز و ئارەزووەکانم، ڕێگە نادات لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بخوێنم".

دابان، دەتوانێت ئامێرە میوزیکەکانی (دەف، ئۆرگ و سان) بەباشی بژەنێت، لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنیش بەشداریی کردووە.

بەڵام ئیبراهیم بایز، بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە کە ئەو ڕێگر بووبێ لە وەرگرتنی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و گوتی "کاتێک دابان ویستوویەتی ناوی تۆمار بکات لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، خۆم فۆرمم بۆ وەرگرتووە و یارمەتیم داوە، لەبەر ئەوەی نابینا بووە".

ئیبراهیم بایز گوتیشی "دابان چەند جارێک لە ڕێگەی ئەکاونتی خۆیەوە سووکایەتی بە من کردووە، بەڵام من لەبەر ئەوەی خاوەن پێداویستی تایبەتە هیچم نەگوتووە. من هیچ پەیوەندییەکم بە وەرنەگرتنی دابانەوە نییە، چونکە لە سلێمانی لیژنەی ئیمتیحانات هەیە و ئەوان بڕیار دەدەن".



دابان دەیەوێت لە ڕێگەی ڕووداوەوە، دەنگی بگەیەنێتە د.پشتیوان سادق، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بزانێت بۆچی ناوی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی مۆسیقا نەگەڕاوەتەوە، چونکە وەک خۆی دەڵێت "من تاقیکردنەوەی پێشەکیم کردووە و زۆر باش بووم، داوا لە وەزیری پەروەردە دەکەم کە جارێکی دیکە چانسم پێبدات لە پەیمانگا بخوێنم، ئەگەرنا خۆم دەسووتێنم".

دەشڵێت "چەند ڕۆژێک دەرفەت دەدەم بە وەزیری پەروەردە و بەرپرسانی پەیوەندیدار بەو بابەتەوە، ئەگەر نەتوانم ئەمساڵ لەو پەیمانگەیە بخوێنم کە ئارەزووم لێیە و چەند ساڵێکە هەوڵی بۆ دەدەم، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەبەردەم پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ئاگر لەجەستەی خۆم بەردەدەم و خۆم دەسووتێنم".

ساڵانە لە بەشێک لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان، تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ ئارەزوومەندانی چەند بەشێک دەکرێت، تاوەکو فێرخواز بتوانێت لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی پێشەکی لەو بەشەی کە ئارەزووی دەکات وەربگیرێت.

بۆ ئەمساڵی خوێندنی 2015-2016 لە پەیمانگەکانی هونەرە جوانەکانی هەرێمی کوردستان 517 خوێندکار لەو خوێندکارانەی تاقیکردنەوەی پێشەکییان کردووە، وەرگیراون. لەو ژمارەیەش 75 خوێندکار لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە بەشی (شانۆ، شێوەکاری و موزیک) وەرگیراون. لەو بەشەشی کە دابان تاقیکرنەوەی تێدا کردووە 20 فێرخواز وەرگیراون.

دابان بە دەرفەتی زانیوە ئەمساڵ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان- سلێمانی تاقیکردنەوەی پێشەکی لە بەشی میوزیک بکات. ئەو دەڵێت "هەرچەندە لە تاقیکردنەوەکە زۆر باش بووم، بەڵام کەسێک ڕێگر بووە لەبەردەمم، بۆیە ناوم نەگەڕاوەتەوە".

دابان، باسی لەوەش کرد کە چەند جارێک هەوڵی داوە لە ڕێگەی پەیجی فەرمیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیەوە، قسە لەگەڵ یەکێک لەوانە بکات کە لە نزیکەوە ئاگاداری گەڕانەوەی ناوی ئەو فێرخوازانەیە کە تاقیکردنەوەی پێشەکییان کردووە، بەڵام دەڵێت "لەبری وەڵام سووکایەتیم پێکراوە و قسەی زۆر ناشرینیان بۆ ناردووم". لە نامەیەکدا کە وەکو بەڵگە دەست (ڕووداو) کەوتووە و گفتوگۆی نێوان دابان و یەکێک لە سەرپەرشتیارانی ئەو پەیمانگەیەیە، دابان دەپرسێ: من بۆ وەرنەگیراوم لە پەیمانگا و مافم پێشێل کراوە؟.

یەکێک لە سەرپەرشتیارانی پەیجی هونەرە جوانەکانی سلێمانی وەڵامی دەداتەوە و دەنووسێ: "هههههه من هەزار جار گوتم تۆ کوێری، جا کەسێک کە کوێر بێت سوودی چییە، بڕۆ کوێرە گیان خوا بتداتێ".

# ئاو و کارەبای خەڵکی مووسڵ لە دەست پێشمەرگەدایە

**فەرماندەیەکی پێشمەرگە: ئێمە ئاو و کارەبا دەدەینە خەڵکی مووسڵ کەچی ئەوان خیانەتمان لێ دەکەن**

**بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆک: لەبەر جۆری سیستەمەکەی ناتوانین سوود لە کارەبای بەنداوی مووسڵ وەربگرین**

**بەڕێوەبەری بەنداوی مووسڵ: بەشێکی بەنداوەکە مەترسی ڕووخانی لەسەرە**

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ئەو ئاو و کارەبایەی ماڵەکانی مووسڵ ڕووناک و ئاوەدان دەکاتەوە، لە بەنداوی مووسڵەوە دەچێت کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدایە. بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆکیش دەڵێت ناتوانن سوود لە کارەبای بەنداوی مووسڵ وەربگرن.

ماوەی ساڵێک و سێ مانگە، بە بەردەوامی 750 مێگاوات کارەبا و بڕێکی زۆری ئاو لە بەنداوی مووسڵەوە بۆ سەنتەری پارێزگای نەینەوا دەچێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەنداوەکە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەدایە و ئەوان بەرگری لێدەکەن.

بەنداوی مووسڵ کە گەورەترین بەنداوە لەسەر ئاستی عێراق و چوارەم گەورەترین بەنداوە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەساڵی 1980 دەست بە دروستکردنی کراوە و بە شەش ساڵ تەواو بووە.

موقەدەم جەمال، یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی زێرەڤانی، لە گوندی دێری سەر بە ناحیەی وانکێ لە نزیک بەنداوی مووسڵ بە (ڕووداو)ی گوت "زیاتر لە ساڵێکە بەرگری لە بەنداوی مووسڵ و چەند گوندێکی عەرەبی ئەم ناوچەیە دەکەین، کە زۆربەیان کەسوکاریان لە مووسڵە و ئێمە ئاو و کارەبایان دەدەینێ، کەچی ئەوان بەردەوام هاوکاریی داعش دەکەن".

ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە باسی هێرشەکانی ئەم دواییەی داعش بۆ سەر ناحیەی وانکێ دەکات و دەڵێت "ماوەیەک لەمەوبەر داعش بە هاوکاریی خەڵکی ئەو گوندانە شەش ڕۆژ لەسەر یەک هێرشی کردە سەر پێشمەرگە و بەو هۆیەشەوە شەش پێشمەرگە شەهید بوون". گوتیشی "ئەوان خیانەتیان لە ئێمە کرد و هیچ متمانەمان پێیان نییە".

بەنداوی مووسڵ بە دووریی 50 کیلۆمەتر لە باکووری شاری مووسڵ، لەسەر ڕووباری دیجلە دروستکراوە، جگە لە گلدانەوەی بڕە ئاوێکی زۆر و ئاودێرکردنی هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی، وێستگەیەکی کارۆئاویشی لەسەر دروستکراوە کە 750 مێگاوات کارەبا دەدات.

بەنداوەکە لەسەرەتای مانگی تەمموزی 2014 کەوتە دەست داعش، ئەوکات مەترسیی تەقاندنەوەی بەنداوەکە لەلایەن داعشەوە هەبوو، بەڵام دواتر لە 20ی تەمموز لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵ کرایەوە.

هەرچەندە بەنداوەکە 750 مێگاوات کارەبا دەدات، بەڵام هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەرناگرێ. ئەندازیار کەمال محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای دهۆک لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "سیستەمی کارەبای کوردستان جیاوازە لە سیستەمی کارەبای بەنداوی مووسڵ، کارەبای کوردستان لەسەر سیستەمی 132 کەی ڤی دانراوە، بەڵام کارەبای بەنداوی مووسڵ لەسەر سیستەمی 400 کەی ڤی دانراوە، بۆیە ناتوانین سوودی لێوەربگرین". گوتیشی "کارەبای بەنداوی مووسڵ نەک سوودی بۆ ئێمە نییە، بەڵکو بۆ ناوچەکانی نزیکی خۆیشی سوودی تەواوی نییە، تەنیا 20 مێگاوات کارەبا لە بەنداوی مووسڵ بۆ ڕەبیعە و سنوونێ و شنگال دەچێ، ئێمەش ڕۆژانە 20 مێگاوات کارەبای کوردستان دەدەینە ئەو ناوچانە".

### مەترسیی ڕووخانی لەسەرە

بەڕێوەبەری بەنداوی مووسڵ باسی ئەو مەترسیانە دەکات کە لەسەر بەنداوەکە هەیە و دەڵێت "لەو کاتەی بەنداوەکە لە ژێر دەسەڵاتی داعش بوو، زیانێکی گەورەی بەرکەوتووە، ئێستا بەشێک لە بەنداوەکە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە، ئەگەر نۆژەن نەکرێتەوە، مەترسی ڕووخانی لەسەرە".

ریاز عزەددین، بەڕێوەبەری بەنداوی مووسڵ بە (ڕووداو)ی گوت "بەردەوام ئەمریکییەکان سەردانی بەنداوەکە دەکەن، ئەوانیش دەزانن کە مەترسیی ڕووخانی لەسەرە، بەڵام ناتوانن پێشبینییەکانی خۆیان بۆ ڕووخانی بەنداوەکە بە ئاشکرا بە ئێمە بڵێن".

بەڕێوەبەری بەنداوەکە باسی لێکەوتە مەترسیدارەکانی ئەگەری ڕووخانی بەنداوەکە دەکات و دەڵێت "ئەگەر بەنداوەکە بڕووخێت، مەترسییەکی زۆر لەسەر شاری مووسڵ دروست دەبێت و ئەگەری خنکانی نیو ملیۆن کەس و ژێرئاوکەوتنی شارەکە هەیە".

ڕووداو

ژمارە (385) دووشەممە 2015/11/30



## قوباد تاڵەبانی: بە نەمانی گۆڕان، حکومەت ناڕوخێت

**ڕووداو- هەولێر**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت بە نەمانی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتدا، حکومەت ناڕوخێت. محەممەد عومەر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2015/11/29ی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت لەگەڵ گوتەبێژ و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتەکان کۆبووەتەوە و ڕایگەیاندووە "مانەوەی گۆڕان لە حکومەت یان نەمانەوەیان پرسێکی گەورەیە و کێشەیەکیشە هیوادارم زوو چارەسەر ببێت، بەڵام یەکێک نییە لەو کێشانەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێ بڕوخێ".

### سێ بژاردە دەخاتە بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان

# پارتی بەفەرمی داوای دەست لەکارکێشانەوەی یوسف محەممەد دەکات

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

پارتی بە فەرمی داوا دەکات د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەست لە کار بکێشێتەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتیش دەڵێت "ئەگەر گۆڕان ئەمە نەکات، دوو بژاردەی دیکەمان هەیە". گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێت "لەژێر لوولەی تفەنگ لەگەڵ پارتی دانانیشین و زەمینەی گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی نەماوە". ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش، گۆڕان بە "ئەسپێکی دۆڕاو" ناودەبات.

دوای خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لە 2015/10/9 کە پارتی بزووتنەوەی گۆڕان بە "داینەمۆ"ی خۆپیشاندانەکان دەزانێت، پارتی ڕۆژی 2015/10/12 لە بازگەی پردێ ڕێگەی بە د.یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نەدا بگەڕێتەوە شاری هەولێر. پارتی هەر بەوە نەوەستا و ئێستا داوا دەکات د.یوسف دەست لە کار بکێشێتەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی بۆ (ڕووداو)ی دوویات کردووە کە "پارتی داوای لە گۆڕان کردووە، د.یوسف محەممەد دەست لە کار بکێشێتەوە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی "یوسف محەممەد، دەبێ دەست لەکارکێشانەوەکەی بنووسێ و بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان بکرێ و تێیدا دەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی ڕابگەیێنێ".

ڕۆژی 2015/11/27 فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی ڕایگەیاند "کێشەکە یوسف محەممەد نییە، بەڵکو پارتی پێیوایە گۆڕان لە مەسەلەی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە ئەو پۆستە لە دەست گۆڕان وەردەگیرێتەوە".

### سێ بژاردەکەی پارتی

پارتی چەند ڕێگایەکی دیراسەت کردووە کە ئەگەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەست لەکار نەکێشێتەوە، چی بکرێ؟ ئەندامەکەی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت "پارتی بۆ چارەسەرکردنی دۆخی سیاسی و مەسەلەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سێ بژاردەیان خستووەتە بەردەم بزووتنەوەی گۆڕان: یەکەم، دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بن و دەستەیەکی نوێ بەبێ گۆڕان پێکدێ کە لە پارتی و یەکێتی و یەکگرتووی ئیسلامی دەبێ، بەڵام پارتی لەگەڵ مانەوەی گۆڕان لە حکومەتدا کێشەی نییە".

سەبارەت بە بژاردەی دووەمیش گوتی: "ئەگەر گۆڕان بژاردەی یەکەم قبووڵ نەکات، دەبێ ببێتە ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەر ئەویش قبووڵ نەکات ئەوا بژاردەی سێیەممان هەیە، ئیدی بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەختە دەڕۆین و لە ماوەی شەش مانگدا هەڵبژاردن دەکەین". گوتیشی "ئاماژەکان و ئەو کۆبوونەوانەی لەو ماوەیەدا کراون، پێدەچێ پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو، تەنانەت کۆمەڵی ئیسلامیش نەخشەیەکی نوێی سیاسی دابڕێژن".

### گۆڕان تەحەددا دەکات

بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان وا بە ئاسانی تەسلیمی بڕیارەکان و بژاردەکانی پارتی نابێت، بگرە هۆشداریی توند دەداتە پارتی.

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی فەرمی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "هەڵویستی گۆڕان یەک زەڕڕە نەگۆڕاوە و دۆخێکی نەخوازراو بە بڕیارێکی مەکتەبی سیاسی پارتی هاتووەتە کایەوە و دەبێ مەکتەبی سیاسی پارتی ئەوە ڕاست بکاتەوە".

شۆڕش حاجی دەڵێت "بەهیچ شێوەیەک د.یوسف محەممەد دەست لەکارناکێشێتەوە". گوتیشی کە "زەمینەی گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی نەماوە".

گوتەبێژەکەی گۆڕان هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا گوتی "مەرجی گەڕانەوەی ئێمە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی گەڕانەوەی د.یوسف محەممەدە بۆ پۆستەکەی، بە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ پارتی، مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، قەیرانی دارایی، شەراکەت، چاکسازی، خیتابی ئاسایشی نیشتیمانی، هەموو ئەمانە باس دەکەین".

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی ئاشکرای کرد کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ عومەر سەید عەلی، کەسی دووەمی نێو گۆڕان قسەی کردووە کە پارتی ئامادەیە گفتوگۆ بکات. بەڵام شۆڕش حاجی دەڵێت "گۆڕان ئامادە نییە لەژێر لوولەی تفەنگ و گوشار گفتوگۆ لەگەڵ پارتی بکات".

هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕانیش کە ئەندامی شاندی دانوستانکاری ئەو بزووتنەوەیە بووە لەگەڵ پارتی، دەڵێت "داواکەی پارتی قبووڵ ناکەین".

ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان داوا لە پارتی دەکات کە ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بهێڵێتەوە و چاکی نەکاتەوە، وەک خۆی دەڵێت "ئەوا پیرۆزی پارتی بێ". هۆشداریش دەدات "پارتی هەر ڕۆژێ زیادبێ، زەرەر دەکات و زەرەری ئەمڕۆ بۆ پارتی کەمترە لە زەرەری سبەینێ".

### یەکێتی: چاوەڕێی دوای سەری ساڵ بن

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەدوای پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لە 2014، هیچ جارێک هێندەی ئێستا پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان باش نەبووە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "دوای سەری ساڵ شتی نوێ ڕوودەدات و یەکێتی تاوەکو سەر چاوەڕێ ناکات و دوای گۆڕانیش ناکەوێ".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی باسی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات کە حیزبەکەی تاوەکو 2015/8/19 لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لەبەرامبەر پارتی کاریان کردووە بۆ دوورخستنەوەی مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێستا بە ئاشکرا دەڵێت "گۆڕان ئەسپێکی دۆڕاوە و یەکێتی خۆی ناکاتە ڕەهینەی گۆڕان". گوتیشی "گۆڕان ئێستا خوا خوایەتی یەکێتی ئاورێکی لێبداتەوە، بەڵام دەبێ یەکێتی و پارتی تەفاهوم بکەن، بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە بەڕێوەببەن".

هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە، لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دەڵێ "با پارتی دڵی بە گفتوگۆکانی لەگەڵ یەکێتی خۆش نەبێ، ئەنجامەکە شەرتە نەک دەستپێکردنەوەی دانوستاندن".

شۆڕش حاجیش لەو بارەیەوە دەڵێت "گورگمان دیوە و نەترساوین، لەوەتەی بزووتنەوەی گۆڕان دروستبووە، هیچ جارێ هێندەی ئێستا لە ڕووی جەماوەری و کاری سیاسییەوە، بەهێز نەبووە".



**شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان:**
**گۆڕان ئامادە نییە لەژێر لوولەی تفەنگ لەگەڵ پارتی دابنیشێت**

**ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**
**گۆڕان ئیدی ئەسپێکی دۆڕاوە**

# نێوەندگیری بۆ چارەسەری کێشەکانی یەکێتی دەستپێدەکاتەوە

### تاڵەبانی پێش نەخۆشکەوتنی: دوای کۆنگرە وازدێنم و یەکێتی تەسلیمی دەستێکی ئەمین دەکەین

**پشتیوان جەمال و نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەرگای چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش پرۆژەیەک ئامادە دەکەن. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش دەڵێت "ناکرێت یەکێتی نێوبژیوانی لەنێوان حیزبەکانی دیکە بکات و بۆ خۆشی کێشەی هەبێت".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەستی کەوتوون، ماوەی زیاتر لە مانگێکە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی دەستیان بەو هەوڵە کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش پێشتر هەریەک لە هێرۆ ئیبراهیم و مەلا بەختیاریان بینیوە کە هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتین.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "کاک مەلا بەختیار و هێرۆخان هەوڵەکەیان پێ باش بووە و پشتگیرییان کرد". هەروەها گوتیشی "هەوڵەکانی ئەو هەڤاڵانەمان سەرەتا بە سەردانی باڵە ناکۆکەکانی نێو یەکێتی دەستپێدەکات، ئەگەر کەشوهەواکەیان بە گونجاو زانی، دەکرێتە پرۆژە".

### تاڵەبانی: دوای کۆنگرە وازدێنم

جەلال تاڵەبانی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی کە ئێستا سکرتێری گشتی ئەو حیزبەیە. لە 2012/12/17 بەهۆی نەخۆشییەوە بەیەکجاریی لە سیاسەت دابڕا و حیزبەکەی کەوتە بەردەم چارەنووسێکی نادیارەوە، لەو کاتەوە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بۆخۆیشی بووەتە کارێکی پڕ زەحمەت.

عەدنان موفتی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ مام جەلال لە هەموو ساتە دژوارەکاندا دەیتوانی یەکلاکەرەوە بێت، پێش نەخۆشکەوتنی پێیگوتووە: دوای کۆنگرە واز لە بەرپرسیارێتی دەهێنم و یەکێتی تەسلیمی دەستێکی ئەمین دەکەم و یاداشتەکانم دەنووسمەوە، بەڵام دەڵێت "بەداخەوە نەخۆشییەکە نەیهێشت".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبەش باسی دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی دەکات کە هێشتا تاڵەبانی نەخۆش نەکەوتبوو "کە ئەو لە بەغدا بوو، ئێمە کۆبوونەوەمان دەکرد، لە کۆتاییدا بڕیارەکانمان دەنارد بۆ مام جەلال، ئەویش سەیری دەکرد و دەیگوت بڕیاری باشن و پشتگیری دەکەم. ئەوە پرۆڤەیەکی باشە بۆ یەکێتی دوای مام جەلال". فەرید ئەسەسەرد گوتیشی "ئەو کاریزما بوو، دەیتوانی بە خێرایی شتەکان یەکلایی بکاتەوە".

### نێوبژیوان لە کێشەدایە

ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی لە کاتێکدا دەست بە هەوڵی نێوەندگیری دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێو حیزبەکەی خۆیان، کە یەکێتی بووەتە نێوبژیوان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان.

سەرچاوەکەی (ڕووداو) بە سەرسوڕمانەوە گوتی "ناکرێت یەکێتی لەلایەک خەریکی نێوبژیوانی پارتەکانی باشووری کوردستان و تەنانەت هەندێجار چارەسەری کێشەی پارچەکانی دیکەش بکات و خۆیشی کێشەی هەبێت، بۆیە دەبێت هەوڵی چارەسەری بنەڕەتی ئەو کێشانە بدرێ".

هەوڵدانی ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانیان یەکەم هەوڵی لەو شێوەیە نییە، بەڵکو پێشتریش چەندین هەوڵی دیکە هەبوون، بەڵام وەک سەرچاوەکە گوتی "ڕەنگە هەندێک لەو هەوڵانەی پێشتریش سەرکەوتوو نەبووبن، ئەمەش هەوڵێکە دەستمان پێکردووە و ئومێدیشمان وایە بەرهەمی دەبێت".

### "هەنگاوی باش نراوە"

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی ئەو زانیارییانەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاستکردەوە و گوتی ڕاستە هەوڵێکی لەو جۆرە هەیە و دانیشتن لەگەڵ هەردوولادا کراوە، بەڵام نامانەوێت لەم کاتەدا ئاشکرای بکەین، بەڵکو گەشبینین بگەینە ئەنجامێکی باش بۆ ئەوەی کێشەکانمان چارەسەر بکەین "کێشەکان ئەوەندە گەورە نین تا بواری چارەسەریان نەبێت".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی، زانیاری زیاتری لەبارەی بینینی سەرکردەکان ئاشکرا کرد و گوتی "تائێستا هێرۆخان و کاک بەرهەم و کاک کۆسرەتمان بینیون و هەوڵەکەیان زۆر بەلاوە باش بووە و ئێستاش سەرقاڵی دۆزینەوەی ئالیەتێکین بۆ ئەو مەبەستە تا دواتر بیکەینە پرۆژەیەک".

ئێستا لە نێو یەکێتیدا باس لە دوو باڵی سەرەکی دەکرێ، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەک و کۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح، جێگرانی تاڵەبانی لەلایەکی دیکە.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتی "ئەو قسانە ئەسڵ و ئەساسیان نییە، بەڵکو کێشەکان زیاتر شەخسین و پەیوەندی بە لێکتێنەگەیشتنی هەردوولاوە هەیە". بەڵام هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە باڵی دەستڕۆشتوو نێودەبرێ.

جگە لە قەیرانەکانی ئێستای کوردستان کە خۆیان لە قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەراندا دەبیننەوە، بەردەوامیی گرژییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش وایان کردووە یەکێتییەکان بیر لە چارەسەری کێشەکانیان بکەنەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە بەهەمانشێوە ئاگاداری ئەو هەوڵەیە، بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە "مەبەستی سەرەکی ئەو هەوڵە ئەوەیە گۆڕانکاریی گرنگ لە گۆڕەپانی سیاسیدا ڕوو دەدەن و یەکێتیش تێیاندا ڕۆڵی گرنگ دەبینێ، بۆیە دەبێت چارەسەر بۆ کێشەکانی خۆمان بدۆزینەوە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ ئەویش لەگەڵ سەرکردەکانی یەکێتی دانیشتووە و ئاگاداری هەوڵەکانیانە "هەوڵەکەیان کارێکی دڵسۆزانەیە و پێشبینیش دەکەین بگەنە ئەنجامێکی باش". دەربارەی وردەکارییەکانی ئەو هەوڵەش گوتی کە هەوڵ دەدرێت کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بکرێت و پاشان کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە بکەن " بەڵام ڕوونە کێشەکان لەسەر دەسەڵاتە".

جەعفەر شێخ مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش ئاگاداری ئەو هەوڵەیە. ئەو لەوبارەوە بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند "هەوڵ هەیە و منیش هەوڵ دەدەم و هاوکاریی ئەو هەوڵانە دەکەم بۆ چارەسەری کێشەکانمان". سەبارەت بە گەورەیی کێشەکانیان، شێخ جەعفەر گوتی "ئەگەر بەرژەوەندییەکان بهێڵن کێشەکانمان گەورە نین و ئەمڕۆ بێت یاخود سبەی هەر دەبێت چارەسەر بکرێن".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## وەزیرێک بە 7 ساڵ زیندانی سزا دەدرێت



**رووداو- بەغدا**

دادگای کەربەلا سزای حەوت ساڵ زیندانی بەسەر عەبدولفەلاح ئەلسودانی، وەزیری پێشووتری بازرگانی عێراقدا سەپاندووە. عادل نووری، ئەندامی لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند، لە رۆژانی رابردوودا دادگای شاری کەربەلا تەنیا لەسەر یەکێک لە دۆسیەکانی گەندەڵی کە تایبەتە بە هاوردەکردنی چای ماوە بەسەرچوو، سزای حەوت ساڵ زیندانی بەسەر عەبدولفەلاح ئەلسودانی، وەزیری پێشووتری بازرگانی عێراقدا سەپاندووە، بەڵام ناوبراو هێشتا دۆسیەی دیکەی گەندەڵی لەسەر ماوە.

رووداو
راپۆرت
ژمارە (385) دووشەممە 2015/11/30

**د.ئاسۆ جەنگی تاڵەبانی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووسیا بۆ (رووداو):**

# تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و رووسیا چەند دەیەیەک دەخایەنێت

د.ئاسۆ جەنگی تاڵەبانی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووسیا پێشبینی دەکات ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و رووسیا چەند دەیەیەکی دیکە درێژە بکێشێ، چونکە رووسەکان خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەیان، بە شکاندنی شکۆی وڵاتەکەیان دەزانن، د.ئاسۆ کە برازای جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتییە، دەڵێت لە تێکچوونی ئەو پەیوەندییانەدا تورکیا بە پلەی یەکەم لەڕووی ئابوورییەوە زەرەرمەند دەبێ، چونکە ساڵی رابردوو ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیان نزیکەی 32 ملیار دۆلار بووە. هەفتەی رابردوو بەهۆی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی سوخۆی لەجۆری سو 24ی رووسی لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە، گرژی و ئاڵۆزییەکی توند کەوتە نێوان ئەو دوو وڵاتە و لە رۆژانی رابردووشدا بە بڕیاری فلادیمێر پوتین سەرۆکی رووسیا چەند هەنگاوێک لە دژی تورکیا وەکوو سزا گیرانەبەر.

د.ئاسۆ کە لە رێگەی تەلەفۆنەوە وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو)ی دایەوە، بە دووری زانی فلادیمێر پوتین، سەرۆکی رووسیای فیدراڵ، ئامادە بێت رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا ببینێت.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو - سلێمانی



**رووداو: پێشبینی دەکەیت ئاڵۆزییەکانی نێوان تورکیا و رووسیا درێژە بکێشن؟**

**د.ئاسۆ تاڵەبانی:** بە بڕوای من گرژبوونی ئەو پەیوەندییانە بۆ چەند دەیەیەک بەردەوام دەبێت، بەتایبەتیش رووسیا چەند بڕیارێکی لە دژی تورکیا دەرکرد و هەندێکیان لە سەرەتای ساڵی داهاتووەوە دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، لەوانە نەدانی ڤیزا بۆ هاتوچۆی هاووڵاتیانی هەردوولا.

**رووداو: ئەو پێشبینییەتان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**د.ئاسۆ تاڵەبانی:** یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو پێشبینییە مێژووی رووسیایە لە کاتی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لەگەڵ هەر وڵاتێکدا کە چەندین ساڵ درێژەی کێشاوە، پاشان ئەو رووداوە بۆ رووسیا کەم نییە، چونکە خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکیان واتە شکاندنی شکۆی وڵاتەکەیان. لەبەرئەوەی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە هیچ وڵاتێک کارێکی لەو شێوەیەی بەرامبەر رووسیا نەکردووە، بەڵام هێوربوونەوەی رووسیا بەرامبەر تورکیا تەنیا لە حاڵەتێکدا دەبێت کە تورکیا لە ئاستێکی بەرزدا داوای لێبووردن لە رووسیا بکات، ئەوەش هەتا ئێستا دیار نییە.

**رووداو: تورکیا داوای کردووە ئەم هەفتەیە ئەردۆغان و پوتین یەکتر ببینن، پێتوایە ئەو دیدارە سەربگرێ؟**

**د.ئاسۆ تاڵەبانی:** لەو بڕوایەدا نیم پوتین ئامادەیی تێدا بێت بۆ پێشوازیکردن لە ئەردۆغان. لە کاتێکدا ئەردۆغان هەوڵیداوە لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیشەوە قسە لەگەڵ پوتین بکات، بەڵام پوتین ئەوەشی رەتکردووەتەوە.

**رووداو: ئەو کاردانەوە توندەی رووسیا تەنیا بەهۆی خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکە، یاخود پێتوایە هۆکاری دیکەش هەبوون کە بەهۆی ئەم رووداوەوە سەرئاو کەوتنەوە؟**

**د.ئاسۆ تاڵەبانی:** بێگومان هۆکاری دیکەش زۆرن، گرنگترینیان پشتگیریکردنی تورکیایە لە تیرۆریستانی داعش، بەڵام کاردانەوەی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکە زۆر لەوە گەورەتریش دەبێت کە چاوەڕوان دەکرێت، بە تایبەتی لە بوارەکانی دیبلۆماسی و ئابووری. جگە لەوەش لە رۆژانی رابردوودا بەرپرسانی تورکیا گوتیان ئەگەر جارێکی دیکە فڕۆکەی رووسی بێتە ئاسمانی تورکیا دەیخەینە خوارەوە، ئەوەش لێدوانێکی خراپ بوو، چونکە دوور نییە رووسیا بگاتە ئەو رادەیەی لە دژی تورکیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ئاستی نێودەوڵەتی و سەربازیش پشتگیری کوردی رۆژئاوا و پەکەکە بکات.

**رووداو: لەڕووی ئابوورییەوە تورکیا تا چ رادەیەک زەرەرمەند دەبێ؟**

**د.ئاسۆ تاڵەبانی:** بێگومان لەڕووی ئابوورییەوە زەرەرمەندی یەکەم تورکیایە، چونکە تەنیا ساڵی رابردوو ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان ئەو دوو وڵاتە نزیکەی 32 ملیار دۆلار بووە. تورکیا بەرژەوەندیی ئێجگار گەورەی لە رووسیادا هەیە و لەزۆر شوێنی رووسیا کۆمپانیاکانی تورکیا کار دەکەن. زۆربەی کاڵای تورکیا هەناردەی رووسیا دەکرێ، رووسیاش ئەوەی دەینێرێت بۆ تورکیا تەنیا غازی سروشتی و نەوت و گەنم و جۆیە.

**رووداو: هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە جێگرەوەی رووسیا بۆ تورکیا لە بواری غازی سروشتی؟**

**د.ئاسۆ تاڵەبانی:** بەدووری دەزانم، لەبەرئەوەی ئاشکرایە هەناردەکردنی غازی سروشتی وەکو نەوت نییە و غاز پێویستی بە هەناردەکردنی بەردەوامە، جگە لەوەش هەناردەی غاز پێویستی بە سەقامگیریی سیاسی لەناوچەکەدا هەیە.

**رووداو: کەواتە بۆ دابینکردنی غازی سروشتی بۆ تورکیا، لەمەودوا کێ دەبێتە جێگرەوەی رووسیا؟**

**د.ئاسۆ تاڵەبانی:** رەنگە رووسیا لەبواری غازدا پێداچوونەوەیەک بە هەڵوێستەکانیدا بکات، بەڵام ئەوەندەی زانیاریم هەیە تورکیا جگە لە رووسیا لە وڵاتانی ئێران و ئازەربایجانیش غازی سروشتی دەکڕێت.

**رووداو: هەرێمی کوردستان چۆن بتوانێت سوود لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا و رووسیا ببینێ؟**

**د.ئاسۆ تاڵەبانی:** پێش هەموو شتێک یەکهەڵوێستی و یەک گوتاری لە باشووری کوردستان و لەهەمانکاتیشدا گرنگە لە هەڵوێستی نەتەوەییدا پرس بە برایانی کورد لە پارچەکانی دیکەش بکرێت، بۆ ئەوەی لە حاڵەتێکدا کە باشووری کوردستان هەڵوێستێک بەرامبەر وڵاتانی دیکە دەنوێنێ، زیانی بۆ پارچەکانی دیکە نەبێت، لەو کاتەشدا ئەو وڵاتانەی دیکەش گرنگی زیاتر بە هەڵوێستەکە دەدەن و سوودی بۆ کوردستانیش زیاتر دەبێت، چونکە رووسیا لە بەرامبەر نواندنی هەر هەڵوێستێکی بەرامبەر هەرێمی کوردستان رەچاوی ئەوە دەکات کە ئەو هەڵوێستە زیانی بۆ پارچەکانی دیکەش نەبێت، بەڵام بەداخەوە یەک هەڵوێستی لەنێوان پارتەکانی باشووردا بۆ لێدانی تیرۆریستانی داعشیش نابینم لەلایەن رووسیاوە کە دەبووایە بەوپەڕی رێزەوە تەماشایان بکردایە.

**رووداو: دوای ئەو رووداوە، بۆردومانی پێگەکانی داعش لەلایەن رووسیاوە بەردەوام دەبێت؟**

**د.ئاسۆ تاڵەبانی:** ئامانجی سەرەکی رووسیا بۆ لێدانی داعش لەناوبردنە، دواتریش پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و سووریا. بەڵێ خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی رووسیا هیچ کاریگەرییەکی بۆ شەڕی رووسیا لە دژی داعش نابێت.

> رووسیا پێیوایە بە خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی، شکۆی شکاوە

> غازی کوردستان نابێتە جێگرەوەی غازی رووسیا بۆ تورکیا

> مەحاڵە پوتین، ئەردۆغان ببینێ

**کۆمەڵ رێگرە لە رێککەوتنی پارتی و یەکگرتوو**

# پارتی ئامادەیە لە هەولێر 15 پۆست بداتە یەکگرتوو

**پارتی: لەگەڵ یەکگرتوو لێکدی دەگەین**

**کۆمەڵ: پارتی نیازی پێدانی پۆستی نییە**

**یەکگرتوو: دەرگاکان دانەخراون**

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک و دوو مانگ بەسەر دەستپێکردنی دانوستاندنی نێوان پارتی و فراکسیۆنی خزمەت بۆ پێکهێنانی حکومەتی ناوخۆیی پارێزگای هەولێر، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو دوو لایەنە نەگەیشتوونەتە رێککەوتن.

فراکسیۆنی خزمەت کە لیستی هاوبەشی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامییە لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و خاوەنی 3 کورسییە، بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی لۆکاڵیی پارێزگای هەولێر سێ کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی دانوستاندنکاری پارتی کردووە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) بە شێوەیەکی مەبدەئی هەردوولا لەسەر پێدانی پۆستی چوار بەڕێوەبەری ناحیە، دوو بەڕێوەبەری گشتی و قایمقامێک لە سنووری ئیدارەی پارێزگای هەولێر رێکەوتوون، بەڵام بەهۆی کێشە و قەیرانە ئابووری و سیاسی و ئیدارییەکانی ئەم دواییە، پارتی و لیستی خزمەت نەگەیشتنە رێککەوتنی کۆتایی.


### کۆمەڵ: پارتی نیازی پێدانی پۆستی نییە

عەباس محەممەد، سەرۆکی فراکسیۆنی خزمەت لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و ئەندامی شاندی دانوستانکاری کۆمەڵ بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە لەگەڵ برایانی پارتی بەشێوەی مەبدەئی رێککەوتین کە دوای 24 کاژێر وەڵامی داواکارییەکانمان بدەنەوە، کەچی ئەو 24 کاژێرە بووە چەند مانگێک".

عەباس محەممەد گوتی: "پارتی نیازی دابەشکردنی پۆستەکان و بەشدارکردنی لایەنەکانی دیکەی لە حکومەتی هەولێر نەبوو، ئەو دانوستاندنانەی کە کردمان زیاتر قسەی سەر مێز بوو، نەک گفتوگۆی جدی، سەرهەڵدانی قەیرانەکانی مووچەو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان، دابەشکردنی پۆستەکانی هەولێری هەڵپەسارد".

### پارتی 15 پۆست دەداتە یەکگرتوو

دوای رێککەوتنی پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی لە حکومەتی لۆکاڵی پارێزگای دهۆک و وەرگرتنی 25 پۆست لە سنووری ئەو پارێزگایە، ئەو دوو حیزبەی لە یەکتری نزیک کردەوە. بەپێی زانیارییەکانی رووداو پارتی ئامادەیی دەربڕیوە لە سنووری پارێزگای هەولێریش نزیکەی 15 پۆست بە یەکگرتوو بدات، بەڵام بوونی فراکسیۆنی هاوبەشی کۆمەڵ و یەکگرتوو لە سلێمانی و هەولێر رێگرە لەوەی پارتی و یەکگرتوو هاوشێوەی دهۆک لە هەولێر رێکبکەون، چونکە پارتی ئامادە نییە کۆمەڵی ئیسلامی بەشداریی پێبکات.



### یەکگرتوو: دەرگاکان دانەخراون

غازی عەلی، ئەندامی فراکسیۆنی خزمەت لە یەکگرتووی ئیسلامی بە (رووداو)ی راگەیاند: "دانوستاندنەکان لەگەڵ پارتی کۆتایی پێنەهاتووە و دەرگاکانیش دانەخراون، بەڵکو بەهۆی قەیرانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ئەو بابەتە دواخراوە، پێکهێنانی حکومەتی لۆکاڵی هەولێریش زۆری کێشا، ئەوە نزیکەی ساڵ و نیوێکە، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کراوە کەچی حکومەتی بنکەفراوان لە حکومەتە خۆجێییەکان رەنگی نەداوەتەوە".

سەبارەت بە خراپی پەیوەندی پارتی و کۆمەڵ لەسەر دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، رێگرە لەوەی پارتی و یەکگرتوو بگەنە رێککەوتنێکی هاوشێوەی دهۆک، غازی عەلی کە هاوکات ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری فراکسیۆنی خزمەتیشە گوتی "هیچ شتێکی لەم بابەتە لە ئارادا نییە، دروستکردنی لیستی خزمەتیش بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی هەردوولا بووە، من وەکو ئەندامی هەڵبژێردراوی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە راگەیاندنەکانەوە زانیم کە کۆمەڵ و یەکگرتوو فراکسیۆنی هاوبەشیان لە سلێمانی و هەولێر دروستکردووە".

عەباس محەممەد، سەرۆکی فراکسیۆنی خزمەت کە هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ بووە و خاوەنی دوو کورسین لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر قسەکەی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو پشتڕاستدەکاتەوە و دەڵێ "منیش وەکو کاک غازی عەلی لە تەلەفزیۆنەوە زانیم، بەبڕوای منیش دروستکردنی ئەو لیستە لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و سلێمانی پێویست نەبوو".

سەبارەت بە بوونی کۆمەڵی ئیسلامی لە نێو لیستی خزمەت رێگری لە رێککەوتنی بە جیای پارتی و یەکگرتوو گرتووە، عەباس محەممەد گوتی: "ئەمە پاساو هێناوەیە، چونکە پارتی هەر لە سەرەتاوە دابەشکردنی پۆستەکان بە بابەتە سیاسییەکان بەستەوە، ئەگەرنا بۆ لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان رێکناکەوێت؟ پارتی لەگەڵ گۆڕان لەسەر چەندین پۆست رێککەوتن، کەچی تەنیا دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتییان پێدان، پاشان ئەویشیان لێ وەرگرتنەوە، ئەی بۆچی سەرجەم پۆستەکانیان بە یەک پاکێج پێنەدان".

سەرۆکی لیستی خزمەت ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەوان لەگەڵ یەکگرتوو بە هاوبەشی دانوستاندنیان لەگەڵ پارتی دەستپێکردووە هەر بەم شێوەیەش دەڕۆن و دەڵێ: "پارتی لە بادینان بە سێ کورسی 24 پۆستی بە برایانی یەکگرتوو داوە، لە کاتێکدا ئێمە لە هەولێر لەگەڵ یەکگرتوو بە هەمان شێوە 3 کورسیمان هەیە ئەی بۆچی وەڵامی ئەو حەوت پۆستەیان نەداینەوە".

### پارتی: لەگەڵ یەکگرتوو لێک تێدەگەین

کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەگەر کۆمەڵ و یەکگرتوو بە جیابوونایە گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن ئاسانتر بوو، بەڵام ئەوان یەک فراکسیۆن و بە یەک تیمیش دانوستاندن دەکەن، بۆیە زەحمەتە ئەوەی لە دهۆک لەگەڵ برادەرانی یەکگرتوو لە سەری رێککەوتین، لە هەولێریش دووبارەی بکەینەوە، چونکە ئێمە نەمانشاردووەتەوە لەگەڵ یەکگرتوو زیاتر لێکتدەگەین، ئەوان بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن و رەچاوی زۆر شتیان کردووە".

سەبارەت بە قەیرانەکان و کاریگەریان لەسەر دانوستاندنەکان. کەنعان خەیلانی گوتی "بارودۆخی سیاسی و قەیرانەکان کاریگەریان لەسەر وەستانی دانوستاندنەکان هەیە، لەگەڵ گۆڕان رێککەوتنی بەشداری حکومەتی خۆجێیمان هەڵوەشاندووەتەوە، لەگەڵ یەکێتیش تەنیا بیروڕا ئاڵۆگۆڕ کراوە. لەگەڵ لیستی خزمەت تا رادەیەک چووینە پێش، بەڵام دیسان بارودۆخە سیاسییەکە پرۆسەکەی وەساند".

عەبدولڕەحمان میرانی، دامەزرێنەر و سەرۆکی سەنتەریKNCIS لە لەندەن بۆ (رووداو):

# بە بڕێک پارە هەستیارترین زانیاری داوودەزگاکانی کوردستان دەکڕدرێ

عەبدولڕەحمان میرانی، ناوێکی دیارە لە بواری تەکنۆلۆژیادا، میرانی لەدوای ساڵی 1991 چووەتە سوێد و لە ساڵی 2001ەوە لە بەریتانیا نیشتەجێیە. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری "Cyber Security" لە زانکۆی نوتینگهام ترێنت لە بەریتانیا. بڕوانامەی ماستەریشی بە پلەی شەرەف لە ئاسایشی تەکنۆلۆژیای زانیاری IT Security لە زانکۆی وێستمینستەر لە لەندەن بەدەستهێناوە. ئەزموونی زیاتر لە 15 ساڵی لە بەڕێوەبەرایەتی و راوێژکاریی ئاسایشی تەکنۆلۆژیای زانیاری و تۆڕی ئینتەرنێتدا هەیە. هەروەها دامەزرێنەر و سەرۆکی سەنتەری میللی کوردە بۆ لێکۆڵینەوە و ئاسایشی تەکنۆلۆژیای زانیاری KNCIS لە لەندەن کە لە ساڵی 2007 دامەزراوە.
میرانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی جیهانێکی دیکەی جەنگ و بەرگری دەکات کە ئەویش جیهانی هێرشە ئەلیکترۆنییەکان و پاراستنی داتا و زانیارییەکانە لە جیهانی تەکنۆلۆژیادا، هەروەها مەترسییەکانی داعش و نەیارانی کوردستان لەسەر حکومەتی هەرێمی کورستان لە رێگەی هێرشی ئەلیکترۆنییەوە.

هەڤپەیڤین: رێباز ئەحمەد
رووداو – لەندەن



ئەمڕۆ هەستیارترین پرسی جیهان پاراستنی زانیارییە

لە هەر خولەکێکدا 1.8 ملیۆن هێرشی ئەلیکترۆنی دەکرێت

ماڵپەڕ و سێرڤەرەکانی حکومەت زۆر بە ئاسانی هاک دەکرێن

**رووداو: ئەمڕۆ لە جیهاندا جەنگێکی جیاوازتر لە باروت و تفەنگ بۆ بەرگریکردن لە خاک و وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی دەکرێ کە ئەویش جەنگی ئەلیکترۆنییە، دەکرێت ئەم جۆرە جەنگە فەرامۆش بکرێ؟**

**عەبدولڕەحمان میرانی:** نەخێر هەرگیز نابێت فەرامۆش بکرێت، ئەمڕۆ شەڕ شەڕی زانیارییە، کێبڕکێی زانیارییە. ئەگەر تۆ لە من زیاتر بزانیت کەواتە لە من بەهێزتریت، بەو مەرجەی کە بزانی ئەو زانیاریانە چۆن دەپارێزی و کەی و لە کوێ بەکاری دێنی. بۆ نموونە جەنگی ئێستای وڵاتە زلهێزەکان تەنیا بریتی نییە لە جەنگی باروت و چەک، بەڵکو جەنگی قۆستنەوەی هەواڵ و شەڕی زانینە دەربارەی جموجۆڵ و پلان و زانیارییە نهێنییەکان لە تەکنۆلۆژیا و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکاندا. بۆیە ساڵانە ئەو وڵاتانە بودجەیەکی زۆر بۆ پاراستنی زانیارییەکانیان تەرخان دەکەن.

بەردەوام و هەمیشە شەڕی زانیاری هەر هەیە. لەڕوانگەی ئەم پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەی کە لە جیهاندا هەیە، ئەمڕۆ هەستیارترین و گرنگترین پرس، چۆنێتی پاراستنی زانیارییە، وەک زانیاریی تاکە کەس و خێزان، زانیاری تایبەتمەندیی هەردوولا، پاشان زانیاریی پەیوەندی وەک تاک بۆ تاک، تاک بۆ کۆمەڵگا، تاک بۆ دەوڵەت.

هەر تاکێکی کورد لەم جیهانەدا، وەک چۆن نەخشەی ماڵ دەکێشێت و پەرژین و دیوار و پەنجەرە و کەلوپەلی بۆ دابین دەکات، ئەوها زانیاری خۆی و ماڵ و منداڵی لەنێو کۆمپیوتەر و ئامێرە داتا هەڵگرەکان و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێ بپارێزێت. بە بۆچوونی من ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئەو هۆشیارییە نییە، یان دەتوانم بڵێم کە زۆر کزە، تەنانەت لە هەندێ داوودەزگاکانی حکومەتیشدا نەپارێزراوە و رێوشوێنی بۆ دانەنراوە و نەخشەیەکی ستراتیجی نییە بۆ پاراستنی ئەو زانیارییە بەنرخانە لە بارودۆخی سروشتی یان هێرشی فیزیایی یان سووتاندن یان لە دەستتێوەردانی خاوەن دەزگا و ستافەکانی. دوژمن دەتوانێت بە بڕێک پارە هەستیارترین زانیاری داوودەزگاکانی کوردستان بکڕێت.

**رووداو: لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە باس لە هاککردن دەکرێت، راستەوخۆ بیری خەڵکی بۆ بەکارهێنانی خراپ دەچێت، ئایا چ جۆرە رێگایەکی تەکنیکی هەیە کە وەک هاک بەکاربهێنرێت بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە هێرشی ئەلیکترۆنی؟**

لە کوردستان سیستمی پاراستنی زانیاری زۆر لاوازە

لە کوردستان هۆشیاری پاراستنی زانیاری نییە

**عەبدولڕەحمان میرانی:** ئێمە لە ئاسایشی تۆڕی ئینتەرنێتدا میتۆدێکمان هەیە کە پێی دەڵێن تاقیکاریی دزەکردن "Penetration Testing" واتە پشکنینی پێشێلکاری کە بە شێوەیەکی فەرمی و یاسایی کۆمپانیای پرۆفیشناڵی IT بۆ تۆڕی هەر داوودەزگایەکی حکومی و ناحکومی ئەنجامی دەدات، ئەویش بۆ زانینی لاوازی و کەلێن و کون و کەلەبەری ئەو تۆڕەیە، دواتر راپۆرتێکی تەکنیکی "Technical Report" پێشکەش دەکات. بەڵام "Hacking" وشەیەکی نایاسایی و ناڕەوشتییە، دژ بە تایبەتمەندیی پاراستنی تاک و کۆمپانیا و دەزگا. ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا پسپۆڕانی یاسا وشەیەکی دیکەیان دۆزییەوە بۆ بە یاساییکردن و خستنە چوارچێوەی پشکنینی زانستییەوە، پاشان بۆ پاساوکردنی هێرشکردن و دزینی زانیاری دوژمن ناویان نا "Ethical Hacking".

یەکێک لە دیاردە خراپەکانی ئەم کارە کە بە نایاسایی بەکاردێت لە جیهاندا، ئەوەیە کە هەموو خولەکێک 1.8 ملیۆن جار هێرش دەکرێتە سەر (Address Resolution Protocol) بۆ دزینی زانیاریی تایبەت. هەروەها چەندین جۆر ئامێر و ئامانجی هێرشکردنمان هەیە لەم بوارەدا کە بریتین لە (MITM، DNS Cash Poisoning، Spoofing، Hijacking) یەکێک لە بەهێزترین هێرش کە شانبەشانی دزینی زانیاری هەستیار و تایبەت بە تاک و دەزگا و حکومەت دەکرێت، هێرشی "Denial of Service" ە کە بە هێرشی DOS یان DDOS ناسراوە. بەپێی دوایین راپۆرت ئاشکرا کراوە کە ئەو جۆرە هێرشە رۆژانە زیانی یەک ملیۆن دۆلار لە 12%ی خاوەن کۆمپانیاکانی جیهان دەدات.

ئەمە جگە لەو هێرشانەی کە دژی نەیارانی هەر وڵاتێکی زلهێز دەکرێت. بۆ نموونە ڤایرۆسی "STUXNET" لە ساڵی 2010 کە پرۆژەیەکی هاوبەشی (National Security Agency)ی ئەمریکی و مۆسادی ئیسرائیلی بوو، توانییان بەم ڤایروسە بۆ ماوەی دوو ساڵ زیانێکی زۆر لە پرۆژە ئەتۆمییەکەی ئێران بدەن و دوایبخەن، بەڵام بەکارهێنانی هاک وەک ئێستا لە نێوان پارتە سیاسییەکان و هێزەکان لەجیهاندا باوە، زۆر جیاوازە لەوەی کە لە کوردستاندا هەیە. لە کوردستان نەک زۆر لە قۆناغە سەرەتاییەکاندایە، بەڵکو هێشتا هیچ لەو حیزبانەی کوردستان و حکومەتی کوردستانیش سیستەمێکی Cyber Security Unit یان نییە کە دژ بە هاکینگ بەشێوەیەکی زانستی رووبەڕوو ببنەوە.

**رووداو: ئێستا لە کوردستاندا ئەوانەی لە بواری بەرنامەداڕێژی و بنکەی زانیارییەکان و نیتوۆرکینگدا لە کۆمپانیای تەکنۆلۆژی و تەلەفۆنی و ئینتەرنێتیدا کاردەکەن، کەسانی بیانین، ئایا ئەم دیاردەیە مەترسیدار نییە؟ ئایا چ کاریگەرییەکی هەیە؟**

**عەبدولڕەحمان میرانی:** بێگومان ئەمە یەکێکە لە مەترسیدارترین ئەو دیاردانەی کە لە کوردستاندا هەیە دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و ژێرخانی داوودەزگاکانی حکومەت.. ئەگەرچی لە وڵاتانی وەک ئیمارات، کوێت، سعودیە، قەتەر، بەحرەین لەبەر پێشکەوتنی ژێرخانی کۆمەڵگا و قەرزکردنی توانا و لێهاتوویی دەرەوەی وڵات، زۆر ئاساییە کەسانی بیانی لە داوودەزگاکانیاندا کار بکەن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەمە نییە، ئەویش بەهۆی نەبوونی پۆلیسی بە سیستەمکراو و سەربەخۆ، نەبوونی پلانێک کە پراکتیکاڵ بێت بۆ هەموو چین و توێژ و داوودەزگاکانی حکومەت کە بەجۆرێک پشتگیری بکات لە توانا و لێهاتوویی رۆڵەی میللەت، تاوەکو ئەو بیروبۆچوونە لاواز بکرێت کە لێهاتوویی و زیرەکی تەنیا لە کەسانی بیانی و تورک و عەرەب و فارس و هندی و بەنگالیدا هەیە. لێرەوە دەبێت ئەو راستییە بخەمە روو:

داعش لە رێگەی هاککردنەوە 200 تێرابایت زانیاری لە ئەمریکا دزیوە

رێکخراوەکەمان راپۆرتی لەلایە کە وڵاتانی زلهێز و دراوسێ، دەستیان بە شوێنی زۆر هەستیاری هەندێک لە داوودەزگاکانی حکومەت و پارتە سیاسییەکان گەیشتووە. من پێموایە نەبوونی سەکۆی پاراستنی نیشتمانی "National Security Framework" لەلایەن پارتەکانی کوردستان و نەبوونی زەمینەیەکی هاوبەش لەسەر بنەمای توانا و خۆشەویستی بەرامبەر بە میللەت و ئاڵای

لە کوردستان هیچ سیستمێکی رووبەڕووبوونەوەی هاکینگ نییە

وڵاتانی زلهێز و دراوسێ دەستیان بە شوێنی زۆر هەستیاری حکومەت و حیزبەکانی کوردستان گەیشتووە

وڵات، وایکردووە کە پارتەکان بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ رێ بە دەستتێوەردانی بیانی بدەن لە بابەتە هەستیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام نابێ ئەوەشمان بیربچێت کە هێنانی پسپۆڕ لە بواری زانستی و توێژینەوە لە پاراستنی زانیاریدا هیچ نامۆ نییە، بەڵام بەو مەرجەی سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی کورد بپارێزێت کە ئەمەش زۆر دەگمەنە.

**رووداو: تۆ وەک سەرۆک و دامەزرێنەری سەنتەری پاراستنی زانیارییەکان KNCIS، ئایا حکومەتی کوردستان داوای لێ نەکردووی هەماهەنگیی بکەن بۆ دروستکردنی لەشکرێکی Cyber Security و پێشمەرگەی ئەلیکترۆنی؟ ئایا چ پرۆژەیەکتان هەیە بۆ پاراستنی ئاسایشی کوردستان؟**

**عەبدولڕەحمەن میرانی:** دروستکردنی لەشکرێکی Cyber Security Unit پرۆژەیەکی زۆر گرنگ و هەستیار و کاریگەرە بۆ حکومەت بە تایبەتی لەم بارودۆخەدا، لە راستیدا ئەو پرۆژەیەمان ئامادەیە بۆ خستنەگەڕ، هەرچەندە لە کوردستان جگە لە وەزارەتی ناوخۆ و دوو دەزگای دیکە، کارێکی وا پێشکەوتوو نەکراوە، یان رەنگە هەیانبێت، بەڵام ئاشکراو و چالاک نەبێت بۆ ئەم کارە. ئێمە کە دەستمان کرد بە دامەزراندنی KNCIS سەنتەری میللی کورد بۆ پاراستنی زانیاری لە لەندەن، بیرمان لە چەند پرۆژەیەکی هەستیار کردەوە کە بە درێژایی 23 ساڵ لە هەندەران خەمی دروستکردنی ئەو قەڵا سەربەخۆیەمان هەبووە، کە بەشێوەی خۆماڵی کەسانی خەمخۆری کورد و سەرڕاست دروستی بکەن، بە پشتبەستن بە دوو بنەمای گرنگی "لێهاتوویی" و "دڵسۆزی"، بەڵام بەداخەوە ئەم دوو بنەمایەش بوونی نییە لە زۆربەی کادیرەکاندا. ئێمە چەند پرۆژەیەکمان ئامادەیە و پلانمان هەیە بۆ دامەزراندنی ژێرخانی تەکنەلۆژیای زانیاری "IT Foundation" و بە ئەلیکترۆنیکردنی حکومەت "E-Gov" لە هەموو ئاستەکانی کارکردن و دروستکرنی تۆڕێکی ئابووری و پەیوەندی "Business Transaction" کە بە جۆرێک هەموو جۆرە مامەڵەیەکی تێدابێت و زۆر بە ئاسانی هاووڵاتیان بتوانن مامەڵەکانی رۆژانەیان بکەن، بەڵام سەبارەت بە کۆمەککاریی ئێمە لەگەڵ حکومەت، دەتوانم بڵێم کەی حکومەتی کوردستان باوەڕی هەبوو بە توانا و لێهاتوویی میللی کورد و بوو بە خاوەن سیاسەتێکی خۆماڵی و روون و ئاشکرا لەگەڵ پسپۆڕە بیانییەکاندا، ئەوا ئێمە ئامادەین ئەو قەڵایە بپارێزین کە موڵکی هەموو کوردە.

**رووداو: ئایا لەشکری ئەلیکترۆنی داعش هیچ مەترسییەکی بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

**عەبدولڕەحمان میرانی:** بە دڵنیاییەوە مەترسی گەورەی هەیە، چونکە داعش تازەترین تەکنەلۆژیا بۆ بەهێزترین هێرش دژ بە نەیارەکانی لە جیهاندا بەکاردێنێ، بۆ نموونە داعش لەو ماوەیەدا لە رێگەی هاککردنەوە نزیکەی 200 تێرابایت زانیاری هەستیاری دزیوە لە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا و DOS و NSAی ئەمریکی و هەندێ دامودەزگای هەستیاری ئەمریکی، ئەمەش بۆ خۆی کارێکی گەورە و زۆر گرنگە لە جیهانی هاککردندا. لەبەر ئەوە داعش ئەگەر دەستی بگاتە ئەم هێزە گەورانە، بە دڵنیاییەوە دەستی دەگاتە زانیارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش.

لەشکری ئەلیکترۆنیی داعش مەترسیی گەورەی بۆ سەر کوردستان هەیە

**رووداو: سیستەمی پاراستنی تەکنۆلۆژی لە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**عەبدولڕەحمان میرانی:** لەم 23 ساڵەی پێشوودا حکومەتی کوردستان بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی (1992-2003) و قۆناغی (2003-2015)، بەهۆی هەمەجۆریی بەرگری، رووبەڕووبوونەوە، خۆپاراستن و چەندەها گرفتی دیکە، بۆی نەکراوە وەک حکومەتێکی پێشکەوتوو سیستەمێکی IT تۆکمە دروستبکات لە نێو دەزگاکانیدا، هەروەها نەبوونی سیستەمێکی بانکی (Banking Information System) کە بە تۆڕێک هەموو بانکەکانی کوردستان بەیەکەوە ببەستێتەوە و خزمەت بە هاووڵاتیان بکات کە ئەگەر هەژمارێکی بانکییان هەبێت و بتوانن لەماڵەوە سەیری هەژمارەکانیان بکەن. لەبەر ئەم هۆکارانە و هەندێک هۆکاری دیکەش حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لاوازە لە (Information System Security)، هەرچەندە لە روانگەی منەوە ماڵپەڕەکان و سێرڤەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە ئاسانی هێرشیان دەکرێتە سەر و ئەگەری پەکخستنی لەلایەن نەیارانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەتایبەتی لەم ماوەیەدا کە زۆر هەستیارە.

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (385) دووشەممە 2015/11/30



## پەکەکە داوای نێوبژیوان دەکات

**ڕووداو– Bild am Sonntag**

جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان ڕایگەیاند، تورکیا تووشی جەنگی نێوخۆیی بووەتەوە و ئێستا بارودۆخەکە لە خراپترین ئاستدایە، بۆیە داوا لە ئەڵمانیا و ئەمریکا دەکەن ببن بە نێوبژیوان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و پێکدادانەکان.

جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK ئاماژەی بەوەش کرد، تانک، چەکی قورس و هەلیکۆپتەر لە باکووری کوردستان جێگیرکراون، ڕەوشی ئەمنی تورکیا گەیشتووەتە خراپترین ئاست لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا.

# فارقین.. کۆبانێیەک لە باکوور

ڕووداو– هەولێر

گوللە تۆپ زۆربەی دیوارەکانی رووخاندووە، ئەوەی نەڕووخابێت، کون کون بووە، پەنجەرەکان شووشەیان پێوە نەماوە، هەندێک ماڵ بە تەواوی بوونەتە خۆڵەمێش. ئەمە ڕەوشی سێ گەڕەکی شاری فارقینی باکووری کوردستانە کە ماوەی 12 ڕۆژ بوو گۆڕەپانی شەڕ بوو.

وەهاب، تەمەن 59 ساڵ، کە سەیری خانووە وێرانبووەکەی دەکات لە فارقین، دەپرسێ "کێ دەتوانێ بە 1732 لیرە (600 دۆلار)، ئەو ماڵە بێنێتەوە سەر خۆی؟" وەهاب خاوەنی پێنج منداڵە و خانووەکەی بەهۆی شەڕەوە وێران بووە.

فارقین لە مێژووی تورکیادا (دوای نوسەیبین) درێژترین ئابلۆقەی سەربازیی بەخۆوە بینی. لەژێر ناوی ڕامالینی تیرۆریستان لە سێی تشرینی دووەم تاوەکو 15ی تشرینی دووەم، سێ گەڕەکی ئەم شارە بوونە مەیدانی شەڕ و ململانێی نێوان هێزەکانی سوپا، پۆلیس، ئەمنیەتی تورکیا لەلایەک وYPD-G ی باڵی گەنجانی پەکەکە/ هەپەگە لەلایەکی دیکە.



### کۆبانێیەکی نوێ

دوای کشانەوەی هێزەکانی سوپای تورکیا و هەڵگرتنی قەدەغەی هاتوچۆ لەسەر هەرسێ گەڕەکی تەکەل، مەسجید و قۆناغ لە فارقین، دەرکەوت زیانەکان زۆر لەوە زیاترن کە پێشبینی دەکرا. لەو سێ گەڕەکە شتێک وەک خۆی نەماوە.

ئیحسان یلماز، ڕۆژنامەنووس لە فارقین، پێیوایە لە ڕووی وێرانی و کاولکاری، فارقین کۆبانێیەکی دیکەیە. ئیحسان بە (ڕووداو)ی گوت "هەموو هۆکارەکانی ژیان لەو سێ گەڕەکە بەتەواوەتی لەکار کەوتوون. زیانەکان زۆر لەوە زیاترن کە پێشبینیمان دەکرد".

لەدوای 22ی تەمموزی 2015 تاوەکو ئەمڕۆ شەش جار لە فارقین باری نائاسایی و قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەندراوە، بەڵام هیچیان وەکو ئەوەی دوایی درێژەی نەکێشا و زیانی گیانی و ماددی بەدوای خۆیدا نەهێنا. بەگوێرەی زانیارییەکان، نزیکەی 800 ماڵ و دووکان زیانیان پێگەیشتووە. بۆیە سارێژکردنی برینی فارقین بە سارێژکردنی برینی زیانلێکەوتوان تێپەڕ دەبێت.

### قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندان

هەرچەندە دەوڵەت دەڵێت "ئەندامانی ڕێکخراوی تیرۆریستی" هۆکاری وێرانبوونی شارەکەن، بەڵام ئامادەیی خۆی نیشانداوە، قەرەبووی زیانلێکەوتوان بکاتەوە.

ڕۆژی 25ی ئەم مانگە والیی ئامەد ڕایگەیاند کە ئەوان زیانی 547 کەسیان دەستنیشان کردووە و یەک ملیار لیرەشیان تەرخان کردووە بۆ قەرەبووکردنەوەیان. ئەو پارەیە دەکاتە 1723 لیرە (600) دۆلار بۆ هەر کەسێک. بەڵام زیانلێکەوتوان دەڵێن بەو برە پارەیە دیوار، پەنجەرە، دەرگا یان کەلوپەلەکانی ناو ماڵی پێبکڕین؟!

وەهاب ئاکسۆی کە یەکێکە لەوانەی وەرگرتنی ئەو برە پارەیە ڕەتدەکاتەوە، دەڵێت "بەو پارەیە ناتوانم نیوەی خانووەکەم نۆژەن بکەمەوە، باشە کەلوپەلەکانم کە بوونەتە خۆڵەمێش چی لێبکەم؟".

سەرچاوەیەک لەناو قایمقامیەتی فارقین کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەو برە کەمە بۆ قەرەبووکردنەوەی هاووڵاتیان تەرخانکراوە و گوتی "ئەم برە قەرەبووە بە دەستپێشخەریی والی بڕیاری لەسەر دراوە. ئەو لە توانایدا نییە لەوە زیاتر پارە خەرج بکات".

ڕۆژنامەنووس فەلات بۆزئەرسەلان، پێیوایە زۆربەی زەرەرمەندانی فارقین بەو برە پارەیە ڕازی نین و پەنا بۆ دادگا دەبەن و سکاڵا لەسەر وەزارەتی ناوخۆی تورکیا تۆمار دەکەن. فەلات بە (ڕووداو)ی گوت "لە بارودۆخی شەڕی 30 ساڵەی ڕابردوودا، خەڵکی ئەو ناوچەیە فێر بوونە، لە دادگاکان داوای مافی خۆیان بکەن. ئەگەر لە دادگاکانی تورکیاش هیچیان بۆ نەکرێ، پەنا بۆ دادگا نێودەوڵەتیەکان دەبەن".

### کۆمیتەی بۆ پێکهێنراوە

دوای هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر فارقین، بەڕێوەبەرایەتییە هەرێمییەکان ویستیان بە توانای خۆیان، برینی فارقین سارێژ بکەن. یەکێتی شارەوانییەکانی گاپ و شارەوانیی گەورەی ئامەد کۆمیتەیەکی 62 کەسییان بۆ دەستنیشانکردنی زیانەکان دامەزراند. کۆمیتەکە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ڕاپۆرتێک لەو بارەیەوە بڵاودەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شارەوانیی ئامەد ڕێگاکانی چاککردنەوە، خاشاکی سەر ڕێگاکانی ڕامالی، گەڕەکەکانی پاککردنەوە و دەرگا و جامی 150 ماڵیشی چاک کردەوە.

تا ساتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، والیی ئامەد وەڵامی داواکاری سازکردنی کەمپینی هاوکاریکردنی فارقینی نەداوەتەوە. ئێستا یەکێتی شارەوانیەکانی گاپ و شارەوانیی ئامەد ئەو خانووانە چاک دەکەنەوە کە دیواری هەر چوارلایان ڕووخاوە.

کەرەم جان پۆڵات، هاوسەرۆکی شارەوانیی فارقین باسی ئەو کێشانە دەکات کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. پۆڵات بە (ڕووداو)ی گوت "هەوڵ دەدرێت قەبارەی زیانەکان کەمتر بکەنەوە. ئەمەش گەورەترین ڕێگرییە لەبەردەم ئاساییکردنەوەی بارودۆخی فارقین، دەوڵەت زیانەکان بە ملیارێک و 500 ملیۆن لیرە مەزندە دەکات، بەڵام ئەو سێ گەڕەکە، لانیکەم زیانی 12 ملیار لیرەیان بەرکەوتووە".

جان پۆڵات پێیوایە وەڵامنەدانەوەی والی لەبارەی داواکاریی سازکردنی کەمپینی پشتگیری بۆ فارقین، گومان دروست دەکات "کەمپینی هاوکاری شتێکی باوە لە هەموو جیهاندا کاری پێدەکرێت".

سەبارەت بە بڕی ئەو زیانانەی بەر فارقین کەوتوون، جان پۆڵات پێشبینی کرد زیانی 12 — 15 ملیار لیرە بەر فارقین کەوتبێ، چونکە ئەو سێ گەڕەکە زۆربەی خاپوور کراوە، بەڵام والی زیانەکانی ئەو سێ گەڕەکەی بە ملیارێک و 500 ملیۆن لیرە خەمڵاندووە.

# تاهیر ئەلچی.. قوربانییەکی دیکەی تاوانی بکەر نادیار

ڕووداو– هەولێر

تاهیر ئەلچی، سەرۆکی ژووری پارێزەرانی ئامەد کە هەمیشە گوێی لە گۆرانی "باتسن بو دونیا — ئەو جیهانە نغرۆ بێ" و "دەبێت شتێک بکەین" دەگرت، بە فیشەکێکی نادیار کوژرا. هەندێک پێیانوایە کوشتنی ئەلچی بە پلان نەبووە، هەندێکیش دەڵێن بکوژانی ئەلچی نادۆزرێنەوە، چونکە بکەری نادیارن.

ڕۆژی 2015/11/28 تاوانێکی دیکەی بکەر نادیار، تاهیر ئەلچی، سەرۆکی ژووری پارێزەرانی ئامەدی لە باکووری کوردستان کردە ئامانج.

ئەلچی، ئەندامی دەستەی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، وەقفی مافەکانی مرۆڤی تورکیایە. پارێزەری دۆسیەی کوشتنی 16 گوندنشینی لیجە بوو لەساڵی 1993، کۆمەڵکوژیی ڕۆبۆسکێ لەساڵی 2011 وکوشتنی نووسەری بەڕەگەز ئەرمەنی هیرانت دینک بوو. بەشێکی زۆر لەو دۆسیانەی سەرپەرشتیی دەکردن لە دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا، لە بەرژەوەندیی زوڵملێکراوان تەواوبوون.


### ڕەخنەی لە دەوڵەت و پەکەکە دەگرت

کاتێک لە 22ی تەمموزی ڕابردوودا گەڕێکی دیکەی شەڕ لەنێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا دەستی پێکردەوە، ئەلچی ڕەخنەی لە گواستنەوەی شەڕ بۆ ناو شارەکان گرت. ڕەخنەی لە هێرشەکانی پەکەکە و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتەوە گرت.

ئەلچی ڕەخنەی توندی لە کوشتنی دوو پۆلیسی هاتوچۆ لە ئامەد گرت و گوتی "هێرشی چەکداری بۆ سەر دوو پۆلیسی هاتوچۆ کە ژیانی هاووڵاتیان ئاسانتر دەکەن، قەبوڵ ناکرێت. ئەو هێرشە ویژدانی کۆمەڵگا و هاوپیشەکانم ئازار دەدات".

لە 15ی تشرینی یەکەمی 2015دا کاتێک لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا کە ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکیا ئەحمەد هاکان پێشکەشی دەکرد، لە تۆڕی (CNN) ەوە گوتی "پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە"، بەوەش بووە ئامانجی هێرش و هەڕەشەی نەتەوەپەرستانی تورک و میدیای نزیک لە ئاکپارتی.

دوای ئەو قسەیە، کەناڵی ناوبراو بە 700 هەزار لیرەی تورکی سزادرا، ئەلچیش ڕۆژی 20ی ئەم مانگە بەشێوەیەکی نائاسایی دەستگیرکرا و ڕەوانەی ئیستانبوڵ کرا، هەروەها قەدەغەی چوونە دەرەوەی وڵاتی بەسەردا سەپێنرا. لە تویتێکیشیدا دوای ڕووداوەکەی CNN، ئەلچی وەڵامی هەڕەشەکانی دایەوە و گوتی "هەموو ئەوانەی بە مردن هەڕەشەم لێدەکەن، ئەوەی لێتان دەترسێت لە ئێوە سووکترە. من لە ساڵانی 1990ەوە تا ئەمڕۆ سەرم بۆ ژێتەمی باوکی گەورەتان و جەنەراڵەکانتان شۆڕ نەکردووە. لە ئێوە دەترسێم؟".



### گەورەترین مەراسیمی بۆ کرا

ئەلچی زۆر حەزی لە گۆرانییەکی ئۆرهان گەنجەبای (باتسن بوو دونیا — نغرۆ بێ ئەم جیهانە) دەکرد، بەڵام لەسەر فەیسبووکەکەشی گۆرانی (دەبێت شتێک بکەین)ی بڵاوکردبووەوە کە گرووپی مۆغلەر دەیڵێت.

تەرمی تاهیر ئەلچی کاژێر 9ی بەیانی ڕۆژی 2015/11/29 لە نەخۆشخانەی سەلاحەدین ئەیوبی، بە مەراسیمێک گەیشتە پارکی کۆشو یۆلو، لەوێش بە درێژایی 4 کیلۆمەتر بەپێ گەیەنرایە گۆڕستانی یەنی کۆی. دوای نوێژی نیوەڕۆش بەخاک سپێردرا. جگە لە پەرلەمانتارانی هەدەپە و جەهەپە، سەرۆکی هەموو بارۆکانی ئامەد بەشدارییان لە مەراسیمەکەدا کرد.

مەراسیمی بەخاکسپاردنی ئەلچی، لەدوای مەراسیمی بەخاک سپاردنی ویداد ئایدن، سەرۆکی دەپ لە ئامەد لە ساڵی 1991 و مەراسیمی کوشتنی ساکینە جانسز و دوو هاوڕێکەی، بە گەورەترین مەراسیمی بەخاک سپاردن دادەنرێ. وەکو هاوخەمی و کاردانەوەیەکیش، زۆربەی دووکانەکانی ئامەد داخران.

### "تاوانی بکەر نادیارە"

ئەحمەد ئەلچی، برا گەورەی تاهیر ئەلچی لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی 24T لەبارەی کوشتنی براکەی دەڵێت "تاهیر لەدوای قسەکانی لە کەناڵی CNN بەردەوام لەلایەن فاشیستەکانەوە هەڕەشەی لێدەکرا. زەحمەتە بڵێین برام لەلایەن کێوە کوژراوە، بەڵام براکەم لەلایەن دەوڵەتەوە کرایە ئامانج".

تاهیر ئەلچی، یەکەمین سەرۆکی بارۆی ئامەد نییە کە ڕووبەڕووی هێرش دەبێتەوە. ساڵی 1991 پارێزەر مستەفا ئۆزەر کە سەرۆکی ژووری پارێزەران بوو، لە هەوڵێکی کوشتن ڕزگاری بوو، کاتێک بۆمبێک لەناو ئۆتۆمبێلەکەی تەقییەوە، بەڵام لەکاتی تەقینەوەی بۆمبەکە ئۆزەر لەناویدا نەبوو.

هەروەها ڕۆژی 2000/8/2 ڕەجەب عەزیز ئۆغلۆ، سەرۆکی ژووری پارێزەرانی ئامەد کە لە شوقەکەی دەهاتە دەرەوە و دەیویست بچێتە سەر کارەکەی، تەقەی لێکرا و کوژرا، بەڵام تاوەکو ئێستا بکەرانی ئەو دوو تاوانە ئاشکرا نەکراون.

مستەفا ئۆزەر، کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی تاهیر ئەلچییە و بەیەکەوە چەندین ساڵ لە بارۆی ئامەد کاریان کردووە و ڕۆڵی هەبووە لەوەی تاهیر ئەلچی لە ساڵی 2012 بە سەرۆکی بارۆ هەڵبژێردرێت، بە گریانەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "لەم وڵاتەدا هیچ تاوانێکی بکەر نادیار ئاشکرا نەکراوە. بۆیە پێموانییە کوشتنی تاهیریش ئەگەر بڵێین بکەر نادیارە ئاشکرا بکرێت".

لەبارەی کاریگەریی کوشتنی ئەلچیش بەتایبەتی لەسەر بارودۆخی ئامەد، ئۆزەر دەڵێت "هێشتا زووە بڵێین چی دەقەومێ، بەڵام هەموو ئاماژەکان نیشانی دەدەن کە کێشەی کورد لە چارەسەری دوور دەکەوێتەوە و کورد و تورکیش لەیەکدی دوور دەکەونەوە".

### به پلان نەبووە

زانیاریی ناکۆک و دژبەیەک لەبارەی کوشتنی ئەلچی بڵاودەکرێنەوە. لەدوای ڕووداوەکە و لە ئەنجامی پشکنینی سەرەتایی بۆ جەستەی ئەلچی، جەخت لەوە کرایەوە کە فیشەکێک لە دوورەوە بە نێوچەوانی کەوتووە. بەڵام ڕۆژی دوای ڕووداوەکە، ئاژانسی (DİHA) کە نزیکە لە پەکەکە، گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە، دوو کەس لە تاکسییەک دادەبەزن، یەکێکیان بەرەو ئەو کۆڵانە دەڕوات کە تاهیر ئەلچی و ڕۆژنامەنووسان خۆیان تێدا حەشار داوە. بۆیە پێشبینی دەکرێت لەو کاتەی پۆلیس تەقە لەو کەسە دەکات، فیشەکێک بەر تاهیر ئەلچی کەوتبێت.

عەبدولڕەحمان کورت سیاسەتمەدار و پەرلەمانتاری پێشووی ئامەد لەسەر لیستی ئاکپارتی بە (ڕووداو)ی گوت "بەگوێرەی زانیارییەکان پێموانییە کوشتنی ئەلچی بە پلان بووبێ، مومکین نییە لەو شوێنە و لەکاتی لەم شێوەیەدا پلانێک بۆ کوشتنی هەبووبێت. بە گوێرەی ئاماژەکان کوشتنی ئەلچی ڕێکەوت بووە".

لەبارەی ڕەنگدانەوەی کوشتنی ئەلچی لەسەر بارودۆخی ئامەد، کورت گوتی "تاهیر ئەلچی نە ئاکپارتی بوو نە هەدەپە، ئەو ئاشتیخوازێک بوو، بۆیە پێویستە کوشتنی ئەلچی نەکرێتە کەرەستەیەکی سیاسی".

ڕۆژنامەنووسێکی دیاری ئامەد کە لەکاتی ڕووداوەکەدا لە منارەی چوار لینگ لە شوێنی ڕووداوەکە بووە، گوتی "منیش پێموایە ڕووداوەکە بە پلان نەبووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە گومانمان لە چۆنیەتی کوشتنی نەبێت. پۆلیس نە هەر لە کاتی شەڕ، لە کاتی بارودۆخی ئاساییشیدا بەبێ ئێلەگی گوللەنەبڕ نایەتە ناو سوور، بەڵام ڕۆژی ڕووداوەکە هەموو پۆلیسەکانی ناو سوور بێ گوللەنەبڕ بوون".

### برای تاهیر ئەلچی:

### براکەم لەسەر قسەکانی CNN کوژرا

### پەرلەمانتارێکی پێشووی ئاکپارتی:

### کوشتنی ئەلچی بە ڕێکەوت بووە



تاهیر ئەلچی:

- ساڵی 1966 لە شارۆچکەی جزیرە لەدایک بووە.
- کۆلێژی مافی لە زانکۆی دیجلە تەواو کردووە.
- لە ساڵی 1992 بووەتە پارێزەر.
- ساڵی 1998 دەبێتە ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی ژووری پارێزەرانی ئامەد.
- ساڵی 2012 بەسەرۆکی ژووری پارێزەرانی ئامەد هەڵبژێردراوە.
- ئەندامی دەزگای ڕاوێژکاری ناوەندی مافی مرۆڤی تورکیا سەر بە یەکێتی بارۆکانی تورکیا بوو.

### موراد گوزەل بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی:

# غازی کوردستان 40%ی پێداویستیی تورکیا دابین دەکات



تورکیا لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ ڕووسیا و ئێران ململانێ دەکات، بۆ ئەوەی پەیوەستبوونی بە غازی سروشتیی هەردوو وڵات کەم بکاتەوە، پشت بە غازی کوردی دەبەستێ. موراد گوزەل، کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا ببێتە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی، ڕایگەیاند لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ساڵی 2020 هەوڵ دەدەن غازی سروشتی لەهەردوو کێڵگەی بنەباوێ و میران ڕەوانەی تورکیا بکەن. لەم بارەیەشەوە کۆمپانیاکەی لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا 5 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار خەرج دەکات.

گوزەل لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئیکۆنۆمیست، ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانێ 40%ی پێداویستییەکانی غازی سروشتیی تورکیا دابین بکات. گوزەل پێویستیی ساڵانەی تورکیا لە غازی سروشتی بە 50 ملیار مەتر سێجا دەخەمڵێنێ "لە قۆناغی یەکەمدا لە هەرێمی کوردستان 10 ملیار مەتر سێجا ڕەوانەی تورکیا دەکەین. بە گەیشتن بە کێڵگەکانی دیکەش توانای هەرێمی کوردستان دەگاتە 20 ملیار مەتر سێجا لە غازی سروشتی، واتە 40%ی پێداویستیی تورکیا دابین دەکرێت". ئێستا تورکیا 75%ی پێداویستیی غازی سروشتی لە ڕووسیا و ئێرانەوە دابین دەکات.

**ئیکۆنۆمیست: لە هەرێمی کوردستانی عێراق دوو کێڵگەی نەوت و دوو کێڵگەی غازی سروشتیتان هەیە. لەوێ ڕێژەی بەرهەمی ڕۆژانە چەندە؟**

**موراد گوزەل:** سەرەتا لە نەوتەوە دەست پێدەکەم. گرنگترین ڕووداو ئەوە بوو لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا بەڕێوەبەرایەتی کوردی بڕیاری دا لە جیاتی ئەوەی نەوت بداتە بەغدا، خۆی لە ڕێگای بۆڕی جەیهانەوە بیفرۆشێت. بەڕێوەبەرایەتی کوردی لە داهاتی ئەو فرۆشتنە داهات و خەرجیی خۆی دابین بکات. واتە بەڕێوەبەرایەتی کوردی سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت لە 110 دۆلارەوە بۆ 45 دۆلار و هەموو ڕووداوە نەخوازراوەکانی دیکە، ژێرخانی خۆی تەواو کرد و بەسەرکەوتوویی ئیمزای خۆی لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان دا کە نموونەی نەبووە. سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوتیش، ئامانجیان ئەوەیە تا کۆتایی 2016 بەرهەمی ڕۆژانە بگەیەننە ملیۆنێک بەرمیل. ئەگەر ئەمە جێبەجێ بکرێت، نرخی نەوتیش لە دابەزیندا بێ، بەڕێوەبەرایەتی کوردی لە کورتهێنانی بودجە ڕزگاری دەبێت و بەرەو قۆناغی سەرڕێژی بودجە دەچێت.

**ئیکۆنۆمیست: باسی پلانەکانتان پەیوەست بە هەردوو کێڵگەی غازی سروشتی میران و بنەباوێ دەکەی؟**

**موراد گوزەل:** لە تشرینی دووەمی 2013دا تورکیا و هەرێمی کوردستان واژۆیان لەسەر کڕینی غازی سروشتی کردووە. تورکیا ساڵانە نزیکەی 50 ملیار مەتر سێجا لە غازی سروشتی بەکاردێنێ. ئەم غازەش لە ڕووسیا، ئێران و ئازەربایجان دەکڕێت. ڕووسیا بەتەنیا 55%ی پێداویستیی غازی سروشتیی تورکیا دابین دەکات. تورکیا بۆ دابینکردنی سەرچاوەی جیاواز، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی نرخی غاز لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کوردی هەماهەنگیی کرد. بە گوێرەی پێشبینییەکان، لە هەرێمی کوردی بەشی 50 ساڵی تورکیا سەرچاوەی غازی سروشتی هەیە. جگە لەوە لە ڕووی جوگرافییەوە نزیکە و هەروەها سەرچاوەیەکە تێچوونەکەی کەمترە. ئێمە لە چوارچێوەی ئەو پێداویستیە لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لەناوچەکە گەورەترینی ئەو دوو کێڵگانەمان وەرگرت. بە وەبەرهێنانی 900 ملیۆن دۆلار بەتەواوەتی بووینە خاوەنی هەردوو کێڵگەی میران و بنەباوێ.

**ئیکۆنۆمیست: باشە گرنگیی ئەو کێڵگەیە چییە؟**

**موراد گوزەل:** هاوتەریب لەگەڵ ڕێککەوتنی فرۆشتنی غاز، بە مەبەستی پێشخستنی ئەو کێڵگانە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کوردی دانیشتین. ئەو گرێبەستەمان نوێ کردەوە کە لەبەردەستمان بوو و هەردوو پرۆسەکەمان یەکخست. لە قۆناغی یەکەمدا کێڵگەکان پێشدەخەین و غاز دەردێنین. قۆناغی دووەم لەگەڵ دەرهێنانی غاز، ڕاکێشانی بۆڕییەکان بەرەو تورکیا جێبەجێ دەکەین. ئەو دووە وەبەرهێنانی جیاوازن. بۆ کردنەوەی کێڵگەکانی میران و بنەباوێ و دەرهێنانی غاز بڕی 3 ملیار دۆلار و، هەروەها بۆ ئەوەی توانای وەبەرهێنانی غاز لە ساڵێکدا بگاتە 10 ملیار مەتر سێجا 2 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان دەکەین. کەواتە بە گشتی ئامانجمان ئەوەیە 5 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار لەو وەبەرهێنانە خەرج بکەین.

## بایی 5.5 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە غازی کوردستاندا دەکەین

**ئیکۆنۆمیست: گرنگیی ئەو پرۆژەیە بۆ تورکیا چییە؟**

**موراد گوزەل:** پێمگوتی تورکیا ساڵانە 50 ملیار مەتر سێجا لە غازی سروشتی بەکاردێنێ. ئێمە لەو ناوچەیە ساڵانە 10 ملیار مەتر سێجا بەرهەم دێنین. ناوچەکەمان دەتوانێ 25 ساڵ ئەو ڕێژەیە بەرهەم بێنێ. ڕێککەوتنی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە کڕینی 10 ملیار مەتر سێجای بەرهەمی ئێمە دەست پێدەکات، وادیارە بە دەستپێکردنی کێڵگەکانی دیکەش ئەو بڕە بۆ 20 ملیار مەتر بەرز دەبێتەوە. واتە تورکیا نزیکەی نیوەی پێداویستیی ساڵانەی خۆی لە غازی سروشتی لە هەرێمی کوردی پەیدا دەکات. ئەمە بۆ تورکیا لە ڕوانگەی دابینکردنی سەرچاوەی جیاوازەوە گۆڕانکارییەکی مێژووییە. هەروەها غازێکی سروشتی کە تاوەکو ئەمڕۆ هیچ بەو نرخە هەرزانە دەستی نەکەوتووە. جگە لەوە ئەو پرۆژەیە کاردانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر کورتهێنانی حیسابی ئێستای تورکیا.

**ئیکۆنۆمیست: کەی تورکیا دەست بە بەکارهێنانی غازی کوردی دەکات؟**

**موراد گوزەل:** ئێمە تاوەکو کۆتایی 2016 لە سێ لایەنەوە کاردەکەین. بەرفراوانکردنی شوێنەکە و ئەندازیاریی دەرهێنانی غاز، دوای ئەوە بەشداركردنی شەریکەکان لە پرۆژەکە، هەرە دواییش دۆزینەوەی مۆدێلی تەمویلی هەرە ڕاست. بۆ مەسەلەی تەمویل پێمانوایە ئەکزیم بانک لە هەموو سەرچاوەکانی دیکە باشترە. دوای هەموو ئەوانە دەست بە وەبەرهێنان دەکەین. لەدوای دەستپێکردنی پرۆژەکە پێمانوایە بە 2-3 ساڵ غازی سروشتی دەگاتە تورکیا.

### بەغدا دوو ساڵە نایداتێ

# کەرکووک داوای پترۆ دۆلار لە هەولێر دەکات

محەممەد هادی
ڕووداو- هەولێر

نزیکەی دوو ساڵ و نیوە ئیدارەی کەرکووک هیچ پارەیەکی پترۆ دۆلاری لە حکومەتی عێراق وەرنەگرتووە. دوو ساڵیشە بەغدا هیچ بڕە پارەیەکی بۆ پەرەپێدانی پارێزگای کەرکووک نەناردووە، بۆیە ئێستا بەرپرسانی ئیدارەی شاری کەرکووک دەیانەوێت لە ڕێگایەکی دیکەوە پارە پەیدا بکەن و داوای پارەی پترۆ دۆلار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بەرامبەر ئەو قەبارە نەوتەی کە لەمساڵدا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە فرۆشراوە.

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە ڕێی پرۆژە پێشنیازێکەوە داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە لەبەرامبەر ئەو نەوتەی کە لە پارێزگای کەرکووکەوە هەناردە دەکرێت و هەرێمی کوردستان دەیفرۆشێت، پارەی پێترۆ دۆلاری ئەو پارێزگایەش دابین بکات.

سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویست ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو داواکارییەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک زیاتر داواکارییەکی سیاسییە نەک داواکردنی پترۆ دۆلار، بەهۆی ئەوەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قەیرانی داراییی گەورەدایە و داواکردنی پارەی پترۆ دۆلار لەو کاتەدا داواکارییەکی زەحمەت دەبێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەو سەرچاوەیە ئەگەری ڕازیبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێککەوتن لەسەر ئەو داواکارییەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەدوور دەزانێت، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەیە.



### ترلیۆنێک دیناری پترۆ دۆلار

عەلی ساڵەیی، سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بێ ئەوەی ئاگاداری وردەکاری ئەو پرۆژە پێشنیازەی پارێزگای کەرکووک بێت، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کەرکووک نزیکەی 3 ساڵە بێبەشە لە پارەی پترۆ دۆلار.

عەلی ساڵەیی، بەرپرسیارێتی ئەو دۆخەی خستە ئەستۆی بەغدا و گوتی "بەغدا پارەی پترۆ دۆلاری ساڵی 2014 و شەش مانگی دووەمی 2013ی لەلایە و نەیناردووە. سەبارەت بە ئەمساڵیش نەوتی کەرکووک لەلایەن هەولێر و بەغدا پێکەوە فرۆشراوە بە ڕێژەی نزیکەی 50%. بۆیە ئێمە نازانین بە کێ بڵێین پارەی پترۆ دۆلارمان بداتێ".

پارێزگای کەرکووک لە نیوەی دووەمی ساڵی 2013ەوە زیاتر لە 200 ملیار دیناری پارەی پترۆ دۆلاری لەلای بەغدایە. لە ساڵی 2014شدا بەغدا 687 ملیار دیناری پترۆ دۆلار کە پارەی تەواوی ساڵەکەیە قەرزداری کەرکووکە، لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەشدا حکومەتی عێراق ترلیۆنێک دینار پارەی پترۆ دۆلاری کەرکووکی لەلایە.

ئەمساڵیش ئەو پارێزگایە هیچ پارەی پترۆ دۆلاری وەرنەگرتووە، لەکاتێکدا لە 11 مانگی ڕابردوودا نزیکەی 100 ملیۆن بەرمیل نەوت لەو پارێزگایە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان کراوە.

بەپێی پرۆژە بودجەی ساڵی 2015ش پارەی پترۆ دۆلاری هەر بەرمیلێک نەوت دوو دۆلار دیاری کرابوو، لە ئەگەری زیادبوونی داهاتی عێراقیشدا ئەو بڕە پارەیە زیاد دەکرێت بۆ 5 دۆلار، بەو پێیەش ئەگەر بە دوو دۆلار ئەژمار بکرێت، ئەوا لە 11 مانگی ڕابردوودا، پارەی پترۆ دۆلاری کەرکووک دەگاتە نزیکەی 200 ملیۆن دۆلار، بەڵام تا ئێستا دۆلارێکیشی وەرنەگرتووە.

سەبارەت بە توانای بەرهەمهێنانی نەوت لەو پارێزگایە، سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت "ئەگەر کێڵگە نەوتییەکانی ئەو پارێزگایە کاری نۆژەنکردنەوەیان بۆ نەکرێت، ئەوا ئاستی بەرهەمهێنان کەم دەبێتەوە". گوتیشی "پێشتر حکومەتی عێراق ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیای BPی بەریتانی واژۆکردبوو بۆ نۆژەنکرنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، بۆ ئەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت لەو پارێزگا ڕۆژانە لە 300 هەزار بەرمیلەوە بۆ 600 هەزار بەرمیل بەرز بکاتەوە، بەڵام ماوەی ساڵێکە ئەو کۆمپانیایە بە بیانووی نزیکبوونەوەی چەکدارانی داعش لە چەند کێڵگەیەکی نەوتی لە باشووری کەرکووک، ئەو کێڵگانەی جێهێشتووە".

### 360 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا

کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک بەشێکیان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکوور و بەشێکیشیان لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرێن.

کۆمپانیای نەوتی باکوور لەو کێڵگانەی کە کاری تێدا دەکات، ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی بۆڕی نەوتی کوردستانەوە هەناردە دەکات، ئەو کێڵگانەشی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەڕێوەیان دەبات، ڕۆژانە 210 هەزار بەرمیل نەوتیان لێ هەناردە دەکرێ، بەمەش ئێستا ئەو پارێزگایە نزیکەی 360 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیش بۆ نزیکەی 450 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە و بەشێک لەو نەوتەش بۆ پێداویستی ناوخۆیی کەرکووک بەکاردەهێنرێت.

پارێزگای کەرکووک خاوەنی پێنج کێڵگەی نەوتییە کە سێ لەو کێڵگانە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیای نەوتی باکووردان و بریتین لە کێڵگە نەوتییەکانی جەمبور و خەبازە و بابەگوڕگوڕ. هەروەها دوو کێڵگەی دیکەش لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان کە بریتین لە کێڵگەی نەوتی بای حەسەن و هاڤانا. نەوتی هەر پێنج کێڵگەش لە ڕێگای بۆڕی نەوتی کوردستان — جەیهان هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکرێت کە تەنیا دەروازەی هەناردەکردنی نەوتی ئەو پارێزگایەیە.

**نەوتی کەرکووک:**

- لە پێنج کێڵگە پێکدێت
- کۆمپانیای نەوتی باکوور سێ کێڵگە (جەمبور و خەبازە و بابەگورگوڕ) بەڕێوەدەبات.
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کێڵگەکانی (بای حەسەن و هاڤانا) بەڕێوەدەبات.
- ئاستی بەرهەمی کێڵگەکانی کەرکووک ڕۆژانە 450 هەزار بەرمیلە.
- ڕۆژانە 360 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک هەناردە دەکرێ.
- کۆمپانیای نەوتی باکوور ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک هەناردە دەکات.
- سامانە سروشتییەکان ڕۆژانە 210 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک هەناردە دەکات.

## بازرگانانی کورد دەچنە کەنەدا



**رووداو- سلێمانی**

بەختیار مەلا ئەحمەد، بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتیی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند لەم هەفتەیەدا پێشانگایەکی نێودەوڵەتی لە کەنەدا دەکرێتەوە و بازرگانانی کوردیش بەشداری تێدا دەکەن. بەختیار گوتی "لەو پێشانگایەدا بۆ یەکەمجارە شوێنێکی تایبەت بە کورد دەدرێت کە ئەوەش گۆڕانکارییەکی گەورەیە، چونکە لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکانی پێشتردا تەنیا وەکو میوان بەشدار دەبووین"، بە گوتەی ناوبراو لە پەراوێزی پێشانگاکەدا کۆنفرانسێکی ئابووریش ساز دەکرێت و پێدەچێت چەند پرۆتۆکۆڵێکیش لە نێوان بازرگانانی کوردستان و وڵاتانی بەشداربوو واژۆ بکرێ.



## پرۆژە ناوخۆییەکان 60%ی پێداویستی ناوخۆ پڕدەکەنەوە

# هاوردەکردنی ماسی بۆ نیوە کەم دەکرێتەوە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بە ئامانجی بەبازاڕکردنی بەرهەمی ناوخۆ، وەزارەتی کشتوکاڵ لە مانگی کانوونی دووەمەوە هاوردەکردنی بەرهەمی ماسی بەڕێژەی 50% بۆ کاتێکی نادیار کەم دەکاتەوە، بەڕێوەبەری سامانی ماسی لە هەرێمی کوردستان، لەبارەی گراننەبوونی نرخی ماسی دڵنیایی دەدات و دەڵێت "پرۆژەکانی ناوخۆ گەشەیان کردووە و توانای دابینکردنی نزیکەی 60%ی پێداویستی ناوخۆیان هەیە، بۆیە نرخ گران نابێت".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، 352 پڕۆژەی مۆڵەتداری بەخێوکردنی ماسی لە کوردستان هەن کە بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 2434 تۆن. زیاتر لە 100 پرۆژەی بێ مۆڵەتیش هەن کە بەرهەمیان لە هەزار تۆن تێدەپەڕێ، لەگەڵ 1500 تۆنی بەنداو و رووبارەکان و بەمەش تێکڕای بەرهەمی ناوخۆ لە ساڵێکدا دەگاتە 4934 تۆن.

سیروان سەعید، بەڕێوەبەری سامانی ماسی دەڵێت "پرۆژەکانی ناوخۆ گەشەیەکی باشیان کردووە و ئێستا توانای دابینکردنی نزیکەی 60%ی پێداویستی ناوخۆیان هەیە".

بەگوێرەی راپۆرتی نۆ مانگی رابردووی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ماسی، سەرەڕای قەیرانی دارایی، خواستێکی زۆر لەسەر دروستکردنی پرۆژەی ماسی هەیە و لەو ماوەیەدا 12 پرۆژە دروستکراون و رەزامەندی سەرەتاییش بە 22 پرۆژە دراوە.

بە ئامانجی زیادکردنی بەرهەم و پاڵپشتیکردنی جوتیاران، وەزارەتی کشتوکاڵ لە ماوەی ساڵانی 2008 تاوەکو 2014 زیاتر لە 3 ملیۆن و 146 هەزار پەنجە ماسی بەنرخی پاڵپشت بەسەر جوتیاراندا دابەش کردووە، ئەمساڵیش لەڕێگەی هەردوو پرۆژەی عەنکاوە لە هەولێر و دووکان لە سلێمانی 912 هەزار و 570 پەنجەماسی بەرهەمهێنراوە و 25 هەزاری کراوەتە هەردوو بەنداوی دێگەڵە و حەمامۆکەوە، 85 هەزاریش کراوەتە دەریاچەی دووکان و بەنداوەکانی گورگە فەتاح و عالیاوە، ئەوەشی کە ماوەتەوە بە نرخی پاڵپشت بە 25 دینار بەسەر خاوەن پرۆژەکاندا دابەشکراوە.

سیروان سەعید دەڵێت "ئێستا توانای پرۆژەکانی ناوخۆ یەک کیلۆگرام ماسییە بۆ هەر تاکێک لە ساڵێکدا، لەڕێگەی ئاسانکاری و هاندان و پاڵپشتیی جوتیاران، ئامانجمانە لە 2019 دا بگەینە 2.9 کیلۆگرام بۆ هەر تاکێک لە ساڵێکدا".

### هاوردە 40% کەم بووەتەوە

بەگوتەی بەڕێوەبەری سامانی ماسی، بەهۆی قەیرانی دارایی و زیادبوونی بەرهەمی پرۆژەکانی ناوخۆ بەراورد بە ساڵانی پێشتر، هاوردەکردنی ماسی لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بەڕێژەی 40% کەمی کردووە.

شەمسەددین رەزاق، خاوەنی 24 حەوزی ماسییە لە گوندی کەورەسۆری سەر بە ناحیەی دارەشەکران لە پارێزگای هەولێر، ساڵانە زیاتر لە 170 تۆن ماسی بەرهەمی هەیە. شەمسەددین دەڵێت "خواستێکی باش لەسەر بەرهەمەکەمان هەیە، بەڵام بەهۆی ماسیی هاوردە وەکو پێویست پارە ناکات، بۆیە فرۆشتنمان راگرتووە".

شەمسەددین ماوەی دوو ساڵە ئەم پرۆژەیەی دروستکردووە، بەگوتەی خۆی لەهەر حەوزێکی قەفەسی 2000 تاوەکو 2500 ماسی بەخێو دەکات، ئەو دەڵێت "بەرهەمی حەوزی قەفەسی هەرگیز لەگەڵ بەرهەمی حەوزی خۆڵی بەراورد ناکرێ".

ئەم جوتیارە بڕیاری کەمکردنەوەی هاوردەکردنی ماسی بە بڕیارێکی باش دەزانێ، بەڵام پێیوایە باشتر لەوە هاوکاریکردنی جوتیاران و دۆزینەوەی بازاڕێکە بۆ بەرهەمی ناوخۆ "ئەگەر حکومەت کەمێک دەستکراوە بێت بۆ هاوکاریی جوتیاران و هاوردە قەدەغە بکات و بازاڕێک بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی پرۆژەکان بدۆزێتەوە، خەڵکێکی زۆر روو لە بەخێوکردنی ماسی دەکەن".

لەکۆی ئەو 352 پرۆژە مۆڵەتدارەی لە هەرێمی کوردستان هەن، تەنیا 86 پرۆژەیان لە سنووری پارێزگای سلێمانین، بەڵام بڕی بەرهەمی پرۆژەکانی ئەم پارێزگایە 52%ی تێکڕای بەرهەمی پرۆژەکانی کوردستان پێکدێنێ.

سیروان سەعید دەڵێت "بەهۆی 6 پرۆژەی حەوزی کۆنکریتی و 6 پرۆژەی حەوزی قەفەس لەنێو بەنداوەکاندا، پەیڕەوکردنی شێوازی چڕ، پارێزگای سلێمانی توانای بەرهەمهێنانی زیاترە، چونکە توانای بەرهەمهێنانی هەر حەوزێکی قەفەسی 4 بە 4 مەتری، بەرامبەرە بەتوانای بەرهەمی حەوزێکی خۆڵی یەک دۆنمی کە دەکاتە 2500 مەتر، بەڵام بەمەرجێک ئەو قەفەسە لەنێو بەنداوێک یان رووبارێکدا دابنرێ".

### نرخ بەرز دەکاتەوە

ماسی فرۆشان پێیانوایە کەمکردنەوەی هاوردەی ماسی کاریگەری لەسەر نرخی ماسی دەبێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا نرخ بەرز دەکاتەوە.

عومەر دیبەگەیی کە 3 ساڵە لە پرۆژەکانی ناوخۆ ماسی دەکڕێتەوە و بەتاک و کۆ دەیفرۆشێتەوە، پێیوایە کەمکردنەوەی هاوردەی ماسی نرخ بەڕێژەی 30% بەرز دەکاتەوە. عومەر دەڵێت "ئێستا ئێمە لە پرۆژەکان کیلۆیەک ماسی بە پێنج هەزار دەکڕینەوە و بە شەش هەزار بەکۆ و بە حەوت هەزار بەتاک دەیفرۆشینەوە، دڵنیام بەجێبەجێکردنی ئەم بڕیارە خاوەن پرۆژەکان نرخ بەرز دەکەنەوە و لەوانەیە دوای ئەو بڕیارە نرخی کیلۆیەک ماسی تاوەکو نۆ هەزار دینار بەرز ببێتەوە".

توانا ئیسماعیل، لێپرسراوی هۆبەی سامانی ماسی لە پارێزگای سلێمانی پێیوایە بڕیاری کەمکردنەوەی هاوردەی ماسی بۆ 50%، رۆڵێکی باشی نابێت بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ، چونکە وەک ئەو دەڵێت "ئەو بڕیارە رێگە بۆ بەقاچاخ هاوردەکردن دەکاتەوە".

بەبڕوای توانا ئیسماعیل، باشترین هۆکار بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ، ناچارکردنی بازرگانە لەلایەن لێژنەی پارێزگاکانەوە بۆ ئەوەی بەشێک لەو ماسییەی دەیەوێت هاوردەی بکات لە ناوخۆ بیکڕێتەوە "بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ پێشتر مانگانە سەرژمێرییەکمان بۆ ماسیی حەوزەکانی ناوخۆ دەکرد، دواتر بەگوێرەی پێویستی لێژنەی پارێزگا رێگە بە بازرگانەکان دەدا ماسی هاوردە بکەن، بەڵام بەمەرجێک 20%ی بڕی هاوردەکەی لە پرۆژەکانی ناوخۆ بکڕێتەوە، بۆ ئەم بڕیارەش پشتمان بە یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی دەبەست".

بڕیاری کەمکردنەوەی هاوردەکردنی ماسی بۆ نیوە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە، دوای سکاڵای کۆمەڵێک خاوەن پرۆژەی ماسی لە شارۆچکەی تەقتەق هات، دوای ئەوەی نرخی فرۆشتنی ماسیەکانیان نزیک بووەوە لەنرخی تێچووی بەخێوکردن.

بەڕێوەبەری سامانی ماسی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت "دوای لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت 67 پرۆژەی بێ مۆڵەتی ماسی لە ناوچەی تەقتەق هەن، چەندین پرۆژەی دیکەش هەن ماسیەکانیان بەهۆی ماسیی هاوردە بۆ ساخ نابێتەوە، بۆیە ئەو بڕیارەمان دا".

### پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی

| پارێزگا | حەوزی خۆڵی | | حەوزی کۆنکریت | | حەوزی قەفەس | | کۆی پرۆژەکان | وزەی گشتی تەن/ ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | وزە تۆن/ ساڵ | ژمارە | وزە تۆن/ ساڵ | ژمارە | وزە تۆن/ ساڵ | | |
| هەولێر | 175 | 313.96 | 2 | 90.16 | 1 | 18 | 178 | 422.12 |
| سلێمانی | 74 | 218.15 | 6 | 635.4 | 6 | 424 | 86 | 1277.55 |
| دهۆک | 33 | 76.57 | 3 | 384 | 6 | 99.2 | 42 | 559.77 |
| گەرمیان | 44 | 146.44 | – | – | 2 | 28.4 | 46 | 174.84 |
| کۆی گشتی | 326 | 755.12 | 11 | 1109.56 | 15 | 569.6 | 352 | 2434.28 |

# داوا دەکرێت قەرزی کشتوکاڵی بەگەڕبخرێتەوە

## بەرهەمی قەرزی کشتوکاڵی 6825 پرۆژە بووە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت قەرزی کشتوکاڵ تەکانێکی باشی بە پرۆژە کشتوکاڵییەکان دا و رۆڵێکی باشی لە زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆییدا بینی، ئەگەر بەهۆی قەیرانی دارایی نەبووایە، ئێستا هەرێمی کوردستان لە زۆر بەرهەمدا پێویستی بەهاوردە نەدەبوو.

پرۆژەی قەرزی کشتوکاڵی لەساڵی 2007 لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرا و ساڵی 2009 لەگەڵ پلانی ستراتیژی 5 ساڵەی کشتوکاڵ رەزامەندی لەسەر درا.

بۆ ساڵی یەکەم حکومەت 50 ملیار دیناری بۆ قەرزەکە تەرخان کرد و بڕی 60 ملیۆن دیناریش وەک بەرزترین ئاستی سوودمەندبوون دیاری کرا، بەڵام بەهۆی 2%ی سوو لەسەر قەرزەکە، جوتیاران وەک پێویست پێشوازییان لێ نەکرد و تەنیا 674 جووتیار قەرزەکەیان وەرگرت.

لەساڵی دووەمدا لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ سووەکە لادرا و بڕی 75 ملیار دیناریش تەرخان کرا، بڕی سوودمەندبوونیش بۆ 80 ملیۆن دینار زیاد کرا، لەو ساڵەدا 1818 جووتیار قەرزەکەیان وەرگرت، لە ساڵی 2011 تاوەکو 2013 بڕی 100 ملیار دینار بۆ قەرزەکە تەرخان کرا و بڕی سوودمەندبوون بۆ 100 ملیۆن دینار بەرزکرایەوە، لەم سێ ساڵەشدا 4333 جوتیار ئەو قەرزەیان وەرگرت.

د.ئەنوەر عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی پلانی 5 ساڵەی کەرتی کشتوکاڵ، کردنەوەی دەرگاکانی بانکە کشتوکاڵییەکان بوو بەڕووی جوتیاراندا، بۆ ئەوەی گەشە بە پرۆژە کشتوکاڵییەکانیان بدەن و بەو هۆیەش بەرهەمی ناوخۆیی زیاد بکرێ و بگاتە ئاستی خۆبژێوی".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لەساڵی 2009 تاوەکو 2013 بڕی 179 ملیار و 482 ملیۆن و 742 هەزار دینار قەرزی کشتوکاڵی دراوە بە جووتیاران، ئەوانیش 6825 پرۆژەیان پێ جێبەجێ کردووە.

د.ئەنوەر دەڵێت "بەپێی پلانەکە دەبووایە ساڵانە حکومەت 120 ملیار دینار بۆ قەرزی کشتوکاڵ تەرخان بکات، بەڵام بەهۆی گرفتی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە و دەرکردنی رێنمایی، بانکەکان نەیاندەتوانی تاوەکو مانگی تەمموز یان ئاب قەرز بدەن، بۆیە ئەو بڕە پارەیەی ساڵانە تەرخان دەکرا تەنیا 46%ی دراوە بە جووتیاران".

قەرزەکە 14 بواری جۆراوجۆری وەک پرۆژەکانی پەلەوەر، ماسی، هەنگ، باخداری، چاندنی قارچک، خانووی پلاستیکی، کۆگای ساردکەرەوە، لێدانی بیر، کڕینی تراکتۆر و دەڕاسە، ئامێری پرژاندن، راکێشانی هێڵی کارەبا و چەند بوارێکی دیکە دەگرێتەوە، ماوەی پێنج ساڵیش بۆ گەڕانەوەی زۆربەی قەرزەکان دیاری کرا.

د.ئەنوەر دەڵێت "لەکۆی ئەو پرۆژانەی قەرزیان بۆ وەرگیراوە، بێجگە لە ئامێر و ئالەتەکان 2 هەزار پرۆژەیان بەرهەمدارن لە بوارەکانی بەخێوکردنی مانگای شیر و پەلەوەر و هەنگ و باخ، ئەم پرۆژانەش جگە لەوەی بوونەتە هۆی زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆ، رێژەی بێکاریشیان کەم کردووەتەوە". گوتیشی "پێش قەرزەکە، تەنیا دەمانتوانی 35%ی پێداویستی ناوخۆ دابین بکەین، بەڵام دوای قەرزەکە رێژەکە بەرزبووەتەوە بۆ 45%. بۆیە دەتوانین بڵێین قەرزی کشتوکاڵ تەکانێکی باشی بە پرۆژە کشتوکاڵییەکان دا و رۆڵێکی باشی لەزیادکردنی بەرهەمی ناوخۆدا هەبوو".

بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەی دووساڵە قەرزی کشتوکاڵ وەستاوە، بەمەش سستیی کەوتە نێو پرۆژە کشتوکاڵییەکان.

نووری ئیسماعیل، بەڕێوەبەری پێشینەو بە بازاڕکردن لە وەزارەتی کشتوکاڵ گوتی "قەرزی کشتوکاڵی رۆڵێکی زۆری هەبوو بۆ گەشەپێدانی پرۆژە کشتوکاڵییەکان، بەهۆی وەستانی قەرزەکان بە سەتان پرۆژە بەنیوەچڵی ماونەتەوە، جووتیاران توانایان نییە لەسەر ئەرکی خۆیان تەواوی بکەن".

ئەو جووتیارانەی قەرزەکەیان وەرگرتووە، دەڵێن بەهۆی قەیرانی دارایی و بێ بازاڕییەوە ناتوانن لە کاتی خۆیدا قەرزەکان بدەنەوە، بۆی داوای درێژکردنەوەی ماوەی قەرزدانەوەکە دەکەن.

نووری ئیسماعیل دەڵێت "ئەو داواکارییەمان گەیاندووەتەوە ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام تائێستا هیچ وەڵامێکمان وەرنەگرتووە".

لەسەر پێشنیازی وەزارەتی کشتوکاڵ، لەساڵی 2013دا پرۆژەی قەرزی کشتوکاڵ هەموارکرایەوە. بەپێی رێنمای نوێ بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ 500 ملیاری دینار زیادکراوە و بڕی سودمەندبوونیش بۆ 150 ملیۆن بەرزکراوەتەوە، ماوەی دانەوەی قەرزەکانیش لە5 ساڵەوە بۆ 10ساڵ بۆ پرۆژە ئاسایی و 15 ساڵیش بۆ پرۆژەی ستراتیژی درێژکرایەوە.

نووری ئیسماعیل دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژەی قەرزی کشتوکاڵی لەکۆتایی ساڵی 2013وە وەستاوە، ئەم رێنماییانەش بەهۆی پەسەندنەکردنی بودجە جێبەجێ نەکرا".

گوتیشی "جووتیارێکی زۆر داوای وەرگرتنی قەرز دەکەن، بەڵام بەهۆی وەستانی قەرزەکە، ماوەی دوو ساڵە هیچ مامەڵەیەکمان وەرنەگرتووە".

بەبڕوای ئەو بەڕێوەبەرەی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەگەر قەیرانی دارایی نەبووایە ئێستا بەسەتان پرۆژەی ستراتیژی و بەرهەمدار لەڕێگەی قەرزی کشتوکاڵی دەکەوتە بواری جێبەجێکردنەوە "بەرهەمی ناوخۆ بە رێژەیەک زیاد دەبوو کە پێویستمان بە بەرهەمی هاوردە نەبێ".

لەڕێگەی قەرزی کشتوکاڵەوە 1896 پرۆژەی جۆراوجۆر لەسنووری پارێزگای دهۆک ئەنجامدراوە، بڕی زیاتر لە 50 ملیار و 728 ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکراوە.

خالد محەممەد، بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری کشتوکاڵی لە پارێزگای دهۆک، دەڵێت "لە سنووری پارێزگای دهۆک پشکی شێری قەرزە کشتوکاڵییەکان بۆ پرۆژەی پەلەوەر وەرگیراون، بەمەش پرۆژەکانی پەلەوەر لەڕووی چەندایەتی و بەرهەمەوە بە رێژەیەکی زۆر زیادبوون".

وەستانی قەرزی کشتوکاڵی گرفتێکی زۆری بۆ بەشێک لە جووتیاران دروست کردووە، چونکە بەشێک لە پرۆژەکان چەند قستێکیان وەرگرتووە و پرۆژەکەیان نیوەچڵ بووە، ئێستاش داوای گەڕانەوەی قەرزەکانیان لێدەکەن، ئەوانیش نەگەیشتوونەتە بەرهەم، بۆیە ناتوانن قیستەکان بگەڕێننەوە.

بەبڕوای خالید محەممەد، سیستەمی بەخشینی قەرزی کشتوکاڵی هەر لە بنەڕەتەوە هەڵەی تێدا کراوە و دەڵێت "دەبووایە ئەو قەرزە لە سندوقێکی تایبەت دابنرێ، دوای گەڕانەوەی قەرزەکانیش جارێکی دیکە بە جووتیارانی دیکە بدرێ، بەڵام ئێستا ساڵانە پارەکە دەچێتەوە خەزێنەی گشتی و جارێکی دیکە دوای پەسەندکردنی بودجە، ئینجا پارە بۆ قەرزەکە تەرخان دەکرێت".

د.ئەنوەر پێشنیازێکی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی هەیە و دەڵێت "ئەو قەرزانەی جووتیاران کە ساڵانە دەگەڕێنەوە، جارێکی دیکە وەک قەرزی کشتوکاڵی بە جووتیاری دیکە بدرێ، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی بانکی کشتوکاڵی بەردەوام بێ".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (385) دووشەممە 2015/11/30





## بەرپرسێکی ئەمریکی وێنەی کوردێک بەرزدەکاتەوە

**ڕووداو — نیویۆرک**

بیڵ دێ بلازیۆ، سەرۆکی شارەوانی نیویۆرک، بە تووڕەییەوە وێنەی ئالان کوردی بەرزدەکاتەوە و دەڵێت "ئەمە باجی ڕێگەنەدانە بە هاتنی ئەو خەڵکەی کە قوربانی کارەساتە مرۆییەکانن". هەفتەی ڕابردوو ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا یاسایەکی نوێی پەسەند کرد تایبەت بە کۆچبەرانی عێراقی و سووری. بەگوێرەی ئەو یاسایە "پێش ئەوەی عێراقی و سوورییەکان بتوانن بێنە ئەمریکا و مافی پەنابەری وەرگرن، دەبێت سێ بەرپرسی باڵای حکومەتی ئەمریکی بە پلەی وەزیر واژۆ لەسەر یەکە یەکە ناوەکانیان بکەن و شایەتی بدەن کە ئەو کۆچبەرانە کاری تیرۆرستی لە ئەمریکا ناکەن".

# کۆچبەران بازاڕی وەرگێڕەکان گەرم دەکەن


چەند وەرگێڕێکی خۆبەخشی خاچی سووری نێودەوڵەتی

کۆچبەرێکی عەرەب:

## وەرگێڕی کورد بەرتیل دەدەنە بەرپرسی کەمپەکان

ڕووداو- ستۆکهۆڵم، هێلسنکی

هاتنی بەلێشاوی کۆچبەران بۆ ئەوروپا بازاڕی وەرگێڕەکانی بە جۆرێک گەرم کردووە کە لە مێژووی وڵاتانی باکووری ئەوروپا و سکەندنافیادا وێنەی نەبووە. خاوەن کۆمپانیایەکی وەرگێڕان لە هێلسنکی دەڵێت "ڕۆژ هەیە زیاتر لە 30 وەرگێڕی فریلانسم خستووەتە کار کە ئەمە بێ وێنەیە".

هەژار مستەفا خۆی وەرگێڕ نییە، بەڵام کۆمپانیایەکی وەرگێڕانی لە هێلسنکی هەیە و دەڵێت "ئێستا وەرگێڕان باشترین بزنسی ڕۆژە، ئێستا ئەوەی بە باشی زمانی فینلاندی بزانێت و توانای وەرگێڕانی یەک لە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسیی هەبێ، داهاتی هەفتانەی نزیکەی 2000 یۆرۆ دەبێت".

### "مامەڵەیان خۆش نییە"

بەهۆی پێویستیی زۆری کۆچبەران بە وەرگێڕ، وەرگێڕەکان جۆرێک لە بێ منەتییان پێوە دیارە، بەبڕوای کۆچبەران ئەوەش وایکردووە مامەڵەیان خۆش نەبێت.

پەژارە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هێلسنکی کە چاوەڕوانی هاتنی پزیشک بوو، بە (ڕووداو)ی گوت "وەرگێڕەکەم خەڵکی شارەکەی خۆمە، کەچی وەک زیندانییەکی بەردەستی مامەڵەم لەگەڵ دەکات".

پەژارە کە لە ڕێگەی سوێدەوە گەیشتووەتە فینلاند و تا ئەوێ خۆی لەنێو بارهەڵگردا حەشار داوە، بەهۆی ئەوەی سەرمای بووە نەخۆش کەوتووە. ئەو دەڵێت "وەرگێڕەکان پیاون، بۆ من زۆر ناخۆشە لە ڕێگەی وەرگێڕەوە باسی نەخۆشیی ژنانە بکەم". گوتیشی "بەهۆی ناشرینیی مامەڵەی وەرگێڕەکەم، زۆر شت باس ناکەم".

هەژار خاوەنی کۆمپانیایەکی وەرگێڕان کە بەرپرسە لە تەرخانکردنی وەرگێڕ، گوتی "پەنابەر دەتوانێت شکات بکات و وەرگێڕ بگۆڕێت، بەڵام کەمیی وەرگێڕ کارەکەی قورس کردووە".

هەژار ڕەتیکردەوە مامەڵەی وەرگێڕەکان بەو شێوەیە بێ کە کۆچبەران باسی دەکەن و دەڵێت "ئەگەر حاڵەتی لەو شێوەیەش هەبێ، سکاڵاکانیان لەلای بەرپرسی کەمپەکان بە هەند وەردەگیرێت". بەڵام پەژارە گوتی "جۆرێک ڕێککەوتن لە نێوان بەرپرسی کەمپەکان و وەرگێڕەکان هەیە و هیچ گوێمان لێ ناگرن".

سەعید خەفاف، زیاتر لە 24 ساڵە لە فینلاند کاری وەرگێڕان دەکات، گوتی "ئێمە وەک خۆبەخش کار دەکەین و کۆچبەرەکان لە هەندێ شت تێناگەن".

خەفاف ڕەتیکردەوە کە لە نێوان ئەواندا شتی وا هەبێت و گوتی "بەشێک لە کۆچبەران پێمان دەڵێن، تۆ لەسەر حیسابی من پارە وەردەگری، بەپێچەوانەوە ئەوان مامەڵەیان خۆش نییە".

### لە پیتزاوە بۆ وەرگێڕان

کورد لەنێو پەنابەراندا بە کاری چێشتخانە و خواردنگە و بەتایبەتی پیتزاخانە ناسراون. تەنانەت لە بەرنامە تەلەڤزیۆنەکان و میدیادا بەگشتی و لە کۆبوونەوە و کۆڕبەندە سیاسییەکانیشدا باسی پیتزاخانەکانیان دەکرێت. لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشدا، پارتە نەژادپەرستەکان چەندین جار باسیان کردووە، لە یەکێک لە دروشمەکانی پارتی فینلاندییە ڕەسەنەکاندا هاتبوو: "پیتزای هەرزانی پەنابەر، زیان لە ئابووریی وڵات دەدات". مانگی ڕابردووش سەرۆک وەزیرانی فینلاند گوتبووی "پیتزای 5 یۆرۆیی، دزینی داهاتی وڵاتە، چونکە باج نادەن".

ئێستا بزنسی پیتزای کوردان بووەتە کارێکی دیکە کە وەرگێڕانە. دیلان ئامێدی لە شاری لاهتی خاوەن پیتزەری بووە و وازی لە کارەکەی هێناوە و بووەتە وەرگێڕ. ئامێدی بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر لە 13 کاژێر کارکردن، پاش شەڕکردن و فرت و فێڵێکی زۆر، داهاتی سەعاتی کارم تەنیا 20 یورۆ بوو، بەڵام کاژێری کارم ئێستا 45 یورۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا وەرگێڕان بە کارێکی مرۆیی دەزانم".

دیلان زۆربەی کارمەندەکانی پیتزاخانەکەی لەگەڵ خۆی بردوون و ئێستا پێکەوە لە سەربازگەی لاهتی کە گەورەترین کەمپی ئەو شارەیە کار دەکەن. دیلان نەیشاردەوە کە بەنیازە بەردەوامی بەکارەکەی بدات و کۆمپانیایەکی بواری وەرگێڕان دابنێ".

بەڵام هێژا مستەفا کە لەگەڵ دیلان لە یەک شوێن کار دەکات، زۆر لە ئیشەکەی ئاسوودە نییە و دەڵێت "زۆرجار لایەنی دەروونیمان خراپ دەبێت و هەست بە ڕووخان دەکەم، هەستێکی زۆر ناخۆشە کە گەلی خۆم بەو شێوەیە دەبینم".

### وەرگێڕی کورد بەرناکەون

کرێی وەرگێڕان بەپێی ژمارەی ئەو زمانانەیە کە وەرگێڕەکە دەیزانێ. لە سوێد و فینلاند یەک سەعات کاری وەرگێڕان بە 50 دۆلارە، بەڵام ئەوەی دوو زمان بزانێت 65 دۆلار بۆ سەعاتێک وەرگێڕان وەردەگرێت، کەسێکیش سێ زمان بزانێت، 80 دۆلار وەردەگرێ.

ئیبراهیم محەممەد کە لە یەکێک لە کەمپەکانی شاری یۆتۆبۆری کاری وەرگێڕان دەکات، دەڵێت "وەرگێڕە کوردەکان کاریان زۆر باشە، چونکە زۆربەیان زمانی فارسی یان عەرەبیش دەزانن، بە تایبەتیش کوردی باشووری کوردستان بە زانینی ئەم زمانانە، بووەتە بێ ڕکابەر لە دەستکەوتنی کار".

بەڵام سەفا کە کۆچبەرێکی عەرەبە و خەڵکی دیوانیەیەی باشووری عێراقە، قسەی ئەو وەرگێڕە کوردە ڕەتدەکاتەوە کە وەرگێڕی کورد بەهۆی زانینی سێ زمانەوە بازاڕیان باش بێت "بەڵکو بەرتیل و ڕێککەوتن هەیە".

سەفا گوتی: "ئێمە لەوە تێدەگەین کە بەهۆی زانینی عەرەبی و فارسی، کورد کاری زیاترە، بەڵام بەداخەوە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت عێراقی، ئەوروپیەکانیشمان فێری فرتوفێڵ و گەندەڵی کردووە، بەهۆی ڕێککەوتنی بەرپرسی کەمپەکان، کارەکان خەریکە قۆرخ دەکرێن".

سەید عەتا، کە خەڵکی هەرێمی کوردستانە و ئێستا لە شاری هێلسنکی وەرگێڕی فریلانسە، گوتی "چەند کۆنتراکتێکم لەگەڵ کۆمپانیاکاندا هەیە، بەڵام نەک هەر من، کۆمپانیاکەش خەریکە شکست دێنێ".

سەید عەتا هۆکارەکەی ڕوونکردەوە و گوتی "زۆر بەرپرسی دووەم، یان سێیەم، یان بەشێک لەوانەی لە نێو کەمپەکان کار دەکەن، کورد و عەرەبن کە بۆ هێنانی وەرگێڕ لەگەڵ کۆمپانیا ڕێکدەکەون. بەمەش جۆرێک لە شەراکەت دروست بووە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک فینلاند، سێ بۆ چوار گەورە کۆمپانیا، تەواوی کارەکانیان قۆرخ کردووە". گوتیشی "ئێستا سویدی و فینلاندییەکانیش فێری ئەم کەسابەتە بوون".

# فەیلییەکانی سوید لە بازرگانیدا یەکەمن

## پاشای سوێد لای بازرگانێکی کورد گۆشت دەکڕێت

ڕووداو — ستۆکهۆڵم

کوردی تاراوگەنشین لە سوید بە یەکێک لە پێکهاتە کاراکانی ئەو وڵاتە لە ژیانی سیاسیدا دادەنرێ، بەڵام لەنێو ئەواندا فەیلییەکان، هیچ جۆرە بەشدارییەکی سیاسییان نییە و زۆرتر ڕوویان لە کاری بازرگانی کردووە. بازرگانێکی فەیلی، هۆکاری ئەوە بۆ بێهیوابوونیان لە سیاسەت دەگێڕێتەوە.

پتر لە 250 کورد لە ناوەندە ئیداری و باڵاکانی ئەو وڵاتەدا، لەوانەش پەرلەمان و کۆمۆن و ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا هەن، بەڵام هیچیان فەیلی نین.

عیسا فەیلی، دانیشتووی شاری ستۆکهۆڵم و کادری پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوێد، دەڵێت "من کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی ناوچەی سویدی پارتیم، ڕەنگە تاکە کوردی فەیلی بم کە ئەم کارە دەکەم".

لە کۆی ئەو 120 هەزار کوردەی لە سوێد دەژین، نزیکەی 23 هەزاریان کوردی فەیلین کە 15 هەزاریان لە ستۆکهۆڵمی پایتەخت و شارۆچکەکانی دەوروبەری نیشتەجێن. بەشێکی زۆریان ئەوانەن کە لەدوای ڕاگواستنیان لە عێراقەوە بۆ ئێران، لەوێ نەحەواونەتەوە و ڕوویان لە ئەوروپا کردووە، بەشێکیشیان بەم دواییە چوونەتە ئەوێ و تەمەنی ژیانی تاراوگەنشینییان 10-15 ساڵ تێناپەڕێ، بەڵام هەمیشە جێگەیان دیارە و وەک بازرگانێکی ناسراوی فەیلی لە ستۆکهۆڵم گوتی "گرێی کەمینەیی هەمیشە وای کردووە دەربکەوین".

### "کۆنترۆڵی بازاڕی سوید دەکەین"

عەرەفات فەیلی کە بازرگانێکی کوردە، دەڵێت "نابینە پارلەمانتار و هیوادارم فەیلییەک لەو پۆستەدا نەبینم". ئەو سستیی بەشداریکردنی کوردە فەیلییەکان لە ژیانی سیاسیدا بە شتێکی نەرێنی دەزانێت، بەڵام پێیوایە ئەوان لە بوارێکی دیکەدا خۆیان دۆزیوەتەوە، ئەویش کاری بازرگانییە و دەڵێت "ئەگەر ڕێگەمان پێ بدرێت، وەک بیانیانی ئەم وڵاتە کۆنترۆڵی بازاڕی سوید دەکەین".

ئەو کە بازرگانێکی دانیشتووی شاری ستۆکهۆڵمە و لە بواری گواستنەوە و خۆراکدا کار دەکات، گوتیشی "هەموو کەس شاهیدی ئاستی بەرزی بازرگانیی کوردە فەیلییەکانن لە بەغدا، ئەگەر ڕێگە بدرایە، کۆنترۆڵی بازاڕی عێراقمان کردبوو. بەهۆی زیرەکیی ئێمە، ئێستا بزنسمانە فەیلییەکان جێی شانازیی سویدن".

بەڵام بازرگانێکی دیکەی کوردی فەیلیی دانیشتووی ستۆکهۆڵم کە گەورەترین کۆمپانیای فرۆشتنی گۆشت لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە دەبات، بۆچوونی پێچەوانەی هەیە و دەڵێت "بێ هیوایی کوردی فەیلی لە سیاسەت وای کرد بیر لە ڕێگەی دیکە بکەنەوە".

### پادشا لای کوردێکی فەیلی گۆشت دەکڕێت

لە سوید کەس نییە، گوێی لەناوی گۆشتی (قیبلە و حەڵاڵ) نەبووبێت، تەنانەت شای سوید و حکومەتیش لەکاتی هاتنی شاندە موسوڵمان و ڕۆژهەڵاتییەکاندا گۆشت لە بازاڕێک دەکڕن کە دوو کورد بەڕێوەی دەبەن و یەکێکیان فەیلییە.


فاروق فەیلی: کەمینە هەمیشە خولیای خۆدەرخستنی هەیە، فەیلییەکان لە بواری ئابووری و بازاڕدا ئەم گرێیەیان هەبووە.

جەمیل و دلێر، کۆنترۆڵی بازاڕی گۆشت بواری خۆراکیان لە سوید کردووە.

دلێر خەڵکی سلێمانییە و بازاڕەکەی لە ستۆکهۆڵم دامەزراندووە، پاشان جەمیل فەیلی بووە بە شەریکی و گەیاندوویانەتە ئەوەی ببێتە پێشەنگ لە باکووری ئەوروپا. بەرپرسی یەکەیەکی ئەو بازاڕە کە ئەویش فەیلییە، دەڵێت: "لەماوەی 20 ساڵدا، بڕی فرۆشتنی ساڵانەمان لە شەش ملیۆن کرۆنەوە بۆ 300 ملیۆن کرۆن بەرزکردەوە، بەمەش بووینە پێشەنگی بواری خۆراک بەگشتی و گۆشت بە تایبەتی".

فاروق فەیلی، برای جەمیل کە کۆمپانیاکەی جەمیل و دلێر بەڕێوەدەبات، گوتی "کەمینە هەمیشە خولیای خۆدەرخستنی هەیە، فەیلییەکان لە بواری ئابووری و بازاڕدا ئەم گرێیەیان هەبووە".

باپیر و مامم و خاڵ و زۆربەی کەسەکانی بنەماڵەکەی فاروق لە بازرگانە ناسراوەکانی عێراق بوون.

تەمەنی کۆمپانیاکەی ئەوان و فراوانبوونی لە سوێد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1994 و ئێستا گەورەترین کارگەی گۆشت لە ستۆکهۆڵم هی فەیلییەکانە.

بەرهەمە گۆشتییەکانی ئەو کۆمپانیایە، ئێستا 20%ی بەرهەمی گۆشتی سوید پێکدێنێ، فاروق دەڵێت "وەک بەرهەمی بەرخ، پێشەنگین و یەکەمین کۆمپانیاین لەسەر ئاستی سوید، هەروەها گۆشتی گەورە کۆمپانیاکانی وەک ICA و Coop و بازاڕەکانی فینلاند و نەرویج و دانمارکیش دابین دەکەین".

فاروق فەیلی کە هاوکات ماستەری لە بواری کارگێڕی و بزنس لە زانکۆیەکی ئۆکرانی بەدەست هێناوە، بەڵام بایەخ بە بابەتە کولتووری و نیشتمانییەکانیش دەدات و لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە ڕێکخراوێکی تایبەت بە فەیلییەکانیان بەناوی (یەکێتی دیموکراتی کوردە فەیلییەکان) دامەزراندووە. فاروق گوتی "کورد بوون و دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی جیاکاری، ئامانجی سەرەکیی ئێمەیە".

بۆ دوورکەوتنەوەش لە لایەنگری و وابەستەبوون بە لایەنێکی سیاسییەوە، نەریتی تایبەتیی خۆیان هەیە. فاروق دەڵێت "تەنیا لەڕێگەی چالاکیی کولتووری و بە سوودوەرگرتن لە ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا کار و پەیوەندی دەکەین، ئۆفیس و شتی دیکەمان نییە، چونکە نەمانویستووە لەهیچ لایەنێک سوودمەند بین".

بەپێچەوانەی هاوڕێکانی کە دەڵێن فەیلییەکان تاقەتی سیاسەتیان نییە، فاروق دەڵێت پەراوێزخستنی پرسی فەیلی لەلایەن پارتە کوردییەکانەوە، یەکێکە لە هۆکارەکانی دامەزراندنی یەکێتییەکەیان و دەڵێت: "لەڕێی ئەم ڕێکخراوەوە نوخبەیەکی باشی کوردی فەیلیمان کۆکردووەتەوە".

فاروق فەیلی بەپێچەوانەی دەوڵەمەندەکانی دیکە، لە پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید نزیکە، چونکە بە باوەڕی ئەو "تەنانەت لەڕووی بازرگانی و بازاڕیشەوە پارتی مۆدیرات سەرکەوتوو نییە".

هونەری
ڕووداو
ژمارە (385) دووشەممە 2015/11/30

## شەڕی جەزائیر و فەرەنسا لە هەولێرە

هیوا سەلاح– ڕووداو– هەولێر

شانۆگەری سەموم لە نووسینی نووسەری بەناوبانگی سوێدی ئۆگۆست ستریندبێرگ، لە شاری هەولێر نمایش دەکرێت. سوارە کافرۆشی دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەموم، شانۆگەرییەکی مێژووییە، باس لە داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە دەکات، چیرۆکی ئەم شانۆگەرییە باسی تۆڵەکردنەوەی کچێکی عەرەب دەکات لە سەربازێکی فەرەنسی کە تاوانبارە بە کوشتنی خۆشەویستەکەی".

ئەم شانۆگەرییە بە سەرپەرشتی بەشی شانۆی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدینە و بڕیارە مانگی داهاتوو لە هەولێر نمایش بکرێ". هەریەک لە بەهرە ئیسماعیل، شڤان خدر و پەیوەند ئیسماعیل لەم شانۆگەرییەدا ڕۆڵ دەبینن.



### لاکشمیبای، شاژنی جانسی بۆ (ڕووداو):

# لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بابەتم لەسەر کورد خوێندووەتەوە



ڕۆژنامەنووس و ئەکتەری سینەمای هیندییە، لە کوردستان لە ڕێگای درامایەکی درێژەوە کە ساڵی ڕابردوو لە کەناڵی کوردسات پەخش دەکرا، بە سێ ناو (شاژنی جانسی، لاکشمیبای، مانوو) ناسرا، بەڵام ناوی ڕاستەقینەی کرەتیکا سەناگەرە.

ناوبانگی ئەو ئەکتەرە هیندییە لە کوردستان بە جۆرێک بڵاوبووەوە کە جۆرە تاکسییەکی کۆمپانیای نیسانی کۆکراوەی هیندستان، ئێستا لە نێو خەڵک بە لاکشمیبای ناوی دەهێنرێ.

کرەتیکا لەساڵی 1982 لە کانپووری ولایەتی ئۆتا پرادێشی هیندستان لەدایک بووە. وەکو ئەکتەر لە زنجیرە تەلەفزیۆنەکان و سینەمای بۆلیوود ڕۆڵی بینیوە. تاوەکو ئێستا بەشداری لە 13 درامای تەلەفزیۆنیدا کردووە لەگەڵ فیلمێکی سینەمایی، لەسەر ئاستی وڵاتەکەی 11 خەڵاتی جۆراوجۆری بەدەستهێناوە. کرەتیکا دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی ئەمیتی هیندستان. ماوەی ساڵێکیشە شووی کردووە. (ڕووداو) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

تەیار عادل گۆران
ڕووداو- بەردەڕەش

**لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە گەیشتمە بۆلیوود**

**جوانیی کچ مەرجە بۆ بەشداریکردنی لە فیلمەکانی بۆلیوود**

**ڕووداو: تۆ دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی، چۆن بووی بە ئەکتەر؟**

**کرەتیکا:** کاتێک بەشی ڕاگەیاندنم لە زانکۆی ئەمیتی شاری نیودەلهی تەواو کرد، بۆ مەبەستی کاری ڕۆژنامەنووسی ڕووم لە مۆمبای کرد، هەر لەو شارەش دەرفەتم بۆ ڕەخسا کاری نواندن بکەم، سەرەتا بە ڕۆڵی بچووک بچووک دەستم پێکرد، دواتر چوومە نێو کارە گەورەکانەوە.

**ڕووداو: کە چوویە مۆمبای لە کام دەزگای ڕاگەیاندن کارتان کرد، چ کارێکتان دەکرد؟**

**کرەتیکا:** ساڵی 2006 کە چوومە مۆمبای، تەمەنم 24 ساڵ بوو، هیچ شارەزا نەبووم، سەرەتا سیڤی خۆم پێشکەشی ئاژانسی مۆمبای کرد و لەوێ وەرگیرام کە ئەوە یەکێک لە خەونە گەورەکانی من بوو، وەکو بێژەر و پەیامنێر لەو ئاژانسە دەستبەکار بووم. دواتر چوومە کەناڵی هەنگاما و ماوەیەک لەوێش کارم کرد، لەم دوو دەزگایە ئەزموونی باشم وەرگرت.

**ڕووداو: لە هیندستان ڕۆژانە بە دەیان کچ و کوڕی وەکو تۆ ڕوو لە مۆمبای دەکەن بۆ مەبەستی کارکردن لە بۆلیوود، بەڵام زۆربەیان وەرناگیرێن و بە نائومێدی دەگەڕێنەوە، کێ یارمەتیدەرت بوو بۆ ئەوەی بگەیتە بۆلیوود؟**

**کرەتیکا:** من پێش ئەوەی بچمە مۆمبای، چەندین کۆرسم لەسەر شێوەزارەکانی زمانی هیندی وەرگرت، هەر زوو بیرم لەوە کردەوە کە گرنگیی تایبەت بە زمانی هیندی و ماراتی بدەم، چونکە ئەم دوو زمانە لە مۆمبای گرنگن. لەلایەکی دیکەوە لە زانکۆ و تێستەکاندا گرنگییەکی زۆرم بە کارەکەم دەدا، لە بەشی تیڤی کاتێک تاقیکردنەوەیان پێکردم یەکسەر سەرکەوتم و وەرگیرام، بەڵام نابێت ڕۆڵی ئەمبانی شارماش لەبیر بکەم کە وەکو مامۆستایەک هەمیشە ڕێنوێنی دەکردم و لە ڕێگای پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ سینەماکار و دەرهێنەرەکان یارمەتی زۆری دام.

**ڕووداو: هەست ناکەی جوانییەکەت ڕۆڵی هەبوو لەوەی گرنگیت پێ بدرێت؟**

**کرەتیکا:** ڕاستە لە بۆلیوود بۆ ئەوەی ببی بە ئەکتەری سەرەکی فیلمێک مەرجی یەکەم ئەوەیە دەبێت جوان بی، بەڵام من وا هەست دەکەم ئەو هێزەی کە لە ناخی کرەتیکادایە، هاوکار بوو بۆ ئەوەی سەر بکەوێ لە کاری هونەریدا.

**حەز دەکەم فیلمی کوردی ببینم**

**ڕووداو: یەکەم ڕۆڵت کەی و لە کام فیلم بوو؟**

**کرەتیکا:** یەکەم ڕۆڵم لە ساڵی 2007 بوو لە فیلمی (کیون کی ساس بی کەبهی باهۆتێ) لەو فیلمەدا ڕۆڵی کچە هەژارێکم بینی، ڕۆڵەکەم لە نێو فیلمەکەدا زۆر کەم بوو.

ڕووداو: جگە لە درامای تەلەفزیۆنی و ئەو فیلمەی باست کرد، بەشداریت لە هیچ فیملێکی بۆلیووددا نەکردووە؟

کرەتیکا: بەڵێ لە فیلمێکی بۆلیووددا بەشداریم کردووە، فیلمەکە بەناوی (my father good father) بوو واتە (باوکم باوکێکی باشە) لەو فیلمەدا ڕۆڵی سەرەکیم بینیوە.

**ڕووداو: تۆ لە کوردستان بە فیلمی شاژنی جانسی ناوبانگێکی زۆرت پەیدا کردووە، هیچ شتێک لەبارەی کوردەوە دەزانی؟**

**کرەتیکا:** لە ڕۆژنامەکان هەندێک شتم لەسەر کورد خوێندووەتەوە و لە تیڤیەکانیش هەواڵم لەبارەی کوردەوە بیستووە، بەڵام هیچ زانیارییەکم لەسەر هونەر و سینەمای کوردی نییە، حەز دەکەم فیلمی کوردی ببینم. لێرەوە ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو هەوادارانم لە کوردستان دەنێرم.

**ڕووداو: چیرۆکی درامای شاژنی جانسی، چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، یان ئەویش وەکو زۆربەی دراما هیندییەکان ئەفسانەیە؟**

**کرەتیکا:** نەخێر شاژنی جانسی بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە. ئەو کچە لە ساڵی 1828 لە خێزانێکی ماراتی لە ناوچەی ڤاراناس لەدایک بووە و ناوی تەواوی مانی کارنیکا بووە، تەمەنی چوار ساڵان بووە کە دایکی مردووە. ساڵی 1842 شوو بە پادشای ویلایەتی جانسی ڕاجا گانگادهار، ڕاو ناوالکەر دەکات و دەبێتە شاژنی جانسی. دواتر سەرکردایەتی شۆڕشێکی هیندییەکان لەبەشی باکووری وڵات لە دژی ئینگلیزەکان دەکات.

**ڕووداو: بەڵام بەشێک لە دیمەنەکانی دراماکە موبالەغەی زۆری تێدایە و هەست ناکەی ئەوە ڕاستی بێت؟**

**کرەتیکا:** ئەو بابەتە پەیوەندی بە دەرهێنەری دراماکەوە هەیە. من تەنیا وەکو ئەکتەری سەرەکی لە دراماکەدا ڕۆڵم بینیوە، ئەوەی بۆ من گرنگ بوو ئەوە بوو کاتێک ئەو ڕۆڵەم پێدرا، چەندین پەرتووکم لەسەر مانوو، واتە شاژنی جانسی خوێندەوە بۆ ئەوەی بتوانم لە ناخەوە بەرامبەر بە کامێرا ببمە مانوو. بۆ ڕۆڵەکەشم بینەر دەتوانن حوکمی لەسەر بدەن.

**هیچ زانیاریم لەسەر هونەر و سینەمای کوردی نییە**

### ئانا دێمی، سینەماکاری ئوسترالی بۆ (ڕووداو):

# کوردستان پڕە لە چیرۆکی فیلم



هەرچەندە پیری تەنگی پێ هەڵچنیوە، بەڵام گورج و گۆڵە و وەک گەنجێکی بە حەماس هێشتا لەنێو سینەمادا کاردەکات. ئانا دێمی، سینەماکاری ئوسترالی بۆ سێیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەما لە دهۆک وەک سەرۆکی لێژنەی دادوەریی فێستیڤاڵ بانگهێشت کرابوو، دوای تەواوبوونی فێستیڤاڵەکە، (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

هیوا سەلاح
ڕووداو – دهۆک

**ڕووداو: بەهۆی چوونە تەمەنەوە وازت لە کاری نواندن هێناوە، ئێستا خەریکی چیت؟**

**ئانا:** من وەک نوێنەری خەڵاتی پاسیفیکی ئاسیا، لە ئوسترالیاوە هاتوومەتە کوردستان، دوای ئەوەی چەندین ساڵ لە بواری دروستکردنی فیلم و بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵدا کارم کرد، ئێستا دەستم کردووە بە کارکردن لەگەڵ ژمارەیەک قوتابی لە بواری فیلم، ئەویش لە ڕێگەی گوتنەوەی وانەی سینەما لە پاسیفیکی ئاسیا. هەروەها بڕیارە پێنج فێستیڤاڵی بچووکی فیلمی ئێرانی لە ئوسترالیا بەڕێوەببەم.

**ڕووداو: بەرلەوەی سەردانی دهۆک بکەیت، زانیاریت لەسەر کوردستان هەبوو؟**

**ئانا:** بەڵێ بەدڵنیاییەوە دەمزانی کوردستان کوێیە و ژمارەیەک فیلمی کوردیم بینیبوو، ئەوە یەکێک بوو لە هۆکارەکان کە پێم خۆش بوو بێمە ئێرە. ساڵی ڕابردوو لە خەڵاتی پاسیفیکی ئاسیا لەگەڵ دوو لە دەرهێنەرەکانیان یادگاریی زۆرمان هەبوو، ئەوانم بینی و کاتێکی باش پێکەوە بووین و قسەمان کرد. هەندێک بەشی فیلمەکانمان بینی، بۆیە حەزم لێبوو سەردانی کوردستان بکەم، تا هەندێکی دیکە لەم جۆرە فیلمانە ببینم.

**ڕووداو: ئاستی فیلمی کوردی چۆن دەبینی؟**

**ئانا:** پێموایە ژمارەیەک فیلمی کوردی زۆر باش هەن، هەندێکیان یەکجار باشن، بەڵام هەندێکی دیکەیان کواڵێتییان نزمە. بەشێوەیەکی گشتی بابەتی فیلمەکان سەرنجڕاکێشن و ناوەڕۆکیان زۆر گرنگن، پێموایە ئەمە شتێکی باشە کە لەڕێگەی ئەم فیلمانەوە کورد مێژووی خۆی تۆمار بکات، ئەمە شتێکە هەموو جیهان دەیکات و لە ڕێگەی فیلمەکانەوە مێژووی خۆیان نیشان دەدەنەوە، بەگشتی ئاستی فیلمی کوردی ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو پێش دەچێت.

**ڕووداو: ئەو چەند ڕۆژەی لە کوردستان بوویت، چ شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشای؟**

**ئانا:** زۆر شت هەیە کە من لێرە حەزم لێکردووە، لە هەموویان زیاتر ئەوەیە کە بەیانیان لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە سەیری شاخەکانی دەوروبەری دهۆک دەکەم، ئارامییەکی زۆر بە ڕۆحم دەبەخشن، بەڵام کاتێک بە ناویدا تێپەڕ دەبیت لە هەموو شت زیاتر خەڵکەکەی سەرنجت ڕادەکێشێ، ئەوان زۆر بە گەرمی پێشوازی لە میوان دەکەن. تا ئێستا چەندین گفتوگۆی سەرنجڕاکێشم هەبووە لەگەڵیان، خەڵکەکە زۆر بەخشندەن لە میوانداریدا، هەروەها خواردنەکەیانم زۆر بە دڵە.

**ڕووداو: چەند ساڵێکە وەک سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵی ئاسیا پاسفیک کار دەکەیت، گرنگیی ئەم فێستیڤاڵە چییە؟**

**ئاستی فیلمی کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ پێشدەکەوێ**

**ئانا:** فێستیڤاڵی خەڵاتی پاسیفیکی ئاسیا گرنگیی یەکجار زۆری هەیە بۆ بەیەکتر ئاشناکردنی کولتوورەکان و هەروەها هەوڵ دەدات بۆ نیشاندانی هونەری سینەمایی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهان. خاڵی باشی فێستیڤاڵی فیلمی دهۆک ئەوەیە کە متمانەی تەواوی نوێنەرانی بەشداری بەدەستهێناوە و چوار نوێنەری فێستیڤاڵی خەڵاتی پاسیفیکی ئاسیا بەشدارن کە بە دەنگی خەڵک هاتوون و ئەمەش متمانەی تەواوی بەم فێستیڤاڵە بەخشیوە.

**ڕووداو: ئێستا کورد لە شەڕێکی قورسدایە لەگەڵ داعش، ئێوە کە لێرەن، هەست بە مەترسی ناکەن؟**

**ئانا:** ئێمە لە وڵاتی خۆمان لە ڕێگەی میدیاکانەوە ئەوەمان دەبیست کە چی لێرە ڕوودەدات، ئەو کاتەی من بانگهێشت کرام ئەو هەواڵە ناخۆشانە دونیایان تەنیبوو، بەڵام بە خۆمم گوت دەبێت بڕۆم، چونکە ئەو ڕێکخراوەی بانگێشتی کردووم بەرپرسیار دەبێت لە پاراستنی سەلامەتیی من، ئەگەر کێشەیەک هەبێت و نەتوانن ئاسایشی تەواوم بۆ دابین بکەن ئەوە بۆ خۆیان گەشتەکە هەڵدەوەشێننەوە و ئێستا کە لێرەم هەست بە ئاسایش و دڵنیایی تەواو دەکەم.

**ڕووداو: لە شاری دهۆک ژمارەیەکی زۆر ئاوارە هەن، وەک سینەماکارێک هیچ پڕۆژەیەکت نییە بۆ ئاوارەکان؟**

**ئانا:** من کاتێک سەردانی کەمپی ئاوارەکانی دهۆکم کرد، بیرۆکەی زیاتری دامێ سەبارەت بە تێگەشتن لە فیلمەکان و قسەکردن لەگەڵ خەڵکەکە. من کە چوومەوە حەز دەکەم لەسەر ئەمە قسە لەگەڵ خەڵک بکەم و ئەم چیرۆکانەیان بۆ بگێڕمەوە، چونکە خەڵکی ئێمە هیچ دەربارەی ئەوان نازانن، ڕەنگە بەهۆی فیلمێکی کوردییەوە دەیان چیرۆکی جەرگبڕی ئاوارەکان بە جیهان نیشان بدرێن، لێرە ژمارەیەکی زۆر چیرۆک هەیە کە سوودی لێ ببینرێت بۆ فیلم. دەبێت پێیان بگوترێت لە هەموو گرنگتر ئەوەیە لە زاری ئەم کەسانەوە چیرۆکەکان بگێڕنەوە کە کارەساتیان بەسەر هاتووە.

**چیاکانی دهۆک ئارامی بە ڕۆحم دەبەخشن**


MAJIDI LAND
ماجدی لاند ئێستا کراوەیە
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
WWW.MAJIDILAND.COM
MAJIDI LAND


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
٭ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
٭ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
٭ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
٭ کاتژمێر چاودێری.
٭ قوتابخانە.
٭ مزگەوت.
٭ نورینگەی پزیشکی.
٭ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
٭ ڕووبەرێکی فروانی سەوز.
٭ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێک لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوک - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131



divan
Erbil's
One & Only
erbil
We Put a
smile
Back On
Your
Face
LVX
Preferred HOTELS & RESORTS
BOOK NOW
066 210 5000
Gulan Street, Erbil,
Kurdistan Region of Iraq
P: +964 66 210 5000
F: +964 66 210 5001
E: info.divanerbil@divan.com
www.divan.com
/DivanErbil /DivanHotelErbil


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLk
powder
حليب

ژنان
ژمارە (385) دووشەممە 2015/11/30

## "مەراسیمەکانی 25ی نۆڤەمبەر تەشریفاتین"




**ڕووداو- سلێمانی**

فەلاح مورادخان لە ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی کە کار لەسەر پرسەکانی ژنان دەکات ڕەخنەی لە مەراسیمەکانی ئەمساڵی 25ی نۆڤەمبەر گرت و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مەراسیمەکان تەشریفاتی و دووبارەن و شتی نوێیان بۆ پرسی ژن پێ نییە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسـای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان وەک خۆی جێبەجێ ناکات و ڕێکخراوەکانیش وەک ئەکتەرین و کارەکانمان دووبارەیە". بە گوتەی ناوبراو، ئەمساڵ ڕێکخراوەکەیان بۆ یادەکە لە 30 گوندی کوردستان و 4 ئامادەیی شاری سلێمانی کۆڕ و سیمیناری بۆ ژنان کردووە.

### تا کۆتایی مانگی ئاب 44 ژن لە کوردستان کوژراون

# ئەمساڵ 12 پیاو لەسەر کوشتنی ژن سزا دراون




**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئامـاری چاکسـازییەکانی گـەوران لە هەرێمی کوردسـتان ئاشـکرای دەکات کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە 12 پیاو بە تاوانی کوشـتنی ژن ڕەوانـەی چاکسـازییەکان کراون، لـە بەرامبەریشـدا بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیـی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژیـی دژی ژنـان، لـە سـەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ئاب 44 ژن لە هەرێمی کوردستان کوژراون.

بەپێـی ئـەو ئامارانـەی لەلایـەن بەڕێوەبەرایەتی چاکسازییەکانی هەولێر و سـلێمانی و دهۆکەوە دراونەتە (ڕووداو)، لـە 2015/1/1 تاوەکـو 2015/9/16، دۆسـیەی 12 پیـاو بە تاوانی کوشـتنی ژن لەلایـەن دادگاکانـەوە یەکلایـی کراونەتەوە کە دۆسیەی ئەمساڵ و ساڵانی ڕابردووشیان تێدایە، ئەوەش بە بۆچوونی بەڕێوەبەرانـی چاکسـازییەکان ڕێژەیەکی کەمە.

بەپێـی ئامـاری چاکسـازیی گەورانی هەولێـر، ئەمسـاڵ تەنیا 5 پیاو لەسـەر کوشـتن بە پاسـاوی پاراسـتنی شەرەف سـزادراون، ئـەوەش بـەلای دیـدەوان محەممـەد، بەڕێوەبەری چاکسـازییەکەوە ڕێژەیەکی دڵخۆشـکەرە، چونکە وەک ئەو گوتـی، سـاڵانی ڕابردوو بـە تێکڕایی 25 پیاو بە تاوانی کوشـتن لەسـەر شەرەف لە ساڵێکدا سـزا دەدران، بەڵام ڕێژەکەی ئەمسـاڵ بەراورد بە سـاڵانی ڕابردوو زۆر کـەم بووەتـەوە، ئەوەش بـەلای ئەوەوە دابەزینێکی ڕێژەیی و دڵخۆشکەرە بۆ ئەو تاوانانەی بەو پاساوە دەکرێن.

هەروەهـا بەپێـی ئاماری چاکسـازیی گەورانـی دهۆک ئەمسـاڵ تەنیـا 3 پیاو لەسـەر هەمان تاوان سزادراون. موقەدەم محەممەد حەسەن، بەڕێوەبەری چاکسازیی گەوران لە دهۆک دەڵێت "کوشـتنی ژنان لـە دهۆک لەسـەر شـەرەف بـەراورد بە پارێزگاکانی دیکە زۆر کەمترە".

موقەددەم محەممـەد چەند هۆکارێکی بـۆ کەمبوونـەوەی کوشـتنی ژن لەلایەن پیاوانـەوە خسـتەڕوو، لەوانـەش: هۆشـیاربوونەوەی پیـاوان کـە لـە کاتی دروسـتبوونی کێشـەدا لە بری کوشـتن، ڕێگـەی یاسـا و دادگا دەگرنەبەر و گوتی "ئەگـەر ئێسـتا پیاوان کێشـەیان لەگەڵ ژنەکانیشـیان هەبێـت، زۆرتـر لەڕێگەی دادگاوە چارەسـەری دەکـەن، ئـەوەش مایەی دڵخۆشییە".

ئاماری چاکسازیی گەورانی سلێمانیش ئاشـکرای دەکات کە ئەمسـاڵ 4 پیاو بە تاوانـی کوشـتنی ژن سـزادراون، بـەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی دوو بەرپرسەکەی دیکـەی چاکسـازیی گـەوران لـە هەولێر و دهـۆک، شـێرکۆ عـارف، بەڕێوەبەری چاکسـازیی گەوران لە سـلێمانی پێیوایە ڕێژەکـە بـەراورد بـە تاوانەکانـی دیکـە زۆرە، لـە کاتێکدا کوشـتنی ژنانیش هیچ لێبووردنێک نایگرێتەوە.

بـە مەبەسـتی کەمکردنـەوەی ڕێژەی کوشـتنی ژنـان لەلایـەن پیاوانـەوە، پەرلەمانـی کوردسـتان کوشـتنی ژنانی وەکـو کوشـتنی بـە ئەنقەسـت هەژمـار کردووە و بکەرانیشی لێبووردنی گشتی و تایبەت نایانگرێتەوە. جگە لەوەش تا دێت ژمـارەی نووسـینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە شـار و شـارۆچکەکاندا زۆرتـر دەبن. بەبۆچوونـی دیـدەوان محەممـەد ئـەو دوو میکانیزمـە، لـە هـۆکارە گرنگەکانی کەمبوونـەوەی ڕێـژەی کوشـتنی ژنـن لەلایەن پیاوانەوە.

یەکێتـی پیاوانـی کوردسـتانیش کـە هەمیشە باسی توندوتیژیی ژنان دەکات لە دژی پیـاوان، هیچ بەرگرییەک لە ژنکوژان ناکات و دڵخۆشە بە سزادانیان.

بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی ئامـاری نـۆ مانگـی ڕابردووی ئەمسـاڵ، ڕێـژەی کوشـتنی ژن لەلایـەن پیاوانەوە بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشتووە و ئامارەکەی ئەمسـاڵیش دڵنیایی دەدات کـە بەراورد بـە سـاڵانی ڕابـردوو زۆر کەمتـرە، جگە لـەوەش ئـەوان بەهیچ شـێوەیەک لەگەڵ کوشـتن و بەکارهێنانـی توندوتیـژی نین دژی ژنـان، چونکە کۆمەڵگە بەرەو پێش دەڕوات و پێویستە ژن و پیاو بە دروستی مامەڵـە لەگەڵ یەکتر بکەن، لە کاتی هەر توندوتیژی و تاوانێکیشـدا پێویستە دادگا کەیسەکان یەکلایی بکاتەوە.

بورهـان عەلـی نەک هەر دڵخۆشـە بە کەمبوونـەوەی ڕێـژەی سـزادانی پیاوان بە تاوانی کوشـتنی ژنان، بەڵکو پێیوایە ئـەو ئامارە نیشـانی دەدات کـە هەرێمی کوردسـتان بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی دەوروبەریش لە ئاستێکی باشدایە و گوتی "ئەگەر بۆ نموونە سەیری وڵاتێکی دراوسـێی وەکـو تورکیا بکەین، سـاڵانە بە سـەدان پیاو لەسەر کوشتنی ژنان سزا دەدرێن".

ئامـاری سـزادانی ئەمسـاڵی پیـاوان لەلایەن دادگاکانـەوە لە کاتێکدایە بەپێی ئامـاری بەڕێوەبەرایەتـی بەدواداچوونـی توندوتیـژی دژی ژنـان کـە دراوەتـە (ڕووداو)، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایـی مانگـی ئاب 44 ژن لـە هەرێمی کوردستان کوژراون، ئەو ئامارەش بەراورد بە هەشت مانگی ڕابردووی 2014 زیاتر لە دوو هێندە زیادی کردووە.

## لە 25ی نۆڤەمبەردا خۆی خنکاند



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەلار**

لـە کاتێکدا چالاکڤانان لە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەیی وەکو تایتانیک لە شاری سلێمانی، سـەرقاڵی ڕاگەیاندنـی هەڵمەتـی هەفتەی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژیـی دژی ژنـان بوون، ژنێکی تەمەن 29 سـاڵ لە گەرمیان لەنێـو ماڵەکـەی خۆیدا بـە پەتێک خۆی خنکاند.

سـومەییە مەجیـد، ماڵی لـە ناحیەی کۆکـزی سـەر بە شـارۆچکەی کفری بوو لـە ئیـدارەی گەرمیـان، پێش نیـوەڕۆی ڕۆژی 2015/11/25 خـۆی خنکانـد و بە فەرمانی دادوەریش مێردەکەی دەستبەسەر کرا، بەڵام کەسـوکاری سـکاڵایان لە دژی مێردەکـەی نییـە. سـومەییە دەرچـووی شەشـی ئامادەیی بوو، سـاڵێک و هەشـت مانگ بوو شووی کردبوو.

ڕائیـد عەلی جەمال قـەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد، کاژێـر 6:45 خولەکی ئەو ڕۆژە هاوژینـی سـومەییە بـۆ کارکـردن چووەتە دەرەوە، بـەڵام نیـوەڕۆ کـە گەڕاوەتەوە ماڵەوە، بینیویەتی سومەییە بە پەتێک خۆی هەڵواسیوە. گوتیشی "مێردی سـومەییە بە فەرمانـی دادوەر دەستبەسـەر کـراوە، بەڵام ئەو لە لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی هیچ کێشەیان نەبووە".

سـەبارەت بە هۆکاری دەستبەسـەرکردنی هاوژینەکـەی، ئەو بەرپرسـەی پۆلیس گوتی "وەکـو ئیجرائاتـی یاسـایی ئـەو کەسـەی لەگەڵیدا دەژی دەستبەسەر دەکرێت، تا کاتی یەکلاکردنەوەی دۆسـیەکە، ئەگـەر دەرکەوت پەیوەنـدی بـە ڕووداوەکـەوە نییـە، ئـازاد دەکرێت".

ژنە هاوسێکانی سومەییە دەڵێن ڕووداوەکە بـۆ ئـەوان چاوەڕواننەکـراو بـووە، چونکـە سومەییە شەوی پێش ڕووداوەکە تاوەکو کاژێر 9:30ی شەو لەلای ئەوان بووە و باسی هیچی نەکردووە.

ژنێکـی دراوسـێیان گوتـی "ڕووداوەکـە هەموومانی تاسـاندووە، چونکە سومەییە دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکەش بەڕۆژوو بوو، کاتێکیش دەمانبینـی قەت نەیدەگوت لەگەڵ مێردەکەی کێشەی هەیە".

ژنێکی دراوسـێکیان کە ئەو ڕۆژە شـتێکی پێویسـت بووە لـە ماڵی سـومەییە، دەڵێت لـە دەرگای داوە، سـومەییە دەرگای لـێ نەکردووەتـەوە، بۆیـە پەیوەندییـان بـە هاوژینەکەیـەوە کردووە، ئەویش تەلەفۆنی بۆ کردووە، بەڵام سـومەییە وەڵامی نەداوەتەوە، کاتێکیـش گەڕاوەتـەوە ماڵـەوە بینیویەتـی سومەیە خۆی خنکاندووە.

### چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەین

ئـەو ڕووداوە جگـە لـە سەرسـوڕمانی هاوسێکانی، پرسیارێکی زۆریشی لای خێزانی سـومەییە دروسـتکردووە. مەجید عەبدوڵڵا، باوکی ئەو ژنە بە (ڕووداو)ی گوت کە لەلایەن زاواکەیەوە لـە خۆخنکاندنی کچەکەی ئاگادار کراوەتـەوە و گوتی "ئێمەش ئـەو ڕووداوەمان بەلاوە سـەیرە، چونکە پێشتر کچەکەم باسی نەکـردووە کەوا کێشـەی لەگـەڵ مێردەکەی هەبێ".

باوکی لەنێو ژوورێکی ماڵەکەیدا کە پڕبوو لە میوانەکانی، قسـەی بـۆ (ڕووداو) کرد و باسـی خۆڕاگری و بەتوانایـی کچەکەی کرد و گوتی "سـومەییە کەسێکی بەتوانا بوو لە ڕووبەڕووبوونـەوەی کێشـەدا و گومانمان لە مێردی و لە کەسوکاریشـی نییـە، چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەین".

کەسـوکاری مێردەکـەی سـوممەیەش لە پرسەی سـوممەیەدا دانیشـتبوون. عەباس محەممەد، برای مێردی سوممەیە، براژنەکەی بە ئەندامێکـی خۆشەویسـتی خێزانەکەیان ناوبرد و گوتی "سـومەییە زۆر خۆشەویست بـوو لامان و نەمانبیسـتووە لەگـەڵ براکەم کێشەیان هەبووبێت".

هەرچەنـدە تاوەکـو کۆتایـی هەفتـەی ڕابردووش دۆسـیەی سـومەییە لای پۆلیسی گەرمیـان بـوو، بـەڵام وەک عەقیـد لەمیعە محەممـەد، بەڕێوەبـەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیـژی دژی ژنـان لە گەرمیـان گوتی، ئەگـەر لە کاتـی لێکۆڵینەوەکانـدا یەکلایی بـووەوە دۆسـیەکە پەیوەنـدی بە کێشـەی خێزانییەوە هەیە، ئەوا ڕەوانەی نووسینگەی کفری توندوتیـژی دژی ژنان دەکرێت، لە هەندێک حاڵەتیشـدا هەندێـک دادوەر ئەگـەر بزانـن دۆسـیەکە پەیوەندی بە کێشەی خێزانییەوە نییە ئەوا هەر لای پۆلیس دەمێنێتەوە.

لەمیعە محەممەد ڕەتیکردەوە خۆخنکاندنی ئەو ژنە لەڕۆژی 25ی نۆڤەمبەردا کە یەکەمین ڕۆژی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ژنانە، پەیوەندی بەو بۆنەیەوە هەبێت و گوتی "پێموانییـە ئەو ژنە ویسـتبێتی لـەو ڕۆژەدا پەیامێـک بگەیەنێت، ڕەنگـە ڕێکەوت بووبێ و هـەر لەو چرکەیـەدا بیری لە خۆکوشـتن کردبێتەوە".

تەنیا لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا جگە لە سوممەیە، کچێکی دیکە لە ناحیەی ڕزگاری و ژنێکی دیکەش لە شارۆچکەی کەلار خۆیان خنکاندووە.

# پرسێکی هەمیشە پەراوێزخراو



**گەزیزە باپیری**

خوشـکانی میرابـڵ، لـە دژبەرانـی لیۆنیدس ترۆخینۆ، دیکتاتۆری کۆماری دۆمەنیکان بوون کە لە ساڵی 1960 لەلایەن بەرپرسانی ئەمنیەتی ئەو وڵاتـەوە دوای چەند مانگ ئازار و ئەشـکەنجە، لە 25ی نۆڤەمبەردا کوژران.

39 سـاڵ دواتـر و لەسـاڵی 1999دا ئەو ڕۆژە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان ناسـێنرا کە تائێسـتا هەموو ساڵێک بۆ ماوەی 16 ڕۆژ، تا ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ، واتە 10ی دیسەمبەر چالاکی بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا ئەنجام دەدرێ.

بەم پێناسە کورتەی 25ی نۆڤەمبەر پێویستە لە خۆمان بپرسین: ژنانی کورد لەم دەرفەتەدا چی دەکەن؟ بۆ گەیشتن بە یەکسانی و مافی بەرابەری چییان پێ دەکرێ؟

پرسی ژنی کورد پرسێکی ئاڵۆز و پەراوێزییە و خـودی ژنانیـش زۆر کـەم بە بـاوەڕەوە کار بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان دەکەن.

ڕاسـتە 25ی نۆڤەمبەر ڕۆژێکی سـیمبولیکە، بەڵام دەرفەتێکە بۆ ناوەند و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەم بوارە کە ئەم ڕۆژە جیهانییە بقۆزنەوە و پلانی درێژخایەنیان بۆ چارەسـەرکردنی پرسەکانی ژنی کـورد هەبێت. ئـەو پلانەی کە تا ئێسـتا نەبووە و ئەوەندەی کە کاریشـی لەسـەر کـراوە، کەمتر بەدەستهێنانەوەی مافەکانی ژنانی تێدا ڕەچاو کراوە و زۆرتـر لە پێناوی لایەنی سیاسـی و حکومەتی بـووە. ئەمـە لەکاتێکدایە کە دەتوانـرێ هێندەی کارکردن بۆ پرسی ژن و باشترکردنی دۆخی ژنان، ڕووی هەرێمـی کوردسـتان و کۆمەڵگـەی کوردی لـە کۆمەڵگەیەکی ژنکـوژەوە بـۆ کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز بگۆڕێ. ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئامانجی یەکسانیخوازەکانە و ژمارەیان کەمە.

ئەوەندەی ئامارەکان نیشانی دەدەن، لە هەرێمی کوردسـتان توندوتیژیی دژ بە ژنان تا ئێسـتا لە ئاستێکی باڵادایە. نوێترین نموونە دەستدرێژیکردنە سـەر منداڵێکی پێنج سـاڵانە لـە مزگەوتێکدا لە هەولێر، کە نیشاندەری ئەوەیە ژنان لە وڵاتی ئێمەدا هەر لە منداڵییەوە بەهۆی فکری زاڵی پیاوسالاری و دیتنیان تەنیا بـۆ تێرکردنی حەزەکانی پیاوان، ناتوانن لە ئارامیدا بژین.

لە کوردسـتانی ئێمـە، ئـەو بیرکردنەوەیە لە سـێکس هێنـدە زاڵە کـە ناتوانێ ڕەحـم بە کچە منداڵێکی پێنج ساڵانە بکات. لەلایەکی دیکەشەوە بوونی کۆمەڵێکی کۆنی نەریتییانە کە هیچ شـتێک بـە ژنـان ڕەوا نابینـێ و وەک لـە ئامارەکانـەوە دەردەکەوێـت، هەموو تاوانە قێزەونەکان لەودیوی پەردەی نامووس و ئابڕووەوە دەشاردرێتەوە.

فەزای کۆمەڵگەی کـوردی تەواو پیاوانەیە، بە جۆرێک کە حکومەت و دەسـەڵاتی سیاسی تەنیا لـەو دوو ڕۆژە جیهانییەی تایبەت بە ژناندا، ژنیان وەبیردێتـەوە و لـە ڕیـزی پێشـەوەی هۆڵەکاندا دەبینرێن. بە درێژایی سـاڵ لـە هەموو بوارەکاندا ژنـان پەراوێز خراون و نابینرێن، چونکە لە ناخدا باوەڕیان بە شـتێک بە ناوی مافی مرۆڤ و مافی ژنان نییە.


یەکنەگرتوویـی ژنـان و پەرشـوبڵاویی ڕێکخـراوەکان کە تایبەت بەو بـوارە کار دەکەن، هێندەی خزمەت بە دروشـمی حیزبەکان دەکەن، هێنـدە بـۆ ژنـان کاریـان نەکردووە کـە ئەمەش هۆکارێکـە بۆئـەوەی سـاڵانە ڕۆژە جیهانییەکانی تایبەت بەم بوارە و هەروەها بەگشـتی پرسی ژن، لە ئاستێکی زۆر لاوازدا دێتە پێشەوە.

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـەو ڕۆژە سـیمبولیکەدا وەبیری دێتەوە کە بە دروشمێک و بە وتارێک باس لە پرسـی ژن بکات. پرسـێک کە بناغەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو و دیموکراتیکە.

خەسارناسـیکردنی لایەنـە جیاوازەکانـی ناو کۆمەڵگـەی کوردی هەر لە دەسـەڵاتی سیاسـی، یاسـایی و میدیا و کۆمەڵایەتییـەوە دەتوانێت بۆ دووبـارە پێداچوونـەوە بە پلانەکان هـاوکار بن و زیاتر بۆ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی دوور لە پێکهاتەیەکی تەواو پیاوانە هەنگاو بنێ.

ئەو دۆخەی کە نیشـتمانی بۆ ژنان کردووە بە دۆزەخ و شـەقام و پـارک و مۆڵ و قوتابخانەکان بۆنی پیاوانەیان لێدێت.

لە دواییدا منیش وەک سـارا گاوردن لە فیلمی "سـافراجت" کە وشەکە ڕیشەیەکی لاتینی هەیە و بە واتای مافی دەنگدانی ژنان دێت، دەڵێم: ئازادیی ژنان لەسەر دەستی خودی ژنان دەستەبەر دەبێت، یەکگرتوویی ژنان و ڕابوونێکی فەرهەنگی کە ژنان دەستپێشـخەری بن، دەتوانێ هەنگاوێکی بەرچاو بێ بەرەو کۆمەڵگەیەکی یەکسان.



## لە داخی کرێچێتی، خۆی خنکاند

**رووداو- کەرکووک**

شەوی 2015/11/24 پیاوێکی دانیشتووی گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکووک لە نێوماڵەکەی خۆیدا خۆی خنکاند. موقەدەم عەبدوڵڵا مەجید، بەڕێوەبەری بنکەی ئاسایشی رەحیماوا بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو پیاوە تەمەنی 27 ساڵ بووە و دوو خێزانی هەبووە، بە گوریسێک خۆی خنکاندووە". سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنەکەی موقەدەم عەبدوڵڵا گوتی "بە قسەی هاوژینەکانی، ئەوان کرێچی بوون و ئێوارەی رووداوەکە لەگەڵ خاوەن خانووەکە لەسەر کرێ خانوو بووەتە دەمەقاڵێیان، دوای رۆیشتنی خاوەن خانووەکە، خۆی خنکاندووە".

# "براکەم بۆ 30 هەزار دۆلار کوژرا"

## یەکێتی پیاوانی کوردستان: ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان 103 پیاو کوژراون

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- کەلار**

خەونی وەیسە پێکەوەنانی خێزان بوو، بەڵام خەونەکەی لەگەڵ خۆی بردە نێو گۆڕ. دوای شەوێک لە دیارنەمانی، تەرمەکەی لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزرایەوە کە شوێنەواری گوللەیەک بەسەرییەوە بوو. پۆلیس و ئاسایشی گەرمیان دەستیان بە لێکۆڵینەوە بۆ دۆزینەوەی بکوژانی کردووە. برایەکیشی گومانی هەیە کە وەیسە لەسەر پارە کوژرابێت.

پێش نیوەڕۆی رۆژی 2015/11/23 وەیسە حەسەن شاسوار کە گەنجێکی کاسبکاری تەمەن 24 ساڵی دانیشتووی شارۆچکەی کەلار بوو، لە نێو ئۆتۆمبیلەکەیدا لە هەمان شارۆچکە بە کوژراوی دۆزرایەوە.

### 30 هەزار دۆلارەکەیان بردووە

غالیب حەسەن، برای وەیسە بە (رووداو)ی راگەیاند، شەوی پێش رووداوەکە تاوەکو کاژێر 7:30 خولەکی شەویش لەگەڵ وەیسە لە ماڵی برایەکی پێکەوە بوون و کاتێک هەستاون، وەیسە گوتوویەتی "ئەمانەتێکم پێیە و دەیگەیەنم"، بەڵام دواتر هیچ دەنگێکی نەماوە و رۆژی دواتر تەرمەکەی لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزراوەتەوە.

غالیب بەوپێیەی ئاگاداری ئیشوکاری براکەی بووە، گوتی "وەیسە رۆژی پێش رووداوەکە خانوویەکی خۆی بە نزیکەی 30 هەزار دۆلار فرۆشتبوو، پارەکەشی لە نێو داشبوڵی ئۆتۆمبیلەکەیدا دانابوو، دوای دۆزینەوەی تەرمەکەشی ئەو پارەیە نەمابوو، بۆیە گومان دەکەین بەهۆی ئەو پارەیەوە کوژرابێت، ئەگەرنا هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە و ئێمەش چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوەین".

### بەنیاز بوو خێزان پێکەوە بنێ

ئەو رۆژەی (رووداو) سەردانی ماڵی باوکی وەیسەی کرد، پرسەکەی کۆتایی هاتبوو.

غالیب کە خەمی لەدەستدانی براکەی لە روخساریدا بەدی دەکرا، گوتی کە چاوەڕێ بوو براکەی بەم نزیکانە خێزان پێکەوە بنێ و بەشداری لە ئاهەنگەکەیدا بکات، بەڵام لە جیاتی ئەوە پرسەی بۆ بەڕێوەبرد.

چەند رۆژێک دوای رووداوەکە و تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەش لە پۆلیسی گەرمیان کەس بە تۆمەتی کوشتنی ئەو گەنجە دەستگیر نەکرابوو. رائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند، "ئەو گەنجە هەر لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا فیشەکێک بەسەرییەوە نراوە و بەو هۆیەوە گیانی دەرچووە". گوتیشی "شەوی پێش دۆزینەوەی تەرمەکەشی لە کاژێر 8ی شەوەوە بێ سەروشوێن بووە".

سەبارەت بە گوتەکانی براکەی کە گومانیان هەیە لەسەر پارە کوژرابێت، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان گوتی "بەو پێیەی تا ئێستا لای ئێمە کەس دەستگیر نەکراوە، ناتوانین بزانین هۆکاری کوشتنەکەی چییە، بەڵام لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە".

هەرچەندە ئەو رووداوە دەچێتە چوارچێوەی ئەو رووداوانەی پۆلیس لێکۆڵینەوەی تێدا دەکات، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ئاسایشی گەرمیانیش دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کردووە. رائید عەلی قەدوری لەوبارەیەوە گوتی "ئەوە حاڵەتێکی ئاساییە، چونکە هەندێجار زانیاری دەست ئاسایش دەکەوێت و هاوکاریمان دەکەن و دوای دڵنیابوونیش لەو زانیارییانەیان، دۆسیەکان رەوانەی لای ئێمە دەکەنەوە، بۆیە دۆسیەی ئەو گەنجەش پاش ئەوەی ئاسایش دەگاتە زانیاری تەواو، رەوانەی لای ئێمە دەکرێتەوە".

### ئەمساڵ 103 پیاو کوژراون

ئەگەر وەکو غالیب باسیکرد کوشتنی براکەی بەهۆی ئەو پارەیەوە بووبێت کە پێی بووە، ئەو رووداوە دەبێتە دووەمین حاڵەتی لەو شێوەیە کە لە دوو هەفتەی رابردوودا لە هەرێمی کوردستان روویاندا. رۆژی 2015/11/9یش گەنجێکی دیکە لە شاری هەولێر رفێندرا و دوای 6 رۆژ تەرمەکەی بە کوژراوی دۆزرایەوە و بکوژەکە لە کاتی دەستگیرکردنیدا دانی بەوەدا نا کە لەسەر ملیۆنێک دینار کوشتوویەتی.

بەپێی ئامارەکانی یەکێتی پیاوانی کوردستان کە دراوەتە (رووداو)، لە ماوەی ئەمساڵدا 103 پیاو لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان کوژراون.



# گەنجێک دەکوژێ و کچە هاوڕێکەشی بریندار دەکات

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**



(بەمۆ.ە) لەگەڵ کچە هاوڕێکەیدا لە چیای گۆیژەی شاری سلێمانی لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا بوو، لەناکاو گەنجێکی لێ پەیدا دەبێت و تەقە لە هەردووکیان دەکات، بەمۆ دەکوژێت و کچەکەش بریندار دەکات.

بەمۆ، تەمەن 26 ساڵ، رۆژی 2015/11/20 لەگەڵ کچێکی هاوڕێیدا کە هەردووکیان دانیشتووی شاری سلێمانین بۆ بەسەربردنی کات دەچنە سەر شاخی گۆیژە، بەڵام لەلایەن گەنجێکەوە پەلامار دەدرێن.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، کچەکە لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی، کاتێک ئەوان لە شاخی گۆیژە بوون، ئۆتۆمبێلێک هاتووەتە تەنیشتیان و شۆفێرەکەی چاوی لەسەر هەڵنەگرتوون، کچەکە بەمۆی لەوە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام ئەو زۆر بە جدی وەرینەگرتووە.

ئەو کچە بە پۆلیسی گوتووە "گەنجەکە دەرگای ئۆتۆمبێلی بەمۆی کردەوە و چەند جنێوێکی پێدا، پاشان تەقەی لە بەمۆ کرد، منیش قیژاندم و ویستم رابکەم، تەقەی لە منیش کرد و برینداری کردم".

کچەکە بە برینداری پەنا بۆ ژن و پیاوێک دەبات کە لەوێ بوون، پیاوەکە کچەکەی خستووەتە نێو ئۆتۆمبێلەکەی بۆئەوەی بیباتە نەخۆشخانە، بەڵام ژنەکەی رازی نەبووە، بۆیە هەر لە رێگا لەسەر شاخەکە دایبەزاندووە، کاتێکیش خەڵک لەسەر رێگا کچەکەیان بینیوە، پۆلیسیان ئاگادار کردووەتەوە.

نەقیب سەرکەوت گوتی "کاتێک پۆلیس گەیشتنە لای، کچەکە لە هۆش خۆی چووبوو، رۆژی دواتر لە نەخۆشخانە هۆشی هاتەوەبەر و گوتی کوڕێکیشم لەگەڵ بووە، دواتر هێزەکانی پۆلیس چوون تەرمی گەنجەکەیان دۆزییەوە".

### بۆچی تەقەی لێکردوون؟

دوای رووداوەکە، کەسێکی نزیک لە بکوژەکە، بکوژ رادەستی پۆلیس دەکات. نەقیب سەرکەوت گوتی "تۆمەتبارەکە لە لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا دانی بە تاوانەکەدا نا و گوتی تەقەی لەو کچ و کوڕە کردووە".

سەبارەت بە هۆکاری تەقەکردنەکەش، ئەو گەنجە گوتبووی "پێم ناخۆش بوو ئەو کوڕ و کچە بە یەکەوە لە نێو ئۆتۆمبێل دانیشتوون، بۆیە تەقەم لێکردن". تۆمەتبارەکە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا هەروەها گوتوویەتی، ئەو کوڕ و کچە ناناسێ و کێشەی لەگەڵیان نەبووە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، بەمۆ 11 ساڵ لە دەرەوەی وڵات بووە و ماوەی سێ ساڵە گەڕاوەتەوە کوردستان، ماوەیەک نانەواخانەی هەبووە، ماوەیەکیش دووکانی فرۆشتنی پێداویستی منداڵان، بەم دواییەش چایخانەیەکی داناوە.

دراوسێکانی دووکانەکەی هەر یەکەیان بە جۆرێک باسی رووداوەکەیان دەکرد، هاوڕێیەکی بەمۆ گوتی "دەڵێن ئەو کچەی خۆشویستووە و پێشتر چەند جارێک چووەتە داوای، بەڵام ماڵی باوکی کچەکە رازی نەبوون".

بەڵام ئەو کچە لەلای پۆلیس گوتبووی "تەنیا هاوڕێ بووین و بۆ بەسەربردنی کات چووبووینە گۆیژە". نەقیب سەرکەوت گوتی "ئێمە قسەمان لەسەر پەیوەندیی خۆشەویستی ئەو کوڕ و کچە نییە، بەڵکو نابێت کە لەو شوێنەدا بوون، دەستدرێژییان بکرێتە سەر".

(رووداو) لە دووەم رۆژی پرسەی ئەو گەنجەدا سەردانی خێزانەکەی کرد، بەڵام برایەکی گەنجەکە تەنیا ئەوەندەی گوت "رووداوەکە لە لێکۆڵینەوەدایە و لەم کاتەدا قسە ناکەین".

چەند کەسێکی نزیکی خێزانی ئەو گەنجەش گوتیان کە رووداوەکە بەلای ئەوانەوە نارۆونە.

کەسێکی نزیکی بەمۆ قسەی تۆمەتبارەکە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "ناکرێت کەسێک تەنیا لەبەرئەوەی لەگەڵ کچێکدا بووە هەر لەخۆڕا بکوژرێت. ئەگەر هەر کێشەیەکی لەگەڵدا هەبووبێت، دەیتوانی بە گفتوگۆ یان بەڕێگەی یاسایی چارەسەری بکردایە".

# کۆمەڵناسێک خۆی دەکوژێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- هەولێر**

پیاوێک لە ماڵەکەی خۆیدا بەفیشەکێک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. براکەی لە کاتی گەیاندنی بە نەخۆشخانە بە پۆلیسی گوت کە باری دەروونیی براکەی تەواو نەبووە. بەقسەی هاوڕێیەکی قوربانییەکەش، ماوەیەک بوو کەمتر دەهاتە دەرەوە و هەست دەکرا تووشی خەمۆکی بووە.

(کاروان.ش) 26 ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێر کە دووکانی مۆبایلی هەبوو، رۆژی 2015/11/21 لە ماڵی خۆیدا فیشەکێکی بە سەری خۆیەوە نا و لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، دوای رووداوەکە، بنکەی پۆلیسی خەبات ئاگادار کرانەوە و دەستبەجێ گەیشتنە شوێنەکە و دەرکەوت ئەو پیاوە لە ماڵەکەی خۆیدا گوللەیەکی لە سەری خۆی داوە و بریندار بووە، بەڵام دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژئاوای هەولێر، لەبەر سەختیی برینەکەی مرد.

نەقیب هۆگر گوتی "لە نەخۆشخانە گوتەی براکەی وەرگیرا و گوتی کە براکەیان کێشەی لەگەڵ کەسدا نەبووە، تەنیا باری دەروونیی تەواو نەبووە و بەردەوام دڵتەنگ و خەمۆک دیار بوو".

گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر روونیکردەوە کە دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری داوە گوتەی شایەتحاڵانی رووداوەکە وەربگیرێت و لێکۆڵینەوەی تەواو بکرێت بۆ گەیشتن بە هۆکاری راستەقینەی رووداوەکە.

### چۆن خۆی کوشتووە؟

کاروان ساڵی رابردوو بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەددین تەواو کردووە، دواتر دووکانی مۆبایلی داناوە، هاوڕێیەکی کاروان کە پێشتریش لە زانکۆ ناسیویەتی، گوتی "ئەو رۆژە کارێکم هەبوو بەڕێکەوت بە لای ماڵی کارواندا تێپەڕیم، بینیم بەردەم ماڵەکەیان پۆلیس و خەڵکێکی زۆری لێیە، کە پرسیارم کرد گوتیان کاروان خۆی کوشتووە".

ئەو هاوڕێیەی کە گوتی دوای تێپەڕینی تەنیا 10 خولەک بەسەر رووداوەکەدا گەیشتووەتە ئەو شوێنە، دەڵێت ئەو گەڕەکەی ماڵی کاروانی لێیە لە ساڵانی حەفتاکانەوە دروستکراوە و زۆربەی خانووەکانیش دوو دیون، واتە دەکەونە نێوان دوو کۆڵانەوە، ماڵی ئەوانیش دوو دیوی هەبووە و دوو نهۆمیش بووە، کاروان دوای پێکەوەنانی خێزان، لە نهۆمی دووەم و بەشی پشتەوەیان نیشتەجێ بووە.

ئەو هاوڕێیەی کاروان گوتی "کاروان کارەبای ماڵەکەی لە سویچی سەرەکییەوە کوژاندبووە و لە ژوورێکدا گوللەی لەسەری خۆی دابوو".

ئەو هاوڕێیەی کاروان کە بە خۆکوشتنی کاروان بێ تاقەت بووە، دەڵێت "لە زانکۆ هاوڕێ بووین، زۆرجار بە یەکەوە دادەنیشتین و پیاسەمان دەکرد، کاروان کوڕێکی لەسەرخۆ و بێدەنگ بوو، لەگەڵ هەموو کەس تێکەڵ نەدەبوو، هەتا قسەت لەگەڵ نەکردایە، قسەی نەدەکرد".

هاوڕێیەکی دیکەی کاروانیش بۆ (رووداو)ی باس کرد کە دوای رووداوی خۆکوشتنەکە، بیستوویەتی ماوەیەک بووە کاروان کەمتر هاتووەتە دەرەوە و گوتی "لەنێو هاوڕێکانیدا باسیان دەکرد کە ماوەیەک بوو کەمتر دەهاتە دەرەوە و تووشی خەمۆکی بووبوو، بەڵام نەمانزانیوە کێشەی خێزانیی هەبووبێت".

# ئاوارەکان ساڵی داهاتوو دەگەڕێندرێنەوە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکانی خۆیان، بڕیارە لیژنەیەکی باڵا لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی نوێنەران و حکومەتی عێراق دروست بکرێت و ساڵی داهاتووش دەست بە گەڕاندنەوەیان دەکرێت.

ڕۆژی 2015/11/24 لە بارەگای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کۆنفرانسێک بە ئامادەبوونی سەلیم جبووری، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، دەرباز محەممەد وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و پارێزگاری ئەو پارێزگایانەی خەڵکیان ئاوارە بووە، بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان سازکرا.

## پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا

ڕێزان شێخ دلێر، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران و بەشداربووی کۆنفرانسەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کۆنفرانسەکەدا بڕیار درا لیژنەیەکی باڵا بۆ چۆنیەتی گەڕانەوەی ئاوارەکان دروست بکرێت کە سەرۆکی پەرلەمانی عێراق یاخود جێگرێکی لە لیژنەکەدا بن بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار بدەن، لیژنەکەش لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدرێت.

ڕێزان گوتی "لیژنەکە ئەو کاتە دەتوانێت کار بکات کە لەلایەن وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆوە لە سەلامەتیی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانیان دڵنیا بکرێنەوە، بەڵام بێگومان لە ساڵی داهاتووەوە دەست بە گەڕاندنەوەیان دەکرێت".

## 3.3 ملیۆن ئاوارە

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق کە دراوەتە (ڕووداو)، تاوەکو ئێستا نزیکەی سێ ملیۆن و 300 هەزار کەس ئاوارەن و پشکی شێریش بەر پارێزگای نەینەوا دەکەوێت کە زیاتر لە ملیۆنێک کەسی لێ ئاوارە بووە، دوای ئەویش پارێزگای ئەنبار دێت کە نزیکەی یەک ملیۆن ئاوارەی هەیە، پاشان پارێزگای سەلاحەدین کە 600 هەزار ئاوارەی هەیە.



عێراق 3.3 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی هەیە (فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

## داوای 300 ملیار دیناریان کردووە

د.دەرباز محەممەد، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پارەی تەرخانکراویان بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان و ئاوەدانکردنەوەی شوێنەکانیان لە بودجەی ساڵی 2016دا بە بڕی 300 ملیار دینار خەملاندووە. گوتیشی "ئێستا زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارە دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، ئەگەر کەشێکی گونجاویان بۆ بڕەخسێنرێ".

د.دەرباز سێ خاڵی سەرەکی بۆ گەڕانەوەی ئەو یەک ملیۆن ئاوارەیە ئاشکرا کرد، یەکەمیان لایەنی ئەمنی و سەربازییە، لەوانەش پاککردنەوەی ناوچەکان لەپاشماوەی جەنگ. دووەم: دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە ئاو و کارەبا و تەندروستی، سێیەمیش لێکتێگەیشتن و ئاشتەوایی سیاسی و ئیداری لە نێوان پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە.

## وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق:
## ئێستا ملیۆنێک ئاوارە دەتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان

ڕۆژی 2015/11/5، سەلیم جبووری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و وەفدێکی یاوەری سەردانی شاری سلێمانییان کرد و لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کۆبوونەوە.

شێرکۆ میرەویس، ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی و بەشداربووی کۆبوونەوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەشێکی سەرەکیی سەردانەکەی جبووری پەیوەست بوو بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان و گوتی "جبووری سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانانە و دانانی میکانیزمیش زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئێمە لەلایەنە سیاسییە عێراقییەکان زیاتر بە پەرۆشین بۆ گەڕانەوەی ئەو ئاوارانە بۆ ناوچەکانیان، بەڵام تائێستا هیچ وادەیەک بۆ گەڕانەوەیان دیاری نەکراوە".

بە گوتەی میرەویس، سەرۆکی پەرلەمان پێی ڕاگەیاندن کە لەلایەن ئاوارەکانەوە گوشارێکی زۆریان لەسەرە بۆ ئەوەی زەمینەی گەڕانەوەیان بۆ بڕەخسێنرێ.

ئەو هەوڵانەی جبووری کە عەرەبێکی سوننە مەزهەبە، لە کاتێکدایە کە ئەو خەڵکانەی ئاوارەبوون زۆربەیان عەرەبی سوننەن و پەرلەمانتارانی سوننەش، ماوەیەکە گوشارەکانیان لەنێو پەرلەماندا بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان چڕ کردووەتەوە.

د.بەختیار شاوەیس، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، جەماوەر و ئاوارە عەرەبەکان گوشارێکی زۆریان لەسەر پەرلەمانتارانیان دروستکردووە و ئەوانیش ئەو گوشارانەیان بۆ پەرلەمان گواستەوە و لە کۆتایی مانگی ڕابردووشدا بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیان لەگەڵ عەبادی کرد.

## کەس نەگەڕاوەتەوە گوڵاڵە

هەر لەکاتی دەستپێکردنەوەی شەڕی داعش لە ساڵی ڕابردووەوە، ناحیەکانی گوڵاڵە و سەعدیە کە سەر بە قەزای خانەقینن، زیاتر لە 100 هەزار کەسیان لێ ئاوارە بووە. لە ماوەی ڕابردوودا نزیکەی 400 خێزان گەڕاونەتەوە ناحیەی سەعدیە، بەڵام کەس نەگەڕاوەتەوە ناحیەی گوڵاڵە.

شێرکۆ میرەویس گوتی "پێشنیازێک هەیە لە ناحیەی گوڵاڵە هێزێکی هاوبەش لە کورد و عەرەب دروست بکرێت بۆ پاراستنی باری ئەمنیی شارۆچکەکە".

# نەخۆشەکانیان بە تکا و پاڕانەوە دەگەیێننە هەولێر

مەهدی محەممەد ڕواندزی
ڕووداو- سۆران

کارۆخ ناچار بوو لە گیرفانی خۆی بەنزین بکاتە ئەمبولانسێکی نەخۆشخانەی سۆرانەوە، تاوەکو برا زامدارەکەی بۆ بگەیەنێتە نەخۆشخانەیەک لە هەولێر، چونکە لە سۆران تەنیا توانرا چارەسەری سەرەتایی بۆ بکرێ.

ماوەیەکە دانیشتووانی سۆران تەواو گرفتار بوون بە دەست ئەمبولانسەکانی نەخۆشخانەوە، چونکە هەندێک لە شوفێری ئەو ئەمبولانسانە بە بیانووی جۆراوجۆر، لەوانەش نەبوونی بەنزین و ماندوویێتی، ئامادەنین لە هەموو کاتێکدا نەخۆش بگوازنەوە بۆ شارەکانی دیکە.

کاروان خدر بایز،31 ساڵ، کە بە تەور خەریکی وردکردنی دار بوو بۆ ماڵەوەیان، لە ناکاو لەدەستی دەردەچێ و بەر قاچی دەکەوێت، بەو هۆیەوە برینێکی قووڵ لە قاچی دروست دەبێ.

کارۆخ کە برای کاروانە، باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە چۆن گرفتار بوون بە دەست نەخۆشخانەکانی دەڤەرەکە و دەڵێت "سەرەتا بردمانە نەخۆشخانەی ڕواندز، لەوێ تەنیا برینەکەیان خاوێن کردەوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران کرا، لەوێش 20 خولەک چاوەڕێمان کرد، تاوەکو پزیشک هات. پزیشکەکە کە برینەکەی بینی گوتی ئەوە لێرە چارەسەر ناکرێت و یەکسەر بیبەن بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر".

تا ئێرە هەموو کارەکان ئاسایی دە ڕۆیشتن، بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر ڕەوانەکردنی نەخۆشەکە بە ئەمبولانس بۆ هەولێر، ئیدی کێشەکە دەست پێدەکات.

کارۆخ دەڵێت "کاتێک داوای ئەمبولانسمان کرد، کارمەندەکان گوتیان تەنیا دوو ئەمبولانسمان هەن، ئەوانیش وا لە ڕێگان و دەگەڕێنەوە سۆران، بۆیە ناچاربووین چاوەڕێیان بکەین".

دوای پتر لە نیو کاژێر چاوەڕوانی، ئەمبولانسەکان دەگەنەوە نەخۆشخانە. بەڵام شوفێرەکان بیانوو دەهێننەوە بۆ ئەوەی نەخۆشەکە نەگەیەننە هەولێر.

کارۆخ دەڵێت "کاتێک بە شۆفێرەکانمان گوت ئیحالەکردنی بریندارمان هەیە، هەر یەکەیان قسەیەکی دەکرد، جارێک دەیانگوت بەنزینمان نییە، جارێک دەیانگوت ماندووین و تاقەتمان نییە دووبارە بچینەوە هەولێر".

کارۆخ ترسی لەوە هەبوو کە براکەی لەوە زیاتر بمێنێتەوە و خوێنی زۆرتری لەبەر بڕوات و شتێکی لێبێت، بۆیە بە شوفێرەکان دەڵێ کە ئامادەیە لەسەر گیرفانی خۆی بەنزین بکرێت، بەس براکەی بۆ بگەیەننە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر.

کارۆخ دەڵێت پەیوەندی بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەوە کردووە و مەسەلەکەی تێگەیاندووە، ئەویش پێیگوتووە کە هەر ئێستا فەرمان بە شوفێرەکان دەکات بریندارەکە بگەیەننە هەولێر. کارۆخ لەسەر قسەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە ماوەیەک چاوەڕێ دەکات، بەڵام بێسوود دەبێ، کا تێکیش پەیوەندی بە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەوە دەکاتەوە، وەڵامی ناداتەوە.

کارۆخ دەڵێت زیاتر لە دوو کاژێر لە نەخۆشخانە بەدیار براکەیەوە دانیشتوون، جارێکی دیکە دەچێتەوە لای شوفێرەکان، ئەمجارە یەکێکیان دڵی نەرم دەبێت و بەڵێنیان پێدەدات کە کاروان بگەیەنێتە هەولێر، بەڵام کارۆخ دەڵێت "هەر لە نەخۆشخانە هاتینە دەرەوە، ئەمبولانسەکە بەنزینی لێ بڕا، ناچار لەسەر حیسابی خۆم پێنج لیتر بەنزینم بۆ کڕی، تاوەکو گەیشتینە بەنزینخانە".

بە گوتەی کارۆخ، ئەوان تاکە خێزان نین لە سۆران بەو شێوەیە نەخۆشەکانیان دەگەیەننە نەخۆشخانەکانی هەولێر، بەڵکو چەندین حاڵەتی لەو شێوەیە لە نەخۆشخانەکانی دەڤەری سۆران ڕوویداوە.

دکتۆر کاروان جەمال، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆران ڕەتیکردەوە کە شوفێری ئەمبولانسەکان کەمتەرخەم بن لە گەیاندنی نەخۆش بۆ شوێنی مەبەست، بەڵام نایشارێتەوە زۆرجار کێشەی نەبوونی بەنزینیان بۆ دروست دەبێ و دەڵێت "بە شوفێری ئەمبولانسەکانم گوتووە هەر کاتێک لە هەولێر گەڕانەوە ئۆتۆمبێلەکانیان پڕ لە بەنزین بکەن، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کێشەیان بۆ دروست نەبێ". گوتیشی "ئەوان زۆرجار دەڵێن پارەمان نییە بەنزین لە ئەمبولانسەکان بکەین، بەڵام دڵنیام ڕاست ناکەن".

دکتۆر کاروان دەڵێت، پێشتر حاڵەتێکی وا هەبووە کە شوفێر کەمتەرخەم بووە لە گەیاندنی نەخۆش بە شوێنی مەبەست، بۆیە داوای لە هاووڵاتیانی دەڤەری سۆران کرد هەر کاتێک بینییان شوفێرێکی ئەمبولانس کەمتەرخەمی دەکات، با لە دادگا سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن.



## مۆبایلێک بووە فریادڕەسی شۆفێرێک و چوار سەرنشین
# شۆفێرانی کورد داوای دابەشکردنی ڕێگەی سلێمانی - بەغدا دەکەن




(فۆتۆ: سێڤان محەمەد سەلیم)

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

بەهۆی ئەو مامەڵە خراپەی کە شۆفێرە کوردەکانی هێڵی سلێمانی- بەغدا دەڵێن لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە بەرامبەریان دەکرێ، شۆفێرانی کورد داوا دەکەن ڕێگەکەیان لەگەڵ شۆفێرە عەرەبەکان بۆ دابەش بکرێ.

لە هێڵی سلێمانی- بەغدا 148 شۆفێری کورد و 143 شۆفێری عەرەب کار دەکەن، دوو ڕێگەش بۆ هاتوچۆکردنیان هەیە، یەکێکیان لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووک و لەوێشەوە بۆ دوزخورماتوو، پاشان شارۆچکەی عوزێم و بەغدا، بەڵام شوفێرانی کورد دەڵێن ئێستا ئەو ڕێگەیە پڕ لە مەترسییە و لە بازگەکانی سلێمان بەگ و ئامرلی سووکایەتییان پێدەکرێ.

ڕێگەی دووەمیش بە کەلار و خانەقین و سەعدیە و بەعقووبەدا تێدەپەڕێ بۆ بەغدا، بەڵام شوفێران دەڵێن ئەو ڕێگایەش زۆر سەلامەت نییە و لە بازگەی ئەبو سێدە ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە.

لە دوای ڕووداوەکانی دوزخورماتوو، ڕێگای چوون بۆ بەغدا بۆ شوفێرانی کورد هێندەی دیکە ئەستەم بووە. چەکدارانی حەشدی شەعبی چەند بازگەیەکیان لەسەر ڕێگای بەغدا داناوە.

لە گەرماوگەرمی ڕووداوەکانی ئەو شارۆچکەیەدا، شۆفێرێکی هێڵی سلێمانی- بەغدا بە چوار سەرنشینی کوردەوە لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە بۆ ماوەی نزیکەی 12 کاژێر ڕفێندرا و پاشان بەهۆی مۆبایلێکەوە توانرا ڕزگار بکرێن.

(ن.م) کە شوفێرە ڕفێندراوەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە کاتی ڕووداوەکانی دوزخورماتوو چوار کەسم دەبردن بۆ بەغدا، بەڵام لەودیو بازگەی ئەبو سێدە لەلایەن چەکدارانی حەشدەوە داوای ناسنامەمان لێکرا، کە زانییان کوردین میلی چەکیان لێ هێنایەوە و نزیکەی 3 ملیۆن دینار و مۆبایلەکانیان لێ وەرگرتین و کەلەپچەیان کردین".

بە گوتەی ئەو شۆفێرە، دوای ڕفاندنیان لە کاژێر 11ی پێشنیوەڕۆوە تا نزیکەی 11ی شەو بەندیان کردوون، بەڵام لەو ماوەیەدا هیچ ئازاریان نەداون.

وەک شۆفێرەکە باسیکرد، لە کاتی وەرگرتنی پارە و پێداویستییەکانیاندا، تەنیا مۆبایلێکیان لا ماوەتەوە کە چەکدارەکان پێیان نەزانیوە، هەر ئەو مۆبایلەش ڕزگاری کردوون "بەو مۆبایلە پەیوەندیمان بە کەسوکار و بەرپرسانی یەکێتییەوە کرد و هەتا شەو توانییان پەیوەندی بە هادی عامرییەوە بکەن و ڕزگاریان کردین، ئەگەر وا نەبووایە ڕەنگە بە سەدان هەزار دۆلاریش ڕزگارمان نەبووایە".

## داوای دابەشکردنی ڕێگەکە دەکەن

بەشێک لەو شوفێرانە لەبەر خراپیی ڕێگەکە داوای دابەشکردنی ئەو ڕێگەیە لە نێوان خۆیان و شوفێرانی عەرەب دەکەن. (ب.ک) شۆفێرێکی هێڵی سلێمانی بەغدایە، گوتی "ئەو ڕێگەیە بۆ ئێمە بووەتە جەهەننەم، تەنیا لەبەرئەوەی کوردین ڕۆژ نییە لەلایەن چەکدارانی حەشدی شەعبییەوە سووکایەتیمان پێ نەکرێ".

ئەو شۆفێرە داوای کرد ڕێگاکە لە نێوان خۆیان و شوفێرە عەرەبەکان دابەش بکرێ "داوا دەکەین ئێمە هەتا دوزخورماتوو هاتوچۆکەران بگەیەنین و لەوێشەوە ئەوان بۆ بەغدایان بگەیەنن، بە پێچەوانەشەوە ئەوان لە بەغداوە تاوەکو ئەوێ نەفەر بهێنن و ئێمەش لەوێوە دەیانگەیەنینە کوردستان".

## "ڕێگەکە کێشەی نییە"

بەڵام قاسم خزر کە شۆفێرێکی عەرەبی شیعەیە، لە کاتی گواستنەوەی ژمارەیەک سەرنشیندا بۆ شاری بەغدا دڵنیایی دا کە ئەو ڕێگەیە کێشەی ئەمنیی نییە "تەنیا لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەی شەڕەکانی خورماتوو کێشە هەبوو، ئێستا هیچ کێشەیەک نەماوە".

فەرهاد دەروێش، لێپرسراوی هێڵی سلێمانی- بەغدا بە (ڕووداو)ی گوت، لە کاتی شەڕی داعشدا پێشنیازی کردووە بنکەیەک لە شارۆچکەی دوزخورماتوو دابنێن بۆ ئەوەی شۆفێرە کورد و عەرەبەکان سەرنشینەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن، بەڵام دەزگا ئەمنییەکان ڕەتیانکردووەتەوە "ئێستاش ئەو پێشنیازە دەکەینەوە کە لە دوزخورماتوو یاخود هەر شوێنێک لەو ڕێگەیە، بنکەیەک دابنێین و شۆفێرانی کورد و عەرەب ئاڵوگۆڕی نەفەرەکانیان بکەن، چونکە ئەو ڕێگەیە بۆ شۆفێرانی کورد بە کەڵک نەماوە".

بە گوتەی فەرهاد، بارودۆخی ئێستای شوفێرانی کورد لەوپەڕی خراپیدایە "جەنگی دەروونییان بەرامبەر دەکرێت، جگە لە سووکایەتی بە سەرکردەکانمان، جەنگی دەروونیشمان بەرامبەر دەکەن، شۆفێرمان هەیە تەنیا لەبەرئەوەی شەرواڵی لەبەردا بووە، دوو کاژێر ڕایانگرتووە و دواتر لەبەر خاتری نەفەرە عەرەبەکان وازیان لێهێناوە".

# ئۆباما دەتوانێ بڵێ کوردی ئێزدی کۆمەڵکوژ کراون؟



پۆل دەیڤس*

بەگوێرەی "فەرهەنگنامەی دیرۆکی ئەمەریکا"، کۆمەڵکوژی (جینۆساید) بریتییە لە "لەناوبردنی کۆی نەژادێک یان نەتەوەیەک. کۆمەڵکوژیی جوو بەدەستی نازییەکانی ئەڵمانیا (هۆلۆکۆست) و کۆمەڵکوژیی ڕواندا لە ئەفریقا دوو نموونەی هەوڵدانن بۆ جینۆساید."

ڕاپۆرتێکی تازەی "مۆزەخانەی هۆلۆکۆستی ئەمەریکا" بە ڕوونی دەریدەخات کە هەڵمەتی داعش بۆ سەر ئێزدی و کەمینەکانی دیکە لە عێراق و سووریا دەچێتە خانەی کۆمەڵکوژییەوە. لە چەند هەفتەی دادێت، بەپێی ژمارەیەک ڕاپۆرت، ئیدارەی سەرۆک ئۆباما تاوانەکانی داعش وەک جینۆساید دەناسێنێ.

بێگومان ئەگەر ئەمەریکا هێرشەکانی داعش وەک کۆمەڵکوژی بناسێنێ، دەبێ پەیماننامەی 1948ی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە لە دژی جینۆساید دەرچوو، بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بە داخەوە، پەیماننامەکە یەکلایی نەکردووەتەوە کە کام کردەوە جینۆسایدە، بەڵام دەڵێت "بەندی یەکەم: لایەنەکان جەخت دەکەنەوە کە جینۆساید، چ لە سەردەمی ئاشتی بووبێت یان شەڕ، بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی تاوانە و دەبێ (لایەنەکان) ڕێی لێ بگرن و (بکەرانی) سزا بدەن."

ئەم پەیماننامەیە دەڵێت جینۆساید چییە و کێ دەبێ سزا بدرێت، هەر لە سەرۆکی وڵاتێکەوە بگرە تا دەگاتە هاووڵاتییەکی ئاسایی، بەڵام باسی ئەوە ناکات زلهێزانی جیهانی چۆن و تا کوێ دەتوانن ڕێگە لە کۆمەڵکوژی بگرن و بکەرانی سزا بدەن. بۆ نموونە لە ڕابردوودا ڕووداوەکانی بۆسنە و ڕواندا و دارفۆرمان لەبەر چاوە کە وەک کۆمەڵکوژی ناوەزەد کران و هەندێک لە تاوانبارانیش دواتر دەستگیرکران و سزادران.

تەنانەت لە دارفۆریش کە دواتر دەست بە لێپرسینەوە کرا، ئەرکی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەفریقا لەوە سنووردارتر بوو کە بتوانێت خەڵکی مەدەنی بپارێزێت. ئەگەرچی دادگای نێودەوڵەتیی تاوان بڕیاری گرتنی سەرۆکی سوودان عومەر بەشیری دەرکرد، بەڵام پێناچێ ئەم بڕیارە بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەوەی داعش دەیکات جینۆسایدە، ئەوان خۆشیان دانیان بەوەدا ناوە و لە پرسی ئێزیدییەکاندا هەوڵی سڕینەوەی خەڵک و فەرهەنگێکیان داوە.

پرسیار ئێستا ئەوەیە کە بۆ ئەوەندەی پێچووە تاوەکو گەیشتوونەتە ئەم باوەڕە و ئێستا دەیانەوێت چی بکەن؟

ساڵێک دوای هێرشەکانی داعش بۆ ناو عێراق و کوشتنی بە کۆمەڵی ئێزدی و کریستیان و موسوڵمان، ئەمریکا ئامادەیە ئەم هێرشانە وەک جێنۆساید رابگەیەنێت. دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟

ئەگەرچی ئەمەریکا ڕووداوەکەی دارفۆری بە کۆمەڵکوژی ناساند، بەڵام نامەیەکی ئاشکرابووی وەزارەتی دەرەوە بۆ وەزیری ئەوکاتی دەرەوەی ئەمەریکا، کۆڵن پاوڵ، دەڵێت: "ئەگەر ئێمە بڵێین کۆمەڵکوژی لە دارفۆر کراوە، ئەمەریکا ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی نابێتەوە، بەڵام لەڕووی مۆراڵی و سیاسی و بەرنامەی کارەوە، شتێکی دیکەیە". بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکەم جار بوو پلەدارێکی گەورەی ئەمەریکا لە کاتی ڕوودانی شەڕێکدا باس لە جینۆساید بکات.

ئیدارەی سەرۆک ئۆباما پێش ئەوەی بڕیار دەربکەن، بۆ ماوەی هەفتەیەک ڕاپۆرتەکە دەخوێننەوە. کێشە ئەوەیە ئەگەر ئەمە ڕوویدات و ئەمەریکا ڕایبگەیەنێت کە داعش خەریکی کۆمەڵکوژییە، کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە نیگەرانی ئەوەن کە دواتر چۆن لەڕووی سەربازییەوە مامەڵە لە عێراقدا بکەن. بەپێچەوانەی دارفۆرەوە، ئەمەریکا هێزی سەربازیی لە عێراقدا هەیە و لەڕووی سیاسیشەوە زۆر شتی لە گرەودا داناوە.

ئەگەر کردەوەکانی داعش بە جینۆساید ناوزەد نەکرێن و دواتر بە هەموو هێزەوە بە گژیدا نەچنەوە، ئەمەریکا و دونیا چاوپۆشی لە ڕەفتارە قێزەونەکانی یەک لە دڕندەترین ڕێکخراوەکانی ئەم سەردەمە دەکەن کە دەمێکە دونیای بێزار کردووە.

لە دیباچەی بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەناوی "پەیماننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی کۆمەڵکوژی" هاتووە: "بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە دەستی کردەوەی وەها قێزەون ڕزگاری بێت، دەبێ لایەنە نێودەوڵەتییەکان هاوکاریی یەکتری بکەن". بەڵام هاوکاریی نێودەوڵەتی ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر وڵاتان زۆرتر لە خەمی سیاسەتی ناوخۆ و ئایدیۆلۆژیادا بن، لە جیاتی ئەوەی بیر لە هەڵوێستی ئەخلاقی بکەنەوە.

هێزی پێشمەرگە، بە هاوکاریی ئەمەریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، لە ماوەی ڕابردوودا شنگالیان ڕزگار کرد کە لەمەودوا دەتوانێت ئێزیدییەکان لەخۆبگرێتەوە، بەڵام ئەم ئۆپەراسیۆنە داعش لەناو نابات. بۆ ئەوەی داعش لەسەر ڕووی زەوی نەمێنێ، دەبێ هێزە نێونەتەوەییەکان بە هەموو تواناوە گورزی یەکلاکەرەوە لە داعش بوەشێنن. تا ئەوکات کۆمەڵکوژی وەک دیاردەیەکی قێزەون ڕاومان دەنێت و شکستی هەموو نەتەوەکان لەم پرسەدا باڵ بەسەر هەموو ئەو پەیماننامانەدا دەکێشێ کە باسی کۆتاییهێنان بە کۆمەڵکوژی دەکەن.

*** پۆڵ دەیڤس، توێژەری خانەنشین و بۆ هەواڵگریی سەربازیی سوپای ئەمەریکا کاری کردووە. ئێستا ڕاوێژکاری هەواڵگریی ئەمەریکایە و پسپۆڕە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی پرسی کورد. سەرۆکی کۆمپانیای ڕاوێژکاریی جانوسە لە واشنتن.**

## ڕوشەن چاکر، پسپۆڕی کاروباری بزووتنەوە ئیسلامییەکان:

# هێرشەکانی داعش لە تورکیا تەنیا دژی کورد و هاوپەیمانەکانی بوون



ڕوشەن چاکر، یەکێکە لەو چەند پسپۆڕەی لەبارەی بزووتنەوە ئیسلامییەکانەوە لەناو میدیا گوێیان لێ دەگیرێت. ئەو بەساڵان چاودێریی جەماعەتی گولەن و میللی گوروشی کردووە. ماوەیەکی درێژە چاودێریی بزوتنەوە ئیسلامییەکانی جیهان دەکات. چاکر لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (جمهوریەت)ی تورکی سەبارەت بە هێرشەکانی داعش، سەلەفیەتی نوێ لە تورکیا، شەڕی جەماعەتی گولەن و حکومەت لە تورکیا کە چۆن دیمەنی بزووتنەوەی ئیسلامیی گۆڕیوە، قسە دەکات.

ڕووداو - جمهوریەت

### هێشتا بۆ داعش تورکیا بایەخی هەیە و ناخوازێ بە ئاشکرا شەڕی لەگەڵ بکات

**جمهوریەت: داعش بەرپرسیارێتی تەقینەوەکەی پرسووس و ئەنقەرەی نەخستە ئەستۆی خۆی. بۆچی بەرپرسیارێتی کۆمەڵکوژیی فەرەنسای لە ئەستۆ گرت؟**

**ڕوشەن چاکر:** لێرەدا جیاوازیی سەرەکی ئەوەیە سەرۆک کۆماری فەرەنسا بە ئاشکرا گوتی ئەوە کاری داعشە. بەڵام لە تورکیا وانەبوو. لای ئێمە ئەوانەی ئەو وڵاتە بەڕێوەدەبەن ئەگەر وەکو هۆلاند بە ئاشکرا بیانگوتبا داعش ئەمەی کرد، گفتوگۆمان نەدەکرد. هێشتا بۆ داعش تورکیا بایەخی خۆی هەیە و ناخوازێ بە ئاشکرا شەڕ بکات و هەموو ڕای گشتی تورکیا بکاتە دوژمنی خۆی. هەردوو هێرشەکەی داعش لە تورکیا دژی کورد و هاوپەیمانانی بوو.

**جمهوریەت: جیاوازیی نێوان داعش و ئەلقاعیدە چییە؟**

**ڕوشەن چاکر:** ئەلقاعیدە ئامانجی ڕاگەیاندنی دەوڵەت نییە، ڕاستەوخۆ لەدژی سیستەمی جیهانگیری شەڕ دەکات. لایەنگرانی ئەلقاعیدە بەردەوام پێشنیازی تۆڵەسەندنەوەی ئوممەتیان دەکرد، بەڵام وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئەنجامی تۆڵەکردنەوە بە چی دەگات، نادەنەوە.

**جمهوریەت: داعش، وەڵامی پرسیاری تۆڵەکردنەوەی ئوممەتی دایەوە؟**

**ڕوشەن چاکر:** موسڵی داگیر کرد، لە ڕەققە دەوڵەتی ڕاگەیاند. لە میدیاکانیەوە بەردەوام جەختی لەسەر دەوڵەت دەکردەوە. خەلافەتی ڕاگەیاند و گەیشتە ئاستێکی ناوچەیی، بەڵام لەو کاتەی سنوورەکانی ڕاگەیاند، هێرشی کرایە سەر. بۆ ئەوەی ئەو بە بنبەست گەیشتنە ناوچەییە تێپەڕێنێ، هێرشی نێودەوڵەتی دەستپێکرد. هێرشی پاریس نیشانی دەدات کە دەخوازێ بە ڕای گشتی بڵێت "با وازمان لێبێنن لە سووریا و عێراق، ئیدی هەرچییەک دەکەن بیکەن". ئەگەر تەماشا بکەن هێرشی داعش لە پاریس بە هێرشەکانی ئەلقاعیدە ناچێت. ئەلقاعیدە لە لەندەن لەناو میترۆ، لە مەدریدیش لەناو شەمەندەفەر بۆمبی چاندبوو. لە پاریس بینیمان داعش بە دەستی خۆی خەڵکی کوشت. ئەمە گواستنەوەی ڕووداوەکانی عێراق و سووریایە بۆ ڕۆژئاوا.

**جمهوریەت: دوای 17ی کانوونی یەکەمی 2014 لە نووسینێکدا لەبارەی شەڕی نێوان حکومەت و جەماعەت باسی سەلەفیەتی نوێ دەکەیت. سەلەفیەتی نوێ لە تورکیا چییە؟**

**ڕوشەن چاکر:** ئەو نووسینەی باسی دەکەیت، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ئاکپارتی (کە بەردەوامیی میللی گوروشە) لەگەڵ جەماعەتی گولەن نووسیبووم. سەلەفیەتی نوێ، ڕەوتێکە لەناو قەیرانەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا لەدایک بووە. بزووتنەوەیەکە کاتێک بزووتنەوە ئیسلامییەکان بە بنبەست دەگەن، لە ئەنجامی بێچارەیی و تووڕەیی لەدایک دەبێت. لەهەمان کاتدا ئەو ڕەوتەی لەدایکیش دەبێت، ڕەوتێکی تووڕە و نارازییە. لەو کاتەی شەڕی جەماعەتی گولەن و ئاکپارتی دەستی پێکرد لە تورکیا، سیحری "دوا ئیسلام" تێکچوو. بینیمان کە ئیسلام لە ئارادا نییە، شەڕی دەسەڵات هەیە.

**جمهوریەت: هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە ئاکپارتی لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی دەسەڵات لەدەست نەدات لە تورکیا شەپۆلی سەلەفیەتی نوێ گەورە دەبێت؟**

**ڕوشەن چاکر:** بۆ ئەوەی ئاکپارتی دەسەڵات لەدەست نەدات، شەپۆلی سەلەفیەتی نوێ بەهێز دەبێت. ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەمیش نیشانیاندا، بەشی زۆری دینداران کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕشت خاوەندارێتی لە ئاکپارتی دەکەن. ئەوەی ئێستا لەسەر ناوی سەلەفیەت خۆیان ڕێکدەخەن، یان چالاکی دەنوێنن، ئەوانەی ناخوازن هیچی خراپ بەسەر ئاکپارتی بێ، زۆر بەسادەیی کە باسی جیهاد دەکەن، دەڵێن "جیهادی چی! تەیب ئەردۆغان موجاهیدە".

**جمهوریەت: هیچ دەنگێکی نارەزایی لە گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە دژی لەناوبردنی جەماعەت نییە، ئەگەر ئەم پرۆسەیە بۆ جەماعەت "مانەوە لەژیاندا" بێت، چ ئەنجامێکی دەبێ؟**

**ڕوشەن چاکر:** جەماعەت یەکسەر لەناو ناچێت. ئێستا ئەوان لە دەردی "ژیان و مانەوە" دان. زۆر بەباشی لەوە تێدەگەین کە جەماعەتە ئیسلامییەکانی دیکە پشتگیری لە جەماعەتی گولەن ناکەن. چونکە جەماعەت بە ساڵان خۆی لەسەرەوەی گرووپەکانی دیکە دەبینی، ئەوانیش ئیرەییان بە جەماعەت دەبرد. بۆیە گرووپەکانی دیکە سکاڵایان لەسەر هەوڵی حکومەت بۆ لەناوبردنی جەماعەتی گولەن نییە. لەوانەیە ئێستا خەیاڵی ئەوە بکەن: ئایا ئەو بۆشاییەی ئەوان دروستی دەکەن ئێمە دەتوانین پڕی بکەینەوە؟

**جمهوریەت: پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە گولەنیەکان دروستی دەکەن نە لەلایەن جەماعەتە ئیسلامییەکانی دیکەوە، بەڵکو لەلایەن ئەردۆغانییەکانەوە، لە تورکیا چ وێنەیەکی بزووتنەوە ئیسلامییەکانمان پێ دەبەخشێ؟**

**ڕوشەن چاکر:** ئەوە بە تەواوەتی دەبێتە ئیسلامێکی فەرمی. جگە لەو گرووپە سەلەفیانە شتێکی دیکە نامێنێ. لە تورکیا بەتایبەتی ڕووداوەکانی ئەم سێ ساڵەی دوایی، لە مەودای ناوەند و درێژدا کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەبێت.

**جمهوریەت: چی دەبێت؟**

**ڕوشەن چاکر:** هێزێکی ئیسلامی لە ئارادا نامێنێ. ڕەوتێک دروست دەبێت لەگەڵ دەوڵەت دێت و دەچێت. ئێستا ئەو پرۆسەیە لەگەڵ ئەردۆغان دەڕوات، بەڵام سبەی ئەردۆغان بدۆڕێنێ چی دەبێت؟ لە حاڵەتی ئاساییدا هەموو جەماعەتەکان بە پشتگیری مرۆڤەکان لەسەر پێ دەوەستن. مرۆڤ پشتگیرییان دەکات. بەڵام ئێستا مرۆڤ وەردەگرێت و دەوڵەت دەدات. بێگومان جیاوازیی ئاکپارتی لەگەڵ ڕابردوو، هەروەها گەورەترین کێشەشی ئەوەیە. بۆ نموونە لەسەردەمی پارتی ڕەفادا، مرۆڤ بۆ پارتەکەی، کاتی خۆی، پارەی خۆی، هەموو شتێکی دەبەخشی. تەنیا چاوەڕێی سەرکەوتنی پارتەکەی دەکرد، بەڵام ئێستا مرۆڤ هیچ شتێک نادات، تەنیا وەردەگرێت. لە نیعمەتی دەسەڵات سوودمەند دەبن. هێشتا بانگەشەی ئیسلامیبوونی خۆیان دەکەن، کاتێک لە پرسەکاندا وەرگرتن بووە مەسەلە، ئیدی ئەو پرسە پرس نییە.

**جمهوریەت: دەڵێی لە ستراتیژی ئەردۆغاندا بۆ جەماعەت نوێبوونەوەیەک هەیە. ئەو نوێبوونەوەیە چییە؟**

**ڕوشەن چاکر:** پێش ئێستا بەشێکی زۆری ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە جەماعەت بە شارەزایی نەدەکران، تەنیا هەنگاوێک بوو بۆ تێپەڕاندنی بارودۆخەکە، بەڵام لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئێستای حکومەتدا دژی جەماعەت وەکو ئەوەی عەقڵێکی نوێ هەبێت وایە. بەتایبەتی لە هەڵکوتانە سەر گرووپی کۆزا — ئیپەک، لەگەڵ دەستبەکاربوونی وەسی، وەکو ئەوە وایە ستراتیژییەکی نوێ پەیڕەو بکرێت، وەکو ئەوەیە کەسێک خۆی خستبێتە ناو ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی جەماعەتەوە. وەکو ئەوەی ناوەندێکی بەڕێوەبردن هەبێت و یەکێک لەناویدا جێبگرێت.

ئەمریکا تا سەر پشتگیری لە جەماعەتی گولەن ناکات

لە تورکیا ئیسلام لە گۆڕێ نییە، شەڕی دەسەڵات هەیە

پێموانییە گولەن ڕادەستی تورکیا بکرێتەوە بەڵام ڕەنگە ئەمریکا جێبهێڵێ

**جمهوریەت: چۆن سەیری ئەو بانگەشەیە دەکەی کە دەڵێت ئەمریکا پشتگیری لە جەماعەت دەکات؟**

**ڕوشەن چاکر:** دەزانین ئەمریکا دژی جەماعەت نییە، بەڵام تا چەندی دیکە پشتگیرییان دەکات، ئەمەیان جێی گومانە. مەسەلەی زەرەر و قازانجە.


**جمهوریەت: ئەی دەربارەی ڕادەستکردنەوەی گولەن بۆ تورکیا؟**

**ڕوشەن چاکر:** پێموانییە گولەن ڕادەستی تورکیا بکرێتەوە، بەڵام لەوانەیە داوای لێبکەن ئەمریکا بەجێبێڵێت و بۆ وڵاتێکی دیکە بچێت. ئەمەش ئەگەرێکی دوور نییە.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی جمهوریەت**

# چۆن مامەڵە لەگەڵ بیماری دەروونی بکەین؟

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی



ئازاد بە نیگەرانییەوە باسی براکەی دەکات کە لە ساڵانی رابردوودا کەسێکی بەرهەمدار، خاوەن بڕوانامە و خاوەنکار بووە و خێزانیشی پێکەوەناوە، بەڵام ئێستا بەهۆی تێکچوونی باری دەروونییەوە جگە لەوەی کار و پیشەکەی لەدەست چوو، وا وردە وردە خێزانەکەیشی لێکهەڵدەوەشێتەوە "ژنەکەی لە دادگا سەرقاڵی مامەڵەی جیابوونەوەیە لە براکەم، چونکە دەڵێ ئیدی بێزار بووم لە تانەی خەڵک و ئەویش چاک نابێتەوە".

چیرۆکی ژیانی بەشێکی بەرچاو لەوانەی تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون، زۆر جیاواز نییە لەوەی براکەی ئازاد. پزیشک و توێژەرانیش دەڵێن دەبێ خێزانەکان ببنە بەشێک لە پرۆسەی چارەسەری تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان، نەوەک زیاتر ژیانیان ئاڵۆز بکەن.

## نەخۆشییەکی بڵاو

بەپێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان، یەک لەسەر سێی خەڵکی لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا تووشی نەخۆشیی و ناسازیی دەروونیی دەبن. لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا توێژینەوە زانستییەکان دەریانخستووە 46%ی خەڵکی لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا تووشی نەخۆشیی دەروونی دێن.

پزیشکێکی دەروونی دەڵێت نەخۆشییە دەروونییەکان نە حاڵەتی دەگمەنن، نە حاڵەتی شەرمهێنیشن، بەڵکو دەبێ وەک هەر نەخۆشییەکی دیکە تەماشایان بکرێ.

د.دانیاڵ سەعدی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشییە دەروونییەکان، دەڵێت "کۆمەڵگەی ئێمە لەو کۆمەڵگایانەیە کە بە رادەیەکی بڵاو نەخۆشی و ناسازیی دەروونی تێدایە، هەموو کەسێکیش ڕێی تێدەچێ تووشی نەخۆشیی دەروونی ببێت و هیچ مرۆڤێک 100% پارێزراو نییە".

لە نەخۆشیی دەروونیدا باڵانسی کیمیایی دەمار و مێشک گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئەوەش هەم لە دەسەڵاتی تووشبووەکەدا نییە و وەک هەر نەخۆشییەکی دیکەیە، هەم وەک هەر نەخۆشییەکی دیکەش قابیلی چارەسەرە و زانستی پزیشکی ڕێوشوێنی جیاوازی چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە.

وەک دکتۆر دانیاڵ دەڵێت، ئەگەر هەر زوو لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشیی دەروونیدا سەردانی پزیشکی دەروونی بکرێت، ئەوە چارەسەرەکەی ئاسانتر دەبێت "بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سەرەتا ئەوکەسانە دەبرێنە لای شێخ و مەلا، تەنیا کاتێک دەیبەنە لای پزیشک کە حاڵەتەکە ئاڵۆز بووە، ئەوکاتیش چارەسەرەکەی سەخت دەبێت".

توێژەرێکی دەروونی دەڵێت خراپ تێڕوانیی کۆمەڵگە بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان و تێنەگەیشتنی خێزان لەو نەخۆشییانە، پرۆسەی چارەسەری حاڵەتەکان سەختتر دەکات "خەڵکی وا دەزانن کەسێک کە تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو، ئیدی هەرگیز چاک نابێتەوە، ئەوەش کەسوکاری تووشبووان سارد دەکاتەوە لە سەردانی پزیشکی دەروونی". سەروەر کەریم هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە دەروونناسی وای بە (ڕووداو) گوت.

## گوشار لەسەر خێزان

پزیشکە پسپۆڕەکەی نەخۆشییە دەروونییەکان دەڵێ نەخۆشیی دەروونی وەک نەخۆشییە جەستەییەکان نییە کە لە زۆربەی کاتدا تەنیا کەسە نەخۆشەکە گرفتار بکات، بەڵکو خێزان و چواردەوریشی بەرەورووی ئەرک دەکاتەوە "هەندێک لەم نەخۆشانە کردەوەکانیان پێشبینیکراو نییە، هەندێکجار زیان بە خۆیان و چواردەوریان دەگەیەنن، ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی گوشار لەسەر خێزانەکانیان".

وەک ئەو پزیشکە گوتی، هەندێک نەخۆش هەن گومان لە ئەندامانی خێزان دەکەن، پێدەچێ بەهۆی تێنەگەیشتنی ئەندامانی خێزانەوە ئەمە ببێتە سەرچاوەی گرفت "نەخۆش هەیە دەڵێ هاوژینەکەم دەیەوێ دەرمانخواردم بکات، یان دەڵێ باوکم هەمیشە چاودێریم دەکا و متمانەی پێم نییە، یاخود دەڵێت دایکم رقی لێمە. هەموو ئەمانەش لە کۆنترۆڵی خۆیدا نین و بەهۆی گرفتی هزرییەوە بۆی دروست دەبن".

توێژەرە دەروونییەکەش دەڵێت سروشتی تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان وەهایە کە خەڵکی لە خۆیان دووردەخەنەوە، بۆیە ئەوە ئەرکی خەڵکییە کە لێیان تێبگەن و هەمیشە هاوسۆزییان بۆ دەرببڕن "ئەم کەسانە ناتوانن گرنگی بە خۆیان و کەسە نزیکەکانیان بدەن، ئەوەش لەدەستی خۆیاندا نییە و نەخۆشییەکە وەهای لێکردوون، بۆیە نابێ ئەو هەڵسوکەوتانەیان وابکات ئەوان تۆڵە لە تووشبووانی نەخۆشیی دەروونی بکەنەوە و پەراوێزیان بخەن".

د.دانیاڵ دەڵێت خانەوادەی کەسانی تووشبوو لە دوو ڕووەوە تووشی گوشار دەبن: لەلایەکەوە نەخۆشەکەیان لەوانەیە خراپ مامەڵە بکات، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگە وەک حاڵەتێکی نەنگی تەماشای نەخۆشەکەیان دەکات "ئەگەر تاک و کۆمەڵگە هۆشیار بن و لە سروشتی نەخۆشییە دەروونییەکان بگەن، ئەوە ئەو نیگەرانییە دەڕەوێتەوە".

## خێزان وەک بەشێک لە چارەسەر

بەبڕوای سەروەر کەریم، پەراوێزخستنی تووشبووانی نەخۆشییە دەروونییەکان ڕەفتارێکی نامرۆڤانەیە، چونکە ئەوانە لە خەڵکی ئاسایی زیاتر پێویستیان بە گرنگیپێدان و پاراستن و پەنادانە، چجای ئەوەی هێندەی کەسێکی ئاسایی گرنگییان پێ نەدرێ.

پزیشکە دەروونییەکەش دەڵێت دەبێ خێزانەکان ببنە بەشێک لە پرۆسەی چارەسەری نەخۆشییەکە "هەرکاتێک حاڵەتی نائاسایی لە دەروون و هەڵسوکەوتی یەکێک لە ئەندامانی خێزان دەرکەوت، دەبێت هانی بدەن سەردانی پزیشکی دەروونی بکات".

تێنەگەیشتنی خەڵک لە سروشتی دەرمانی نەخۆشییە دەروونییەکان، گرفتێکی گەورەی پزیشکانی دەروونییە. د.دانیاڵ دەڵێت "دەرمانەکانی ئێمە بەگشتی 3-4 هەفتەیان دەوێ تا کاردەکەن، بەڵام خەڵکی ئێمە وەک ئازارشکێن تەماشایان دەکەن و ئەگەر لەماوەی چەند رۆژێکی کەمدا کاریگەرییان دەرنەکەوت، ئیدی دەرمان دەوەستێنن و ڕوودەکەنە پزیشکێکی دی یان کەسێکی دی".

ئەو پزیشکە دەپرسێ "ئایا لۆژیکییە کەسێک پێنج ساڵ نەخۆشییەکی هەبێت، لەماوەی پێنج کاژێردا هەموو نەخۆشییەکانی لە کۆڵ بکەون؟ بۆیە دەبێت خەڵکی چاوەڕێی دەرکەوتنی کاریگەریی دەرمانەکان بن".

# دڕکە و مێکوتە.. هاوڕێیەکی دێرین

د.زانیار نووری*

یەکێک لە نەخۆشییە درمە باوەکان دڕکە و مێکوتەیە. لە مێژە لەناو کوردەواریدا ئەم دەردە ناسراوە، بەڵام لە هەموو نەتەوە و گەلێکیشدا هەروا ناسراو بووە. زۆر کەس ئەم دەردەی گرتووە، بەتایبەتی لە تەمەنی منداڵی یان لاوێتیدا. ئەوەی بە لاوێتی گرتبێتی ئێستا کە ئەم بابەتە دەخوێنێتەوە بیری دەکەوێتەوە کە چەند شەو بەسەریەکەوە بێ خەو بووە لەبەر خۆخوراندن، بەڵام ئەوەی کەم زانراوە، ئەوەیە کە ئێستا بووە بە هاوڕێمان و بە درێژایی تەمەنمان لەگەڵماندایە، چۆن؟

سەرەتا: دڕکە نەخۆشییەکی درمە، واتە دەگوازرێتەوە و هۆکارەکەی ڤایرۆسە. ئەم ڤایرۆسە (هێرپس) بەهۆی ئەوەی زۆر بەهێزە لە گواستنەوەی نەخۆشییەکە، دەتوانێت بە ئاسانی مرۆڤ تووش بکات، ئەگەر کەسێک پێوەی بێت و نزیک ببێتەوە لە کەسێکی دیکە.

ئەم ڤایرۆسە سەر بە بنەماڵەیەکی گەورەیە لە ڤایرۆسی هێرپسەکان و ناسراوترینیان ڤایرۆسی تامێسکە کە زۆرینەی ڕەهای خەڵک دەیگرێت.

## چیت لێ دێت؟

ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار تووش دەبێت، سەرەتا تووشی تا و لەش داهێزرانێکی زۆر دەبێت. زۆربەی کات یان منداڵە یان گەنجە، پاشان وردە وردە هەست دەکات تلۆقان لە پێستی دروست دەبێت. دواتر بە خێرایی هەموو لەشی، تەنانەت دەموچاویشی دەبێت بەو بڵقە وردانەی کە زۆر دەخورێن و نەخۆشەکە هەراسان دەکات. ئەگەر تووشی ئاڵۆزبوون نەبێت، بە ئاسانی لە ماوەیەکی کورتدا بەریدەدات و پێستی وەکو خۆی لێ دێتەوە، ئیدی ئێمە دەزانین ئەمە کۆتایی ئەو درمەیە، بەڵام ڤایرۆسەکە نامرێت و لە لەشماندا دەمێنێتەوە هەتا هەتایە!

ئەم هاوڕێیە ڕاستە دێرینە، بەڵام ڕەزا قورسە، چونکە لە پاش چەندین ساڵ دەتوانێت سەرهەڵبداتەوە! ئەم جارە بە دڕکە نا، واتە بەو بڵقە سەرتاپایە نا، بەڵکو بە چەند بڵقێکی کەم کە من ناوم ناوە (دڕکە و مێکوتەی پیری) لە شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام ئەمەیان نارەحەتترە، شوێنەکەی ناخورێت، بەڵام ئازارێکی هێندە بەسۆی هەیە کە نەخۆشەکە وا دەزانێت سووتاوە. پاش ئەوەش ئەگەر هەیە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو ئازاری سووتانەوەیە بمێنێتەوە و تەواو ژیانی مرۆڤەکە بگۆڕێت. ئەم دیاردەی سەرهەڵدانەوەیە هەمان ئەوەیە کە ڤایرۆسی تامێسکی برای ئەم دەیکات، کاتێک کە خورپەیەک دەگرین و لێومان تامێسک دەکات و چەند رۆژێک پێمانەوە دەبێت.

## چی بکەین؟

1- بۆ دڕکە: جگە لە پاراسیتامۆڵ بۆ تا، هیچی دیکەت ناوێت. بۆ خوراندنەکەش هەندێک دەرمانی لۆشنی باش هەن. هەروەها ئاگادار بین کە خەڵک نزیکی نەبنەوە، بە تایبەتی سکپڕ و ئەوانەی بەرگریی لەشیان دابەزیوە وەکوو نەخۆشی شەکرە، بەڵام ئەگەر پێشتر گرتبێتت، ئەوا هەموو تەمەنت دڕکە ناگریتەوە. دەتوانیت خۆت بشۆی بەڵام بە لفکە نا، بە پێچەوانەی ئەوەی باوە کە دەڵێن نابێ خۆت بشۆی. بگرە خۆشووشتن زووتر خوراندنەکە لەناو دەبات.

2- بۆ ئەوەی پیرییەکە: باشترە دەستبەجێ سەردانی پزیشک بکەی بۆ زووتر وەرگرتنی چارەسەر. ئاگادار بە ئەمانیش دەتوانن خەڵکی تووش بکەن بە دڕکە.

*** پزیشکی پسپۆڕی هەناوی و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی لە سلێمانی**



# حەوت هۆکاری دواکەوتنی سووڕی مانگانە



ڕووداو- فۆکس نیوز

هەندێک کەس کە خوازیاری منداڵبوون نین، کاتێک سووڕی مانگانەیان دوادەکەوێ خێرا ترسیان لێدەنیشێ دووگیان بووبن. کاتێک پشکنین دەکەن و دەبینن دووگیان نین، ئیدی دڵخۆش دەبن. بەڵام لە ڕاستیدا دووگیانی تاکە هۆکاری دواکەوتنی سووڕی مانگانە نییە، هۆکاری دیکەش سووڕی مانگانە دوادەخەن. ئەمانە حەوت هۆکاری بڵاوی دواکەوتنی سووڕی مانگانەن:

## 1 - گۆڕانی کێش:

گۆڕانی کێشی لەش، جا بە زیادبوون بێ یان کەمبوون، سووڕی مانگانە تێکدەدات. پسپۆڕان دەڵێن لەدەستدان یان زیادبوونی کێشی لەش بەبڕی 10% دەبێتەهۆی دواکەوتنی سووڕی مانگانە. لەدەستدانی کێش دەبێتەهۆی دابەزینی ئاستی هۆرمۆنی مێینە و زیادبوونی کێش دەبێتەهۆی زۆربوونی ئاستەکەی. هەریەک لەو دووانەش کار لە دابەزینی هێلکە و دروستبوونی سووڕی مانگانە دەکەن.

## 2 - زێدەڕۆیی لە وەرزشکردن:

وەرزشکردنی تاقەتپڕوکێن و زیاد لە پێویست، دەبێتەهۆی گۆڕانی ئاستی هۆرمۆنە سێکسییەکان. وەرزشی توند هەم ڕاستەوخۆ هۆرمۆنەکان دەشێوێنێ، هەم ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی گۆڕانکاریی بەرچاو لە کێش ئەو کاریگەرییەی دەبێت.

## 3 - گوشاری دەروونی:

تەنیا ماندووبوونی جەستەیی سووڕی مانگانە ناشێوێنێ، بەڵکو ماندووبوونی هزریی و دەروونیش ئەو کارە دەکات. واتە هەبوونی سەرقاڵییەکی نائاسایی و دۆخی تایبەتی ئاڵۆز هۆکارێکی دیاری دواکەوتنی سووڕی مانگانەیە. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کاریگەریی گوشاری دەروونیی و هزریی کاتییە و بە کۆتاییهێنانی گوشارەکە سووڕی مانگانە ڕێکدەبێتەوە.

## 4 - هەندێک دەرمان:

هەندێک دەرمان هەن کە پزیشک بۆ چارەی حاڵەتێکی دیکە بۆی نووسیوی، سووڕی مانگانەت تێکدەدەن. دەرمانەکانی چارەسەری نەخۆشییە دەرونییەکان و دەرمانە کیمیاییە دژە شێرپەنجەکان لە نموونەی ئەو دەرمانانەن. هەندێک ڕێوشوێنی ڕێگری لە منداڵبوونیش دەبنەهۆی تێکچوونی سووڕی مانگانە. لە سەرەتای ڕاوەستاندنی حەبی دژە سکپڕیش تاوەکو چەند مانگێک، ڕێی تێدەچێ سووڕی مانگانە دوابکەوێ، دواتر خۆبەخۆ ڕێکدەبێتەوە.

## 5 - نەخۆشیی ڕژێنی دەرەقی:

تەمبەڵی **یان** فرەچالاکیی ڕژێنی دەرەقی دەبێتەهۆی تێکچوونی سووڕی مانگانە. واتە ئاستی هۆرمۆنەکە بەرزبێت یان نزم، سووڕی مانگانە تێکدەچێ. زۆر لە پزیشکەکان کاتێک خانمێک سووڕی مانگانەی تێکدەچێ و دڵنیادەبنەوە کە دووگیان نییە، دووەم هۆکار کە بیری لێدەکەنەوە نەخۆشیی ڕژێنی دەرەقییە، بۆیە دوای پشکنینی دووگیانی، پشکنینی نەخۆشیی ڕژێنی دەرەقییان بۆ دەکەن.

## 6 - نزیکبوونەوە لە سووڕی نائومێدی:

ئەو ماوەیەی هێشتا سووڕی مانگانەت ماوە و نزیکبوویتەوە لەو تەمەنەی سووڕی مانگانەت بووەستێت، سووڕی مانگانە تێکدەچێ و هەندێک مانگ روونادات، یان درەنگ ڕوودەدات. بەگشتی لە چلەکانی تەمەنەوە سووڕی مانگانە تێکدەچێ، بەڵام لە هەندێک خانمدا زووتریش ڕوودەدات. لەو ماوەیەدا جگە لە تێکچوونی سووڕی مانگانە، هەندێک نیشانەی دیکەش دەردەکەون، وەک هاتنی تەزووی گەرمی بە لەشدا و تێکچوونی میزاج.

ئەوانەی زۆر بە سەختی نیشانەی نزیکبوونەوە لە سووڕی نائومێدییان تێدا دەردەکەوێ، پێویستیان بە چارەسەری دەرمانی دەبێت.

## 7 - جەستە هێشتا لە گۆڕاندایە:

بۆ کچانی نەوجەوان ئاساییە جار جار سووڕی مانگانەیان دوابکەوێ. جەستەی کچان کاتی دەوێ تاوەکو لەگەڵ ئەو گۆڕانە هۆرمۆنییە خێرایەی تازە ڕوویداوە، ڕابێت.

ئەگەر خانمێک سووڕە مانگانەکانی ڕێکبن، بەڵام ساڵانە یەک دوو جار ڕوویدات کە سووڕی مانگانەی لەکاتی خۆی ڕوونەدات، ئەوە بە نەخۆشیی دانانرێت و حاڵەتێکی ئاساییە و پێویست بە نیگەرانی ناکات.



## شەوی درێژ دەچێتە فەرەنسا

میوا سەلاح- ڕووداو- هەولێر

فیلمی شەوی درێژی دەرهێنەری کورد کامەران بێتاسی، بڕیارە لە فێستیڤاڵی توس کورتس لە فەرەنسا کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵات بکات.

کامەران بێتاسی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەفتەی ڕابردوو لە فێستیڤاڵی "VISIONARIA 2015"ی ئیتاڵی بە فیلمی شەوی درێژ، خەڵاتی لێژنەی دادوەرانم وەرگرت، بڕیارە لە هەفتەی داهاتووشدا فیلمەکەم بەشداری لە فێستیڤاڵی توس کورتسی فەرەنسی بکات کە لە بەشی پێشبڕکێی نێودەوڵەتی وەرگیراوە".

کامەران بێتاسی تاوەکو ئێستا چوار فیلمی دۆکیومێنتاری و چوار کورتە فیلمی هەیە و لە نۆیەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی وەرگرت.

## باخەکەی باوکم پڕ بینەرە



دەریاز یونس
ڕووداو – هەولێر

شوان عەتوف، دەرهێنەری فیلمی باخەکەی باوکم ڕایگەیاند، فیلمەکەی لە فێستیڤاڵی سینەمایی دوبەی نمایش دەکرێت و چاوەڕێی بەدەستهێنانی خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵەکەیە.

وا بڕیارە ڕۆژی 2015/12/9 فێستیڤاڵی سینەمایی دوبەی بە بەشداریی ژمارەیەک فیلمی جیهانی دەستپێبکات و چەند فیلمێکی کوردیش لەو فێستیڤاڵەدا پێشبڕکێ دەکەن کە فیلمی "باخەکەی باوکم" یەکێکیانە.

شوان عەتوف، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فێستیڤاڵەکە بۆ ماوەی یەک هەفتە بەردەوام دەبێت و فیلمەکەی من لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی فیلمەکانی کەنداوە، ترەیلەری فیلمەکەش لە لاپەڕەی فەرمیی فێستیڤاڵەکە لە فەیسبووک زۆرترین بینەری لە نێو تەواوی فیلمەکانی دیکەدا هەبووە کە لەوێ پیشاندراون".

دەشڵێت "لەو فیلمەدا بەتایبەتی کارم لەسەر فیکری سەلەفیەت و پەنابردن بۆ توندوتیژی کردووە، باسی تەسەوفم کردووە کە بۆچی پەرەی پێ نادرێت، فیلمەکە یەکێکە لەو فیلمانەی کە چاوەڕێ دەکرێت خەڵات بباتەوە".

## گۆرانییەکانی ئەردەڵان بەکر ناڵێتەوە



ڕووداو- هەولێر

گۆران بەکر، برای هونەرمەندی کۆچکردوو ئەردەڵان بەکر کە ئەویش گۆرانیبێژە و لە سوێد دەژی، دەڵێت هەرگیز نایەوێت بەرهەمەکانی ئەردەڵان بڵێتەوە، یاخود ئەو بەرهەمانە بڵاوبکاتەوە کە براکەی بەر لە مردنی ئامادەی کردبوون.

گۆران بەکر بە (ڕووداو)ی گوت، براکەی بە شێرپەنجەیەکی دەگمەنی جگەر کۆچی دوایی کرد کە لە یەک ملیۆن کەس تەنیا یەک کەس تووشی ئەو شێرپەنجەیە دەبێ.

گۆران دەڵێت خەڵکێکی زۆر پێی دەڵێن بۆچی بەرهەمەکانی ئەردەلانی برات ناڵێتەوە، یاخود ئەو بەرهەمانە بڵاوناکاتەوە کە بەر لە مردنی ئامادەی کردبوون، بەڵام ئەو دەڵێت "هەرگیز ناتوانم ئەو کارە بکەم، هەرگیز ناتوانم گۆرانییەکانی ئەو بڵێمەوە".

## هەڵکەوت زاهیر قوتابییەکی نوێ دەدۆزێتەوە



میوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

هەڵکەوت زاهیر، ئاوازدانەری کورد، لەگەڵ نوێترین کچە قوتابییەکی بەناوی نادیە مەنفوخ دەردەکەوێت کە خەریکی بەرهەمێکی هونەرین.

هەڵکەوت زاهیر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نادیە مەنفوخ، بەشداربووی وەرزی یەکەمی بەرنامەی ئەرەب ئایدڵە، ماوەی ساڵێکە هاوڕێیەتیمان هەیە، لەم ڕۆژانەدا لەماڵەوە سەردانی کردم بۆ ئەوەی چەند کارێکی هونەری بەیەکەوە بکەین".

گوتیشی "نادیە زۆر حەز دەکات بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێت، بەنیازم چەند کارێکی کوردی بۆ بکەم، بەڵام ئێستا بڕیارە کار لەسەر قەسیدەیەکی عەرەبی بکەین، لەوانەیە دوو تاوەکو سێ بەرهەمی بۆ بکەم".

نادیە جەمیل مەنفوخ ساڵی 1983 لە ئەدلبی سووریا لەدایک بووە، لە خێزانێکی هونەری پەروەردە بووە، دەرچووی بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی حەلەبە، لە وەرزی یەکەمی بەرنامەی ئەرەب ئایدڵ لە ساڵی 2012 بەشداری کردووە و گەیشتووەتە قۆناغی کۆتایی بەرنامەکە، بەڵام نەیتوانیوە ناسناوەکە بباتەوە.



## بارانی دەبێتە سەماکەر

میوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

شەبنم بارانی، شاجوانی فەیسبووک ئێستا سەرقاڵی فێربوونی سەمای ڕۆژهەڵاتییە و دەیەوێت خەونی منداڵی بهێنێتە دی.

شەبنم بارانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەر لە منداڵییەوە حەزێکی شێتانەم بۆ هونەری سەما هەبووە، بۆیە ئێستا خەریکە خەونی منداڵیم بەدی دێنم و ڕۆژانە پرۆڤە لەسەر فێربوونی سەمای ڕۆژهەڵاتی دەکەم".

دەربارەی ئەوەی ئایا لەمەودوا دەیەوێت وەک سەماکار کار بکات؟، گوتی "جارێ بڕیارم نەداوە وەک سەماکارێک کار بکەم، بەڵام وەک حەزێکی خۆم ئەم کارە دەکەم".

کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەبنم بارانی کە هەوادارانی لە ئینستاگرام بەهۆی جوانییەکەیەوە ناسناوی شاجوانیان پێداوە، ساڵی 1994 لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و ئێستا لە نەرویژ دەژیت .

## ئەکتەرە ئێرانییەکە دەچێتە ئەمریکا



دەریاز یونس
ڕووداو- هەولێر

سەدەف تاهیریان، ئەو خانمە ئەکتەرە ئێرانییەی بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەکی بێ حیجاب لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک تەواوی کارەکانی لە ئێران ڕاگیرا، وێنەی وروژێنەر و نیمچەڕووت بڵاودەکاتەوە و دەیەوێت ئێران تووڕەتر بکات. سەدەف ئێستا لە هیندستانە و دواتریش دەیەوێت بچێتە ئەمەریکا.

تاهیریان بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا بەمەبەستی چەند کارێکی هونەری لە هیندستانم، دواتر دەڕۆمە تورکیا و نیازم هەیە بە یەکجاری بچمە ئەمەریکا و لەوێ بژیم".

تاهیریان دەشڵێت "هەرگیز واز لە کاری هونەری ناهێنم، حکومەتی ئێران وا دەزانێت کە بە ڕاگرتنی کارەکانی من دەتوانن لە هونەر و سینەما دوورم بخەنەوە، بەڵام ئەوە مەحاڵە".

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ
کاتێکی باشە بۆ بەهێزکردنەوەی پەیوەندیت لەگەڵ کەسێک کە تووشی لێکدابڕان هاتوون، ڕۆژانی داهاتوو گەشبین دەبیت، هەوڵ بدە بڕیارێکی دروست بدەیت و دەوروبەرەکەت کاریگەریت لەسەر دروست نەکەن.

### گا
کاتێک کارێک بەهاوبەشی لەگەڵ کەسێک دەکەیت پێویستە هەنگاوەکان هاوشانی یەکتر بەڕێوە بچن. لەگەڵ ئەوەی ژینگەی کار ئاڵۆزە، بەڵام فرسەتی باشت بۆ دەستەبەر دەبێت.

### دووانە
پەیوەندی سەرکەوتوو پشت بەمتمانەی پتەو دەبەستێ، بە ڕاڕاییەوە ناتوانی بەردەوام بیت. لەم هەفتەیەدا بەهۆی بیستنی هەواڵێکەوە گەشبین دەبیت و ماڵئاوایی لە خەمەکانت دەکەیت، هەڵچوونەکانت کۆنتڕۆڵ بکە.

### قرژاڵ
گفتوگۆ و دیدارەکانت هەندێ زانیاریی نوێت پێدەبەخشن و دەبنە بنەما بۆ ئاسوودەیی و باوەڕبەخۆبوون. کاتێکی باشە بۆ ئەوەی بەرنامەی گەشتێک ڕێکبخەیت و پشوویەک بدەی.

### شێر
ئەو کارانەی بۆت پێشنیاز دەکرێن کەمترن لە توانات، بەڵام بۆ ئەم دۆخەی ئێستا دەبنە یارمەتیدەرێکی باش. بەخت هاوکاریت دەکات و دەست بە هەنگاونان دەکەیتەوە.

### فەریک
کارێکی زۆر دەکەیت و خۆت ماندوو دەکەیت بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی خۆت بکەیت، لەم مانگەدا وردە کاری زیاتر دەکەی، ئەو کارانەی سوودیان نییە کەمتر گرنگیان پێدەدەی، بەمەش پشوویەک دەدەی.

### تەرازوو
هەوڵەکانت لە پەیوەندیی خۆشەویستیدا کۆدەبنەوە و دەتوانی لەهەستی بەرامبەرەکەت دڵنیابیتەوە. بیرکردنەوەت زیاتر دەبێت و هەست دەکەیت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت پێویستیان بەوەیە گرنگیی زیاتریان پێبدەی.

### دووپشک
کارە ئاساییەکانی ڕۆژانە سەرقاڵت دەکەن و بیرکردنەوەت لەباری دارایی زۆرتر دەبێت، کارەکانی داهاتوو زۆرن و هەریەکەیان پێویستیان بە بڕە پارەیەکی ئامادە هەیە، لەئێستاوە خۆتی بۆ ئامادە بکە.

### کەوان
بەکارهێنانی وتەی شیرین لەگەڵ دەوروبەر دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی نوێی بەختەوەری. لە هەموو کارەکان پشت بە خۆت ببەستە. زیاتر لە فرسەتێک دەرەخسێت بۆ ئەوەی دڵسۆزیت بۆ کەسێک پیشان بدەی.

### گیسک
مەهێڵن لەوە زیاتر کاتتان بەهەدەر بڕوات، خەڵکی دیکەش حەز دەکەن لێتان نزیک ببنەوە. ناتوانن لەسەر عینادیەکانتان بەردەوام بن، هەوڵ بدەن زیاتر خۆبگونجێنن، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیتان هەیە.

### سەتڵ
هەست دەکەیت لە ئێستاوە ژیانت بە نێو کۆمەڵێک هەوراز و نشێودا دەگوزەرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنی. کەسانی بەرامبەرتان بەتەواوی سەرنجتان ڕادەکێشن.

### نەهەنگ
هەندێک لەو گوتانەی لە درکاندنیان دەترسیت، ڕێگەکانت بۆ ئاسانتر دەکەن. ئازیزانتان پێویستیان بەهاوکاریی ئێوە هەیە، باشترین کاتی بەختەوەریتانە و دەتوانن چاوەڕوانی سوپرایزێکی خۆش بن.

# ئەدەبیاتی کەمینە، ئەدەبیاتی دەربازبوون


فیلیکس گیوتار و ژیل دولوز

ساماڵ ئەحمەدی

لە کتێبی "کافکا، بەرەو ئەدەبیاتی کەمینە"دا، ژیل دولوز و فیلیکس گیوتاری بۆچوونێکی جوداواز لە بۆچوونە باوەکە لەمەڕ ئەدەبیات دەخەنە روو. بەلای ئەوانەوە، ئەدەبیات زمان لەکار دێنێ. زمانیش دیاردەیەکی سیاسییە. هەر لەو سۆنگەیەوە ئەدەبیاتیش سیاسییە. لەم بۆچوونەدا زمان کەرەستەی نواندنەوەی راستەقینە نییە. کەرەستەی نیشاندانی شتێک لە دەرەوە نییە. کەرەستەی پێوەندیگرتن نییە. بگرە زمان، یان هیچ نەبێ یەکێک لە کردەوەکانی زمان حوکمکردن و فەرماندانە. ئەم زمانە شوێنگیرمان دەکات. لە هێڵی دەربازبوون دوورمان دەخاتەوە. ئەم زمانە، زمانی ستاندارد و پێوەرێکە، رێسا نەگۆڕەکان لەکار دێنێ. هەرچەشنە گۆڕان و راوێژێکی جۆربەجۆری زمانی بە لادەر لەو رێسایە لەقەڵەم دەدات و رەتیدەکاتەوە. ئەمە زمانی ئەدەبیاتی زۆرینەیە.

هەرچەندە دولوز و گیوتاری لە کتێبەکەیاندا نموونەی ئەدەبیاتی زۆرینە بەدەستەوە نادەن، بەڵام دولوز، خۆی لە وتارێکیدا بەناوی "لەمەڕ سەریەتیی ئەدەبیاتی ئینگلیزی ــ ئەمریکاییەوە"، ئاماژە بە ئەدەبیاتی فەڕەنسا، وەکو ئەدەبیاتی زۆرینە دەکات. ئەو ئەدەبیاتەی کە لە قووڵاییەکان ورد دەبێتەوە. سەرقاڵی کاروباری کەسییە. بەردەوام نیگەرانی رەگەکانە. بۆ پاڵپشت دەگەڕێت. بەردەوام دەچێتەوە بۆ دەمانی منداڵی، لە هەموو جێیەک بەدوای دایە و بابەوەیە. لەو ئەدەبیاتەدا، شتێک دەبێ بەردەوام شتێکی دیکەمان وەبیر بێنێتەوە. ئەمە شیکاری بەدی دێنێت، مانا و لێکدانەوە کە دولوز بە دوو نەخۆشیی گەورەی سەرزەوییان دادەنێت: ستەمکار و قەشە. لەم ئەدەبیاتەدا وەهمی تاوان، وەکو چەمکێک دەبێتە بیانووی بەڕێوەچوونی گەلێک کۆڕ و سیمیناری شیکردنەوە، کە پاپ یان قەشەی فێڵباز سەرپەرشتیی دەکەن.

دولوز لە وتارەکەیدا، لەبەرامبەر ئەدەبیاتی زۆرینەدا، باسی ئەدەبیاتی کەمینە دێنێتە گۆڕێ و ئەدەبیاتی ئینگلیزی ــ ئەمریکایی بە ئەدەبیاتی کەمینە دەناسێنێ. ئەو ئەدەبیاتەی کە بەگوێرەی هێڵە جوگرافیاییەکان کار دەکات، رۆیشتن بەرەو خۆرئاوا، دۆزینەوەی خۆرهەڵاتی راستەقینە لە خۆرئاوادا، هەستکردن بە سنوور وەکو شتێک کە دەبێ لێیەوە تێپەڕ ببێ. بڕوانە کەسایەتییەکانی تۆماس هاردی، ئەوان مرۆڤ و سووژە نین. کۆمەڵێک هەستن کە هەڵدەچن. بەستەیەک هەستن کە دەگۆڕێن.

دولوز پێیوایە کەمینە، پرۆسەیە. تایبەتمەندییەکی بەردەوام بگۆڕە. کەمینە جوداوازییە. کەمینە گرووپێکی بچووکی ئاماری لە بەرامبەر گرووپێکی گەورەدا نییە. رەوتە، رەوتی بەپاژبوون، بچووکبوونەوە، بێڕواڵەتبوون، ونبوون، نەناسران لەهەمبەر ئەوەیدا کە هەیە، گەورەیە و ناسراوە. کەمینە ئەزموونخوازییە، نەک شیکاری. شیکاری کەرەستەی زۆرینەیە، کەرەستەی هێزی داسەپاوە. کەمینە بەرەنگاربوونەوەی ستەمکار و پادشا و دەسەڵاتە نەگۆڕەکانە.

دولوز و گیوتاری لە کتێبەکەیاندا باسی کردەوەکانی زمانی گرووپێکی یەکە دەکەن کە ئەو گرووپە خودان دوو یان چەند زمانی جوداوازن. چونکە کردەوەگەلی زمانەیلی جوداواز کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکانی هێز و نێوەندە جوداوازەکانی دەسەڵات وەدیار دەخات. ئەم کارە، خۆی لە ئوستوورەی "گەیاندنی زانیاری" دەرباز دەکات، بۆ ئەوەی سیستمی زنجیرەیی و فەرماندەرانەی زمان وەکو سیستمێکی گەیەنەری فەرمانەکان و دەکارکردنی دەسەڵات یان بەرەنگاربوونەوە لەهەمبەر ئەو کردەوانەدا نیشان بدات.

دولوز و گیوتاری لە کتێبەکەیاندا کەڵک لە مۆدێلە چوار زمانییەکەی هێنری گۆبارت وەردەگرن کە بریتییە لە: "زمانی ناوچەیی (دایکی)، لەو کۆمەڵگایانەدا لەکار دێت کە گوندنشینن، یان هەر لە بنەڕەتدا گوندی بوونە. زمانی نێونجیکەر، زمانی شاری، زمانی حکومەت و تەنانەت زمانی جیهانی، زمانی کاروکاسبی، زمانی ئاڵوێری بازرگانی، زمانی ئاڵوێرە بیرۆکراتییەکان و هتد. زمانی سەرچاوەیی (گەڕێندراوە)، زمانی واتا و زمانی فەرهەنگ (کولتوور) کە پێداویستییە بۆ قەڵەمڕەوگیریی دووبارەی فەرهەنگی. زمانی ئوستوورەیی، کە لە ئاسۆی فەرهەنگەکاندا بە قەڵەمڕەوگیریی دووبارەی رۆحی و ئاینییەکانەوە سەرقاڵ دەبێت.

گوتەزا کاتی ــ شوێنییەکانی ئەم زمانانە بەڕوونی پێکەوە جوداوازن: زمانی ناوچەیی ئێرەیە (here)؛ زمانی نێونجیکەر هەموو شوێنێکە (every where)، زمانی سەرچاوەیی لەژێرەوەیە (Ther over)، زمانی ئوستوورەیی لەوپەڕە (beyond). بەڵام خاڵی گرینگتر ئەوەیە کە دابەشکردنی ئەم زمانانە لەم گرووپەوە بۆ ئەو گرووپ لەنێو گرووپێکی یەکەدا، لە دەورەیەکەوە بۆ دەورەی دواتر جوداوازە (زمانی لاتین تاکو ماوەیەکی زۆر لە ئەورووپا، پێش ئەوەی زمانی سەرچاوەیی بێت و دواتر ببێتە زمانی ئوستوورەیی، زمانی نێونجیکەر بوو، زمانی ئینگلیزی بۆ دنیای ئەمڕۆ، زمانێکی نێونجیکەرە.) ئەوەی کە بە زمانێک دەگوترێ، لە زمانێکی دیکەدا شیاوی گوتن نییە و تێکڕای ئەو شتەی کە دەکرێ بگوترێ و ئەوەی کە ناکرێ بگوترێ، بێ سێ و دوو لەلایەن هەر زمانێکەوە و لەلایەن پێوەندییەکانی نێوان ئەم زمانانەوە جوداوازە".

کەواتە ئەوەی کە ئێمە سەروکارمان لەگەڵی هەیە، تێکەڵاوێکە لە زمانەکان، نەک سیستمی زمانەکان. کە دەبینین کەسانێک هاواریان لێ بەرز دەبێتەوە لەسەر ئەوەی دوعای یەکشەممە بە زمانی فەرەنسا بەڕێوە دەچێت، لەبەر ئەوەیە کە خەمی لەدەستچوونی کردەوە ئوستوورەیی فەرهەنگییەکەی زمانی لاتینیانە. واتە خەمی لەدەستچوونی فۆڕمە ئاینزایی یان شێوە راهێنانەکەی ئەو دەسەڵاتەیانە کە ئەم زمانە دایدەسەپاند و ئێستا کۆمەڵێک فۆرمی دیکە جێگایان گرتووەتەوە. نموونەی تازەتر هەن کە سنووری نێوان گرووپەکان دەبەزێنن. زیندووکردنەوەی ناوچەخوازی، بە قەڵەمڕەوگیریی دووبارە لە رێگەی شێوەزار یان زمانی ناوچەییەوە. رەنگە پرسیار بکرێت، باشە مادام زمانی ناوچەیی خزمەت بە تەکنیکسالارییە جیهانی و باننەتەوەییەکە دەکات، سوودی چییە؟ ئەدی ئەوە نییە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان تژین لە جۆرەکانی ئارکاییزم و هەوڵ دەدەن واتایەکی ئەمڕۆییان پێ بدەن؟ راستییەکەی قسە لەسەر ئەوە نییە کە سنوورەکان تاکو چ رادەیەک لەیەک دادەبڕێن. ئاخر گۆرانیبێژێکی ئەمڕۆیی ئەمریکایی دەتوانێ سەرچاوەییترین و ئۆدیپیترین قەڵەمڕەوگیریی دووبارە لە ئاوازەکانیدا لەکار بێنێت، ئاخ دایکە گیان، ئاخ وڵاتی دایک، ئاخ کەپرۆچکەکەم، لای لایە لای لایە...

"دەتوانین ئەمە ناوبنێین مێژوویەکی تێکەڵاو. ئەو دۆخە سیاسییەی کە زمانناسان، وەکو زانستمەندانی رووتی "ناسیاسی"، هیچ سەری لێ دەرناکەن و ناشیانەوێ لێی تێبگەن. تەنانەت "چۆمسکی"ش ئەم "ناسیاسی"بوونە زانستییە، تەنیا بە خەباتێکی ئازایانە لەدژی جەنگی ڤییەتنام قەرەبوو دەکاتەوە."

دولوز و گیوتاری بابەتی دەربڕین لە زمانی ئەدەبیدا، لەسەر زاری کافکاوە، نەک وەکو شێوازێکی ئەبستراکت و گشتی، بگرە سەبارەت بە ئەدەبیاتێک دێننە بەرباس کە پێی دەڵێن ئەدەبیاتی کەمینە، وەکو ئەدەبیاتی جووەکانی وارشۆ یان پراگ. بەپێی ئەم بۆچوونە، ئەدەبیاتی کەمینە بەرهەمی زمانی کەمینە نییە، بەڵکو ئەم ئەدەبیاتە ئەو شتەیە کە کەمینەیەک لەنێو زمانی زۆرینەدا دەیئافرێنێ. بەلای ئەوانەوە یەکەمین تایبەتمەندیی ئەدەبیاتی کەمینە ئەوەیە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی بالای قەڵەمڕەوپەرێزییەوە. بەگوێرەی ئەم واتایە، کافکا بنبەستێک دیاری دەکات کە دەبێتە بەربەست و ناهێڵێت جووەکانی پراگ دەستیان بە نووسین رابگات و ئەدەبیاتەکەیان دەکاتە شتێکی ناموومکین. واتە نەنووسین بەهۆی وشیاریی نەتەوەییەوە، وشیارییەکی سەرکوتکراو کە بە ناچاری لەڕێگەی ئەدەبیاتەوە دەژی. نموونەی ئەم تایبەتمەندییەی ئەدەبیاتی کەمینە لەنێو نووسەرانی کورددا، یەشار کەماڵە. نووسین بە زمانی ناوچەیی (دایکی) بۆ یەشار کەماڵ ناموومکینە، بۆیە لە بەرزترین ئاستی موومکیندا بۆ پاساوێکی واقیعی دەگەڕێت. نووسین بە زمانی زۆرینە "داهێنان وەکو هەنگاونان بەنێو ناموومکینەکاندا".

دووەمین تایبەتمەندیی ئەدەبیاتی کەمینە، ئەوەیە کە هەموو شتێک لەو ئەدەبیاتەدا سیاسییە. کافکا دەڵێ، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەدەبیاتی کەمینە "پاڵاوتنی ئەو لێکدژییەیە کە باوک و کوڕ پێکەوە بەرەنگار دەکاتەوە و ئیمکانی باسکردن لەمەڕ ئەم لێکدژییە، وەهمێکی ئۆدیپی نییە، بگرە بەرنامەیەکی سیاسییە". ئەو شتەی لە ئەدەبیاتی زۆرینەدا دەستکەوتێکی تێپەڕی لێ دەکەوێتەوە، لە ئەدەبیاتی کەمینەدا هیچی لە بابەتی مەرگ و ژیانی هەموان کەمتر نییە.

سێیەمین تایبەتمەندیی ئەدەبیاتی کەمینە ئەوەیە کە هەموو شتێک لەو ئەدەبیاتەدا بایەخی کۆی هەیە. لە ئەدەبیاتی کەمینەدا ئەو شتەی کە نووسەرێک بەتەنیا دەینووسێت، پێشتر کردەوەیەکی هاوبەشی پێکهێناوە، واتە ئەوەی دەیڵێت و ئەنجامی دەدات لەبەر پێویستییەکی سیاسییە، تەنانەت ئەگەر دیتران لەگەڵیشی کۆک نەبن. کافکا دەڵێ "ئەدەبیات زیاتر لەوەی کە بابەتی مێژووی ئەدەبیات بێت، بابەتی خەڵکە".

چوارەمین تایبەتمەندیی ئەدەبیاتی کەمینە قەڵەمڕەوپەرێزیی زمانە. واتە ئەدەبیاتی کەمینە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ هەر ئەدەبیاتێک لەنێو ئەو ئەدەبیاتەدا کە بەناوی زۆرینەوە تۆمار کراوە. ئەگەر کەسێک لە وڵاتێکی خودان ئەدەبیاتێکی گەورە (زۆرینە) لەدایک بووبێت، ناچارە بە زمانی ئەو وڵاتە بنووسێت، هەروەکو چۆن جوویەکی چیکی بە زمانی ئەڵمانیایی دەنووسێت. یان کوردێک لە ئێران بە زمانی فارسی دەنووسێت. لە مێژووی ئەدەبیاتی فارسیدا، زاراوەی "کوردانی فارسینووس" یان "تورکانی فارسینووس" بەرچاو دەکەوێت.

نووسەری ئەدەبیاتی کەمینە، وەکو مشک زمانی زۆرینە هەڵدەکۆڵێت تاکو کونێکی بۆ خۆی تێدا دروست بکات، تاکو خاڵی پەرەنەسەندوویی خۆی، زمانە ناوچەییەکەی خۆی، دنیا سێیەمەکەی خۆی و بیابانی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. نووسەری ئەدەبیاتی کەمینە تایبەتمەندیی سەرکوتکراوی زمانەکەی خۆی لەهەمبەر تایبەتمەندیی سەرکوتکەری زمانی زۆرینەدا دادەنێت. گەرەکیەتی خولیایەکی دژ لەنێو زمانی زۆرینەدا بئافرێنێ، خولیای دەربازبوون.

**سەرچاوە:**

١ــ کافکا: بسوی ادبیات اقلیت. ژیل دلوز، فلیکس گوتاری. مترجم، شاپور بهیان، نشر ماهی، چاپ اول پایز ١٣٩٢، تهران.

٢ــ ژیل دلوز: "دربارەی برتری ادبیات انگلیسی ــ امریکایی"، ترجمەی حمید فرازندە، در: ماهنامە ادبی، هنری عصرپنجشنبە، شمارەی–74ــ 73، شیراز فروردین–1383و اسفند 1382، ص 107 .

## کۆنترۆڵکردنی تووڕەبوونی منداڵ*

دڵنیام ئەم پرسیارە بە زیهنتاندا دێت، ئەگەر بەر بۆ تووڕەیی منداڵ شل بکەین، لە داهاتوودا زیانی پێ ناگەیەنێت؟ چی بکەین بۆ ئەوەی تووڕەیی منداڵ ناخی تێکنەشکێنێ؟

بەڵێ، ئەگەر تووڕەیی منداڵ کۆنترۆڵ نەکرێت، رەنگە زیان بەخۆی و دەوروبەریشی بگەیەنێت. بەر لەوەی باسی کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی منداڵ بکەین، دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کە تووڕەیی هەستە، ئەگەر عەقڵ بەریشی پێ بگرێت، تووڕەیی هەستێکی ئەوەندە بەهێزە کە بتوانێت فشار لەسەر عەقڵیش دروست بکات. بۆیە کاتێک کەسێک تووڕە دەبێت، بە گوتنی "عەقڵت بەکار بێنە" یاخود "چاوت بنوقێنە و 10 چرکە هەناسەی قووڵ هەڵمژە" تووڕەییەکەی دانامرکێتەوە.

تووڕەیی لەناو ناچێت بەتەواوی، مەگەر ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان هەستی تووڕەیی و هەستەکانی دیکەدا رابگیرێت. باشترین هەستیش کە تووڕەیی پێ رابگیرێت، هەستی ویژدانە.

### هاوسەنگی تووڕەیی و ویژدان

بۆ ئەوەی تووڕەیی زیان بە منداڵ نەگەیەنێت، لە پەروەردەدا، پێویستە گرنگیی ویژدانی فێر بکرێت. دەبێت دایکان و باوکان، میکانیزمی تایبەت بەکاربێنن بۆ جوڵاندنی ویژدانی منداڵەکانیان، هەندێک جاریش دەبێت ویژدانی منداڵەکانیان تاقی بکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانن تا چەند سەرکەوتو بوون.

ویژدان، تێگەیشتنە لە کەسانی بەرامبەر و بینینی هەستەکانیانە. میکانیزمی جوڵاندنی ویژدانی مرۆڤ زۆر گرنگە و رێگەی جیاوازی هەیە. لێرەدا بە کورتی باسی چەند دانەیەکیان دەکەین، ئێوەش لەو روانگەیەوە دەتوانن رێگای تایبەتی بۆ خۆتان هەڵبژێرن.

بۆ ئەوەی ویژدانی منداڵەکان بەباشی بخرێنە کار، دەکرێت جار جار بیانبەن بۆ گۆڕستان، پرسە، سەردانی نەخۆش، ئاهەنگ و شایی، گەڕانی جەژن، سەردانی کەسوکار و مرۆڤە بێلانەکان.

ئەگەر منداڵێک بەزەیی بە سواڵکەر، خاوەن پێداویستیی تایبەتدا بێتەوە و خواستی هاریکاریکردنی تێدابێت بۆیان، بە بەزەیی بێت بەرامبەر بەو منداڵانەی لە خۆی بچوکترن، حەزی لە یاریکردن بێت لەگەڵ ئاژەڵ و قسەیان لەگەڵدا بکات و هەواڵی دایکان و باوکانیان بپرسێت، ئەوا دەتوانین بڵێین میکانیزمی ویژدان بەباشی کاری لەو منداڵە کردووە.

جوڵاندن و پەروەردەکردنی ویژدانی منداڵ، پرەنسیبێکی زۆر گرنگە کە دەبێت هەموو دایک و باوکێک ئاگاداری بن و بە جوانی پیادەی بکەن. ئەگەر تووڕەبوونی منداڵ دابمرکێنرێتەوە و لە رێگەی فشارەوە ناچار بکرێت بیخاتەوە ناخی خۆی، ئەوا ئەم تووڕەییە لەناخی منداڵەکەدا بەرە بەرە گەشە دەکات و لە گەورەییدا زیان بە خۆی و دەوروبەری دەگەیەنێت. خۆ ئەگەر، بە بەردەوامی تووڕەییەکەی بەزۆر دامرکابێتەوە و هیچ ویژدانی نەخرابێتە کار، ئەوا کە هاوسەرگیریی کرد، تەواوی تووڕەییەکانی ناخی بەسەر هاوسەرەکەیدا دەڕێژێت. ببێت بە مامۆستا هەرچی رقی دڵێتی بەسەر قوتابییەکانیدا دەڕێژێت. پزیشک بەسەر نەخۆش و فرۆشیار بەسەر کڕیاردا!

ئەو دایک و باوکانەی دەیانەوێت ژیانێکی ئارام بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر بکەن، هەرگیز پەروەردەی ویژدانیان لەبیر ناکەن.

منداڵ ئاوێنەی دایک و باوکێتی. دایکان و باوکان چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکەیاندا بکەن و چۆن بانگیان بکەن، ئەوانیش بەوشێوەیە مامەڵە دەکەن و بانگیان دەکەنەوە. کۆرپەکان هەوڵ دەدەن وەک دایکیان بڕۆن، بۆیە واز لە گاگۆڵە دەهێنن و هەڵدەستنە سەر پێ. سەیری دەمی دایکیان دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەو وشانە دووبارە بکەنەوە کە لە دەمی دایکیانەوە دێتە دەرەوە. تەواوی کۆرپەکان، لەماوەیەکی کەمدا تا چوار ساڵی، زۆربەی شتەکان لە دایک و باوکیانەوە وەردەگرن و بە درێژایی ژیانیان لەسەر ئەو هێڵە گشتییەی دایک و باوکیان دەڕۆن.

دەبێت بە باشی لەوە دڵنیا بین کە منداڵ تەنیا زمان و شێوازی رۆیشتن وەرناگرێت لە دایک و باوکییەوە، بەڵکو فێری هەموو شتێک دەبێت. لە کاردانەوە و تووڕەبوون و ئارامگرتندا، هاوشێوەی دایک و باوکی دەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر دایک بڵێت با پێ نەنێیم بەسەر ئەو مێروولەیەدا، ئەگەرنا قاچی دەشکێت و ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی، منداڵەکەش هەر لەو شوێنەدا ئەم هەڵوێستە جوانە بە ویژدانەی دایکی لە زیهنیدا دەنووسێتەوە و دەیکاتە بەرنامەی کاری خۆی. منداڵ هەموو هەڵسوکەوت و کاردانەوەکان لە دایک و باوکییەوە وەردەگرێت. کەوایە ئەگەر دەتانەوێت منداڵەکانتان ئارامگر بن و ویژدانیان هەبێت و فێری کۆنترۆڵی هەستەکانیان ببن، ئەوا وریای هەڵسوکەوتی خۆتان بن.

**وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل**

*ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی رەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لێرەدا بڵاودەکرێتەوە.

# دەربارەی بڕووک و شەکسپیر



د.فازڵ جاف

ڕەنگە هیچ ڕێژیسۆر"دەرهێنەر"ێک بە ئەندازەی ڕیژیسۆری بەریتانیی بەناوبانگ "پیتەر بڕووک" هەوادار و ئاڵوودەی شەکسپیر نەبووبێت.

هەواداریی بڕووک بۆ شەکسپیر، تەنیا لە جوغز و سنووری وابەستەبوونی دەرهێنەرێکدا بۆ نووسەرێکی شانۆیی گەورە نییە، بگرە خۆشەویستییە بۆ نووسەرێک کە بەڕای ئەو، نووسەرێکە هەرگیز مانەندی نەبووە و نییە، نووسەرێکە بە وتەی خۆی لە "پەنتایی بەتاڵ" دا، هەموو نووسەرێکی هاوچەرخیشی بەزاندووە، وەکو خۆی دەڵێت: تەنانەت برێخت و بێکتیش لە شەکسپیردا هەن، بگرە هەردووکیشیان ڕەت دەکات.

را و بۆچوونەکانی بڕووکی ڕیژیسۆر دەربارەی شەکسپیر گەلێک گرینگن، ڕیژیسۆرانی ئەم سەردەمە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لاون و هێشتا قوتابیی شانۆن، دەکرێت لە گەلێ ڕووەوە وانە و دەرس و ئەزموونیان لێ وەربگرن. لەوانە:

دیدی بڕووک بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ شانۆنامە و دەسەڵاتی دەق، چەمکەکانی نواندن و پەنتایی و شانۆاندن و بنچینە ئێستاتیکییەکانی جیهانی بەرینی شەکسپیر، هتد...

پیتەر بڕووک لە دوا کتێبیدا* کە تەنیا تەرخانە بۆ پێوەندیی خۆی بە شەکسپیرەوە، هەڵوێستە لەسەر ئەو کەسانە دەکات کە گومان لە بلیمەتیی شەکسپیر دەکەن، ئەوانەی کە پێیانوایە کەسایەتیی شەکسپیر بوونی نەبووە، ئەوانەی کە پێیانوایە کەسێکی دیکە ئەو شانۆیانەی ئەویان نووسیوە، ئەوانەی کە دەڵێن چەند نووسەرێک بەناوی خوازراوەوە، بەناوی "شەکسپیر"ەوە شانۆنامەکانی شەکسپیریان نووسیوە. نەک هەر ئەوەندە، ئەوانەیش کە پێیانوابوو: شەکسپیر عەرەبە و ناوی شێخ زوبێرە.

بڕووک لە کتێبەکەیدا دەڵێت: ئیرەیی و حەسادەتی نێوەندی شانۆیی هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەم قسەوقسەڵۆکانەیە و سەرچاوەی گومان دروستکردن بوون سەبارەت بە بەهرەو و بلیمەتیی شەکسپیر.

هەر دەربارەی ئیرەیی و حەسادەتی شانۆکاران و شکاندنەوەی یەکتر، بڕووک دەڵێت: جان جێنیە پێی گوتم: ئەگەر بڵێم نووسینەکانم بەرهەمی خۆم نیم و ئامۆزایەکم بۆیانی نووسیوم، کار دەگاتە ئەوەی کە ئیدی رقیان لە ئامۆزاکەم ببێتەوە.

بە بۆچوونی من، دیدی بڕووک بۆ شەکسپیر کە لە زۆربەی نووسین و دیالۆگەکانیدا دووپاتیان دەکاتەوە، هیچی کەمتر نییە لە شاکارە بەنرخەکەی توێژەری پۆلۆنیی بەناوبانگ (یان کۆت) بەناونیشانی "شەکسپیری هاوچەرخمان)، کە دیدی شانۆکارانی ئەم سەردەمەی سەبارەت بە شەکسپیر گۆڕی، ئەوەی سەلماند کە شەکسپیر هەمیشە هاوچەرخمانە، هەمیشە جیهانییە، نەخێر، بگرە هەمیشە گەردوونییە.

زۆربەی شانۆکاران، ئەوانەی شەکسپیریان بە دیدێکی نوێ و جیهانبینییەکی سەردەمانەوە نمایش کردووە، بە بڕووک خۆیشییەوە، قەرزای (یان کۆت)ن.

بەڵام هزر و بۆچوون و خولیاکانی بڕووک تایبەتمەندی و بایەخی خۆیان هەیە، چونکە دەرئەنجام و ئاکامی مەشق و ڕاهێنان و پرۆڤەی دەرهێنەرێکە کە بە خۆشەویستییەوە شەکسپیری لە پانتایی پراکتیدا تاوتوێ کردووە.

ئەگەر شەکسپیر لەلای یان کۆت نووسەرێکی شانۆیی هەمیشە هاوچەرخ بێت. لەلای بڕووک شەکسپیر بە کردەیی لە ڕاهێنانەکاندا، لە چەمکەکانی نمایشدا، لە یاری و بەرجەستەکردنی ڕۆڵ و فۆرم و هونەرەکانی شانۆاندن و فەنتازیادا گەورەترین ڕێبەری شانۆییە و بەردەوام ئامادەیی هەیە.

ڕەنگە زۆربەی توێژەران کۆک بن لەسەر ئەوەی کە نایابترین نمایشی بڕووک (مهابهاراتا) بێت، بەڵام بە باوەڕی من، دەرهێنانی (خەونی نیوە شەوێکی هاوینە)ی




شەکسپیر کە بڕووک لە حەفتاکاندا بۆ شانۆی ڕەخساند، گرنگترین بەرهەمی بڕووکە. ئەم بۆچوونەیش قسە هەڵدەگرێت.

* The Quality Of Mercy

## چیرۆک دەبێ دەمارێک لەناو مندا ببڕێ

# دێڕە تاریکەکانی نێو دەفتەرەکەی سۆنتاگ



"ئەدەبیات پاسپۆرتی چوونە نێو ژیانێکی فراوانتر بوو، جێیەک بەناوی زۆنی ئازاد".

سوزان سۆنتاگ

ئامادەکردنی: هەژار عوسمان

سوزان سۆنتاگ لە کتێبی (وەک هۆش کە بە گۆشتەوە گیردراوە: ڕۆژانە نووسین و پەراوی تێبینییەکان 1964-1980"- دا دەڵێت:

من ئێستا لە بەرزاییەوە دەنووسم، هەست بە جۆرێک لە دەروون بڵندیی نیتچەییانە دەکەم. ئەم هەستە هێزم دەداتێ. دەمەوێت بەسەر هەمواندا بقیژێنم. دەمەوێت ناڕەزایی بەرامبەر هەموو کەسێک دەربڕم. بە پێکەنینەوە بنەڕێنم و قرمە لێبدەم.

**سۆنتاگ نووسەران بەسەر دوو تایپدا دابەش دەکات و دەڵێت:**

دوو جۆر نووسەر هەن. ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە ئەم ژیانە هەموو ئەو شتەیە کە هەیە و دەیانەوێت وەسفی هەموو شتێک بکەن: ڕووخان، شەڕ، لەدایکبوونی منداڵ، پێشبڕکێی ئەسپ. ئەوە تۆڵستۆی-یە. هەروەها ئەو جۆرەی وا بیردەکەنەوە ئەم ژیانە وەک تاقیکردنەوەیەکە لەسەر زەوی (سەبارەت بەو شتانەی ئێمە نایانزانین و دیتنی ئەوەی بەشەر چەندە بەرگەی خۆشی و ناخۆشی دەگرێت و ئازار و ئێش چییە؟) و دەیانەوێت تەنیا وەسفی شتە پێویست و بنەڕەتییەکان بکەن. ئەوە دۆستۆیڤسکی-یە. چۆن کەسێک بتوانێت وەک (ت) پاشان (د) بنووسێت؟ مەسەلەکە ئەوەیە بتوانی باش وەکوو (د) لەبارەی دەروونەوە بنووسی.

"هەموو شتێک لەبارەی ئاوەڵناوەکان و خاڵبەندی و ڕیتمەوە بزانە- زانینی ئەمانە خاوەندارێتیی ڕاستەقینە لە نووسەردا دەخولقێنێ". سۆنتاگ لە بارەی ئەوەی چۆن ببیتە نووسەرێکی مەزن، وای گوتبوو.

ئەم دێڕانەی بەدوای ئەو سێ پاراگرافەی سەرەوە دێن، دێڕبژێری بۆچوونە مەزنەکانی سۆنتاگ-ن لەمەڕ نووسین. ئەو دێڕانەی لەبارەی نووسینەوەن و لە کتێبی "وەک هۆش کە بە گۆشتەوە گیردراوە: ڕۆژانەنووسین و پەراوی تێبینییەکان 1964-1980" بژێر کراون:

- نووسین دەرگایەکی بچووکە. هەندێک خەیاڵات و هەندێک شتومەکی گەورەی پێدا ناڕوات.
- هیوادارم بەقەدەر ئەوەی هەست بە سێکس دەکەم هەست بە نووسینیش بکەم!
- بابەتە مەزنەکان: بۆ خۆیان بەدوای موتەعالیبووندا دەگەڕێن. بۆ نموونە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی)ی لیۆ تۆڵستۆی.
- کافکا دوایین نووسەری ئەدەبیاتی جیددییە و چ کەسێک ناتوانێت بەو ڕێیەدا گوزەر بکات.
- پێموایە ئامادەم فێر ببم چۆن بنووسم. لەگەڵ وشەکاندا بیر بکەمەوە، نەک بیرۆکەکان.
- نووسین تەنها جێگرەوەی ژینە.
- نووسین بە زمانی فەرەنسی وەک ئینگلیزی نییە، زمانێکە دەشکێت ئەگەر بتەوێ بینووشتێنیتەوە.
- نووسەر وەک وەرزشوان دەبێ هەموو ڕۆژێ مەشق بکات.
- نووسینەکانم تەواو تاریک و ڕەقن.
- تەنها چیرۆکێک کە شایان بە نووسین بێت، ئەو نووسینەیە کە دەگری، تەقە دەکات و دەزریکێنێ. چیرۆکێک کە پێویستە دڵی خوێنەر بشکێنێ.
- چیرۆک دەبێ دەمارێک لەناو مندا ببڕێت. دڵم دەبێت بێتە دەرەوە کاتێک یەکەم دێڕی لە مێشکمدا چەسپ دەبێت.
- نووسین زنجیرەیەک گۆڕانی تەواوە. ئەرکی نووسین تەقاندنەوەی بابەتی کەسێک یان شتێکە و گۆڕینیەتی بۆ شتێکی دیکە.
- نووسین واتە گۆڕانکاریی لە لاساییکردنەوەی ئەوانی دیکەدا. بۆ نموونە من حەزم لەوە نییە کە دەینووسم. دەی ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی بنووسیت. ڕێگەیەکە کە دەکرێ دەرئەنجامی دڵخوازانەی لێ بەرهەم بهێنرێت.
- کاتێک نووسین سانسۆری لەسەر نابێت، ئەوا نووسەر هیچ گرنگییەکی نامێنێ، بۆیە ئاسان نییە دژی سانسۆر بێت.
- کەسێک بۆ ئەوەی بنووسێت دەبێت چاوی ببەستێ. منیش چاوبەستەکەم ون کردووە.
- مەترسە لەوەی زۆر پوخت و ورد بیت.
- دەبێت هەموو ڕۆژێک بنووسم. هەرشتێک. هەمووشتێک. هەموو کاتێک دەفتەرێکی یاداشت لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم.
- زمانی ئەدەب، سەرەڕای زمانی توندوتیژی، دەبێت زمانی کەیف و سەفاش بێت، زمانێک بێت و فشارە دەروونییەکان وردوخاش بکات. تەنیا ئەرکی ئەدەبیات پەردەهەڵماڵینە لەسەر خود لە مێژوودا.

سوزان سۆنتاگ، شرۆڤەکاری کولتووری، وتارنووس، ڕەخنەگر، ژمارەیەک کتێبی وەک (دەربارەی فۆتۆگرافی)، (نەخۆشی وەک میتافۆر)، (لە ئەمەریکادا) و (عاشقی گڕکان) لە بەرهەمە ناودارەکانین. لە 16ی جەنیوەری 1933 لە نیویۆرک لەدایک بوو. لە زانکۆی هارڤارد و پاشان لە ئەوروپا خوێندوویەتی. لە 28ی دیسێمبەری 2004 بەهۆی شێرپەنجەی خوێن لە نیویۆرک مرد. ڕۆماننووس و فیلمساز بوو.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# دوو ملیارەکەو جوانە

پێدەچێ بۆ ئەوەی لە دۆخی شەپڕێوی نەوت و گازی هەرێم تێبگەیت، تا لە هەندێ لە کەتنەکانی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان حاڵی بیت، یەک تۆزقاڵیش پێویست بەوە نەکات، شارەزای وزە و بازاڕی نەوت بیت، ئاخر تووخوا هەموو دونیا دروست دەزانن دەوڵەتەکەی کاک ئەبوو بەکر ڕۆژانە چەند بەرمیل بە چەند دەفرۆشێت، کەچی فیل نازانێ کوردستان چی بە چەند دەفرۆشێت! لەملاوە بۆڕی، لەولاوە تانکەر، لەمسەرەوە نەوتی کەرکووک، لەوسەرەوە هی ڕۆژئاوا. توو ئیمانتان، ڕێی تێدەچێ، سیاسەتی نەوتی داعش، لەوەی کوردستان شەفافتر بێ؟

بۆ ئەوەی لەوەش حاڵی بیت کە کۆمپانیای دانا گاز ڕاست دەکات کەیسی دوو ملیار دۆلارەکەی بردووەتەوە و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش هەرچی دەکات پێی پینە نابێت، هەر بە هەمان شێوەیە. ئاخر ئەگەر وەزارەتی کاک ئاشتی ڕاست دەکەن و کەیسەکەیان نەدۆڕاندووە، ئەوە نرخی پشکەکانی کۆمپانیای دانا گاز لە دوو ڕۆژی رابردوودا جیاواز لە چەندان کۆمپانیای دیکە بە ڕێژەی سەتا چواردە بەرز نەدەبووەوە، لە کاتێکدا لەم دۆخە نالەبارەی بازاڕی نەوتدا کە پێوەری زۆربەی کۆمپانیاکانی دونیا سوورن، هی دانا گاز سەوز نەدەبوو.

ئەگەر دانا گاز ڕاست نەکەن، ئەوە لاپەڕەی سەرەکیی بۆرسەی ئەبوو زەبی، هەواڵی بردنەوەی کەیسی دوو ملیارەکەی لە دووەم هەواڵی سەرەکیدا دانەدەنا.
تەماشایەکی ڕاگەیەندراوەکەی دانا گاز بکە و سەرنجێکیش لە وەڵامەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بدە. ئەوان بە دەنگی دلێرەوە دەڵێن فڵانە دادگا بیست و هەشت ڕۆژی بۆ حکومەتی هەرێم داناوە تا بڕی ملیارێک و نۆسەت و هەشتا و یەک ملیۆن و نۆسەت و پەنجا و یەک هەزار و سێسەت و بیست و دوو دۆلار بداتە کۆمپانیای دانا گاز، خودا شاهیدە من بم لە بری دانا گاز، لە بیست و دوو دۆلارەکەش خۆش نابم.

ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش، لەوە گەڕێ دەڵێی یەکەمجار بە بەنگەلادیشی نووسراوە و دواتر بە گووگڵ ترانسلەیتەر کراوەتە کوردی، خۆ بەیاننامە نییە، تکانامەیە، پاڕانەوە و کڕووزانەوەیە، لە شوێنێکیدا هەر ئەوەندە ماوە وەزارەت بە دانا گاز بڵێ خاڵە تۆزێکمان لەسەر ڕاوەستە خوا عەلیمە وەزعمان خراپە و پوولمان لە گیرفاندا نەماوە. ئاخر ئەگەر دەنگی وەزارەت دلێر بووایە لەبەرامبەر کەیسێکی یاساییدا، هانای بۆ جووڵاندنی هەستی خەڵک بە پرسی شەڕی داعش و باری نالەباری حکومەت نەدەبرد.
ئاخر کە حکومەت کەوتە ئەو هەموو قەیرانە داراییەوە، هانای بۆ نەوت و گاز بردووە، کەچی ئەمیش لەبری چارەسەر حکومەتی قەرزارتر کردووە، جا تووخوا ئەمە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، یان هی کارەساتە سروشتییەکان، وەزیری ئەم وەزارەتە دەبێ ناوی بەڵای ناگەهان بێ نەک ئاشتی. ڕێزدار ئاشتی هەورامی کە بە گوێرەی لاپەڕەی حکومەتی هەرێم ناوی عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵایە، نە خوا دەناسێ و نە ڕەحمێ دەکا.



عارف قوربانی

# هەمووی پەیوەستە بە دەستوورەوە

بۆ جۆرە وڵاتێکی وەک ئێمە کە هێشتا کبریای خێڵأ و دەرەبەگایەتی و شۆڕش نەشکاون، زۆرن ئەوانەی یاساو ڕێساکان بۆ خواری خۆیانەوە دەبینن و هەستی پابەندێتی و ماف بەخەڵکیدان کە لە ئاستی ئەواندا بن، هەستێکی زەحمەتە، بۆیە ماوەی 23 ساڵی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی وەک یەکەم تەجروبەی دەوڵەتداری لە چەرخی نوێدا، پڕە لە یاساشکێنی و بچووککردنەوەی ڕێسا و یاسای دەوڵەتداری و گونجاندنی لەگەڵأ شان و شەوکەتی سەردەستەی خێڵأ و دەرەبەگ و شۆڕەسوارەکانی شۆڕش. بۆیە بوونی دەستوور لانیکەم وەک پێویستیی چوارچێوە و پەرژینێکە بۆ جێکردنەوەمان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا.

ئەمە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بڕوانینە ئەزموونی حوکمڕانی و ژیانی کۆمەڵگەی کوردی لەم هەرێمە کە هێشتا هۆشیاری بەرامبەر بە یاسا و ڕێسای ژیان و ماف و ئازادیەکان لە سەرەتادایە، گیانی بەرپرسیارێتی و هەستی خۆبەخاوەنزانین لاوازە، خۆ بەگەورە بینین لەسەرووی خەڵک و کۆمەڵگەو دابونەریتەکانەوە وەک بەشێک لە کولتوور لەناوماندا ماوەتەوە، بۆیە بۆ ڕێکخستنی ژیانی پێکەوەیی و لانیکەمی دابینکردنی مافی وەک یەکی، کورد لەهەمووشت زیاتر پێویستی بە دەستوورە.

ئەگەر سەرنجەکانیش بەرتەسک و بچووک بکەینەوە لە کێشە سیاسی و یاساییەکانی ئەمڕۆشدا کە خەریکە وەک تەڵەزگەیەک دێتە بەرچاو، ئەوە بە دڵنیاییەوە سەرچاوەی ئەم کێشانەش هەر نەبوونی دەستوورە. چونکە ئەگەر دەستوورمان هەبووایە کێشەکان بەم جۆرەی ئێستا نەدەبوون، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتیشەوە بەشێکی ئەم کێشانە وابەستەی دەستوور بوون.

هەرچەندە جێگەی داخێکی گەورەیە کە سەرنجی میدیای کوردی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ڕووکەشی کێشەکانە، لێکەوتەی کێشەکان دەبینێ و کەمجار بەدوای ئەسڵی کێشەکان و ڕەگ و ڕیشەی چارەسەردا گەڕاون، بۆیە ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستانیش وابەستەی سەرنجەکانی میدیایە و لەژێر کاریگەریی زانیاری و پێدراوەکانی ئەواندا وێنای کێشەکان دەبینێت. بۆیە لە ئێستادا گۆڕینی ئاراستەی سەرنجی خەڵکیش بۆ جەوهەری کێشەکان کارێکی گرانە. ئەوەشە وایکردووە زۆرجار بەهەڵە تێگەیشتنێک دروست دەکرێت کە خەڵک ئومێدی چارەسەر لە شتێکدا دەبینن و دواجار لەوەش نائومێد دەبن کە چارەی کێشەکانی نەکردوون.

ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێت کە لە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو پرسەش ڕاستەوخۆ پەیوەست بوو بە دەستوورەوە. چونکە لە یاسای ژمارە (19)ی 30ی حوزەیرانی 2013 کە تەمەنی ویلایەتی بارزانی دیاری کردووە، یاساکە دوو بڕگەیە. یاساش بانێک و دوو هەوا نییە، بەشێکیان جێبەجێ بکرێت و بەشێکی فەرامۆش بکرێت.

یاسای ژمارە 19 لە بڕگەی یەکەمدا ویلایەتی بارزانی بۆ دوو ساڵأ درێژ کردەوە کە لە 2015/8/19 کۆتایی دێت. بەڵام بڕگەی دووەمی هەمان یاسا دەڵێت (لەو ماوەیەدا کە لە مادەی یەکەمی ئەم یاسایەدا دیاری کراوە، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بە سازان هەموار دەکرێتەوە). جا ئەسڵی کێشەکە ئەم بڕگەیەیە، چونکە تەگبیری یاسایی دانەنراوە بۆ حاڵەتێک ئەگەر لەو ماوەیەی دیاری کراوە دەستوور هەموار نەکرایەوە، دەبێت چی بکرێت. کێشەکان لێرەوە سەرهەڵدەدەن و ئەمەش جەوهەری کێشەکەیە. ئەگەر دەستوور هەموار بکرایە، ئەوە بە ڕێوشوێنی دەستووری مامەڵە لەگەڵأ پرسەکانی دیکە دەکرا و نەدەتوانرا لە بنەما دەستوورییەکان لابدرێت، وەک ئەوەی ئێستا بە ئاسانی و بە پاساو و تەفسیری جیاجیا لە یاساکان لادەدرێت.

ئەو ماوەیەش کە لە یاساکە دیاری کراوە بۆ هەمواری دەستوور، هەم کاتێکی زۆر لەبەردەم بوو بۆ هەمواركردنەوەی دەستوور، هەم زەمینە لەبار بوو کە هەموو لایەنەکان پێکەوە لە حکومەتێکی بنکە فراواندا بەشدار بوون و ناکۆکیی پێشتری سەردەمی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتیان نەمابوو، فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش وەک ئەوەی پێشتر قوربانی دابوو لە دەرچواندنی یاسای ژمارە 19 لە 30ی حوزەیران و بە دەستکەوتی دەزانی دەستوور بگەڕێنێتەوە بۆ هەموارکردن، دووجار لەو ماوەیە یاداشت و پرۆژەی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردبوو، بەڵام خۆدزینەوە لەو بەرپرسیارێتیە ئەم بارودۆخانەی بەدوای خۆیدا هێنا کە مایەی شەرم و نەنگیە بۆ هەرێمی کوردستان.

پێشتر لانیکەم خاوەنی پرۆژەیەکی دەستوور بووین کە خەڵکانێک زیاتر لە دەساڵأ پێوەی سەرقاڵ بوون، ئیجماعێکی نیشتمانی لەسەری هەبوو کە 36 حیزبی کوردستان پەسەندیان کردبوو، لە پەرلەمانیش نزیکەی 95% دەنگی پێدرابوو. بەڵام ئێستا ئەو پرۆژەیەش لەبار براو نەشتوانرا پرۆژەی بەدیل ئامادە بکرێت، یاخود لە هەمواری پرۆژەی دەستووردا شتێک بەرهەم بهێنرێت کە لەکاتی گونجاو و پێویستدا بکرێتە ئەمری واقیع.

بۆیە ئێستا دەرچەیەک نادۆزرێتەوە بۆ چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکان و مامەڵەکردنێکی یاساییانە بۆ ئایندەی کێشەکانیش. بەڕای بەندە پێویستە ئێستاش بگەڕێینەوە بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەکی دەستوور، ئەو لیژنەیەی لە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەردرا بۆ ئەوکارە، ئەگەر لەگەڵأ قوڵبوونەوەی ناکۆکی و قەیرانەکان کارەکانیان ڕانەگرتایە، ئێستا ڕەنگە بگەیشتنایەتە سازان لەسەر دەستوور، هێشتا کات و دەرفەت لەبەردەم ماوە، بەرلەوەی بەیەکجاری لێک بترازێین، پێویستە بناغەیەکی پتەو و ڕێوشوێنی یاسایی و ڕێسای دەستووری بۆ ئایندەی پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی کوردستان دانێن، کە ئەویش بە بوونی دەستوورێکی گونجاو لەگەڵأ واقیع و ڕەوشی وڵاتەکەمان دەبێت. تا دەستووریشمان نەبێت ئەم جۆرە کێشانە هەر بەردەوام دەبن، چارەسەریش بکرێت هەر چەندبارە دەبنەوە.



بەختیار کەریم

# زۆنی ئازاد.. لە تورکییەوە بۆ کوردی

سەرۆک کۆماری تورکیا ئومێدی زۆری لەسەر لووتکەی گروپی بیست (G20) هەڵچنیبوو. ئەردۆغان پێیوابوو لەم لووتکە گرنگەدا لەسەر خاکی وڵاتەکەی، دەتوانێت کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی بەدی بهێنێ و تورکیا بگێڕێتەوە بۆ پێگە بەهێزەکەی، بۆ تورکیای پێش جەنگی سووریا. یەکێک لە پێشنیارەکانی ئەردۆغان کە لە چەندین بۆنە و کۆبوونەوەی دیکەدا بێهوودە پێداگریی لەسەر کردبوو، بابەتی زۆنی ئازاد بوو لە سووریا. ئەردۆغان لەو بڕوایەدا بوو کە پاش لافاوی پەنابەران بەرەو خۆرئاوا و پاش کۆمەڵکوژییەکەی پاریس و دروستبوونی مەترسیی ڕاستەوخۆی داعش لەسەر خۆرئاوا، تورکیا دەبێتەوە بە "دەوڵەتە یەکلاکەرەوەکە"، و بەو شێوەیە دەبینرێت کە بەبێ ئەو نە کێشەی سووریا چارەسەر دەبێت و نە مەترسییەکانی داعش و تیرۆری ئیسلامی کۆتایی دێت. بەڵام ئەم بڕوایەی تورکیا، لە تاقیکردنەوەی (G20)دا شکستی هێنا. لەو کۆبوونەوەیدا هیچ دەوڵەتێک ئامادە نەبوو پشتگیریی پرۆژەی زۆنی ئازاد لە سووریا بکات.

ئامانجی شاراوەی تورکیا لەم ناوچە ئازادە بریتییە لە ئەستەمکردنی دەستگەیشتنی کورد بە دەریا، بەشێوەیەک تەنانەت لە دۆخی دروستبوونی یەک یان دوو دەوڵەتی کوردیدا لە عێراق و سووریا، تەنیا دەروازەی کورد بۆ گەیشتن بە جیهان خودی تورکیا بێت. بەم شێوەیە تورکیا زامنی هێشتنەوەی کورد دەکات لە قەڵەمڕەوی خۆیدا. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا کورد دەتوانێت ڕێگری لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە شاراوەیەی تورکیا بکات، بەبێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ تورکیادا؟ بێگومان تاکە ڕێگە بۆ ئەمە جێبەجێکردنی پرۆژەکەی تورکیایە، بەبێ بەشداری سەربازیی تورکیا. واتا دروستکردنی زۆنی ئازاد لەهەمان ناوچە، لەژێر سەرپەرشتیی هێزە هاوپەیمانەکان و هێزی زەمینیی خەڵکی ناوچەکە.

پاش لووتکەی گروپی بیست، تورکیا لە هەوڵی ئەوەدا بوو تەنانەت ئەگەر بەتەنیاش بێت سەرکێشیی دروستکردنی زۆنی ئازاد بکات، بەڵام خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ڕووسیا، ئاراستەی ڕووداوەکانی بەشێوەیەک گۆڕی کە لەوانەیە چیتر ئەم سەرکێشییە ئاسان نەبێت بۆ تورکیا. خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕووسییەکە هەلێکی زێڕینە بۆ ڕووسیا، تا هەوڵی دوورخستنەوەی تورکیا بدات لە گۆڕەپانی سووریا و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر گۆڕانکارییەکان و ئایندەی سووریا.

سەرۆک کۆماری ڕووسیا و فەرەنسا کۆکن لەسەر داخستنی سنووری نێوان تورکیا و سووریا، وەک هەنگاوێکی پێویست بۆ پەراوێزخستنی داعش و بڕینی هێڵی گواستنەوەی نەوت کە سەرچاوەیەکی زۆر پێویستە بۆ داعش. ئەو ناوچەیەی سنوور لە ڕۆژئاوای فورات کە هێشتا لەژێر دەستی داعشدایە، بووەتە هێڵێکی خێرا بۆ هاتوچۆی داعش و ئیسلامییەکانی دیکە لە سووریا بۆ تورکیا، هەروەها دەروازەیەکی گرنگە بۆ پڕچەککردنی داعش و ناردنی چەکداری تازە بەڕێگەی تورکیادا. تا ئێستا تورکیا ڕێگر بووە لەوەی یەپەگە ئەم ناوچانە لە داعش پاکبکاتەوە. هاوکات پێدەچێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گومانیان هەبێت لەوەی تورکیا بخوازێت ئەم سنوورە لەلای خۆیەوە کۆنترۆڵ بکات، لەبەرئەوە تاکە چارەسەر کۆنترۆڵکردنیەتی لەناو سووریاوە.

بۆ داخستنی سنووری سووریا و تورکیا بەئامانجی لێدان لە سەرچاوەی ئابووری و چەک و جەنگاوەری داعش، کورد هێزێکە کە ناتوانرێت پشتی تێبکرێت. جگە لەوەی ئەم ناوچانە زۆرینەی دانیشتووانەکەیان کوردن، باشترین و کاریگەرترین هێز کە بەرامبەر داعش دەجەنگێ لەم ناوچانە، تەنها هێزی کوردە. پاش کۆبوونەوەکانی سەرۆکی فەرەنسا لەگەڵ سەرکردەی چەند وڵاتێک، سەرۆک وەزیرانی بەریتانی (دەیڤد کامیرۆن) ئاماژەی بەوەدا کە هاوکاریکردنی هێزە میانڕەوەکانی سووریا و هێزە کوردییەکان هەنگاوێکی دروستترە لە ناردنی سەرباز بۆ لێدانی داعش. هەموو هێزە نێودەوڵەتییەکان کۆکن لەسەر گرنگی و کاریگەریی فاکتەری کورد لە عێراق و سووریا.

بەڵام پێویستە هێزە کوردییەکان، هەستیارییەکانی تورکیا نادیدە نەگرن. بۆ چەندین ساڵی دیکە تورکیا وەک دەوڵەتێکی بەهێزی ئەم ناوچەیە دەمێنێتەوە و پەیوەندییەکانی ئێستای لەگەڵ کورد یەکلاکەرەوە دەبن بۆ ئایندەی تورکیا و کورد. لەم ڕووەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ پەیەدە بۆ ناردنی پێشمەرگە بۆ بەشداریکردن لە ڕزگارکردنی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای فورات. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی هەرێم دەتوانێت پرۆژەیەکی هاوبەش لەگەڵ پەیەدە گەڵاڵە بکات و پێشکەشی هاوپەیمانانی بکات، بۆ دروستکردنی هێزێکی زەمینیی دژە داعش لە پێشمەرگە، هێزەکانی یەپەگە و هاوپەیمانەکانی و هەر هێزێکی تری عەرەب یان "تورکمان" لەم ناوچانە کە ئامادەن بەرەنگاری داعش ببنەوە. بەم پێیە شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی دەدرێت بە ئۆپەراسیۆنەکان و ڕۆژئاڤاش لە مەترسیی هەر کاردانەوەیەکی چاوەڕواننەکراوی تورکیا و هێزە هاوپەیمانەکانی لەناو سووریا دەپارێزرێت.

ئەوەی گرنگە، ئەم پرۆژەیە هەر بەناوی زۆنی ئازادەوە پێشکەش بکرێت، بۆ پێشوازیکردن لە ئاوارە سوورییەکان لەناو وڵاتەکەی خۆیاندا. واتا هەمان پرۆژەکەی تورکیا، بەڵام بەبێ هیچ بەشدارییەکی سەربازیی تورکیا.

هاوکات ئەم هەنگاوە دەبێتە دەستپێکی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان و دروستکردنی بناغەیەک بۆ هاوکارییەکی سەربازی لەنێوان باشوور و ڕۆژئاڤا بە پاڵپشتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی. دواتر دەتوانرێت ئەم هێزانە بکرێنە هێزی زەمینیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، بۆ لێدان و لەناوبردنی داعش لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و سووریا.

ئەگەر پرۆژەیەکی لەم جۆرە سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئەو زۆنی ئازادەی ئەردۆغان هەوڵی زۆر دەدات بۆ دروستکردنی، دروست دەبێت، بەڵام لەژێر سەرپەرشتیی خەڵکی ناوچەکە و بەهاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی. بەواتایەکی دیکە زۆنی ئازادی تورکی دەگۆڕێت بە زۆنی ئازادی کوردی و نیگەرانییەکانی کورد لە داگیرکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن تورکیاوە دەڕەوێتەوە. هاوکات یەکێتیی خاکی ڕۆژئاڤا زامن دەبێت و کورد نزیکتر دەکاتەوە لە دەریا.



مەسعودی مەلا هەمزە

# مەترسییەک کە دەبێ یەکێتی ئاگاداری بێت

دوابەدوای قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان و دابەشبوون و ساغبوونەوەی سەرجەم کێشەکان بەسەر بەرەی پارتی لەلایەک و بەرەی گۆڕان لەلایەکەی دیکە، خەریکە کوردستان بەرەو قۆناغێکی یەکجار هەستیار و ئاڵۆز و پڕ لە کێشە دەڕوا و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قەیرانەکان قووڵتر و گەورەتر دەبنەوە، بە جۆرێک لەبری چارەسەری قەیرانێک پەردەپۆش دەکرێ بە قەیرانێکی دیکە و ئەوەی پێشوو لەبیر دەچێتەوە. هەر لە ویلایەتی بارزانییەوە بیگرە تا کێشەی مووچە و قەیرانی دارایی و ناردنەماڵەوەی وەزیرەکانی گۆڕان و ڕێگرتن لە سەرۆکی پەرلەمان و ... هتد.

لەم نێوانەدا و لە ئان و ساتی ئەو هەموو کێشەو قەیرانانەدا، هەموو چاوەکان لەسەر یەکێتین و واقیعی حاڵ ئەوەیە کە یەکێتی دەتوانێ بەڵانسی هێز بگۆڕێ و لە بچووکترین هەنگاودا قەیرانەکان بەرەو چارەسەر یان تێکدانی خراپتر بەرێ، پرسیاری گرنگ و جەوهەری ئەوەیە کە یەکێتی چی دەکات؟

بەر لە هەر شتێک پێویستە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی هاوسۆزبوون و هاوخەباتیی ڕابردوو و لێکنزیکبوونەوەی ئێستا لەگەڵ گۆڕان و حوکمڕانیی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەگەڵ پارتی وەلا بنێن، بەڵکو بیر لەوە بکەنەوە کە لەم نێوانەدا یەکێتی بۆ میللەت و ئایندەی کوردستان و پارسەنگی هێزی خۆی چی پێیە و چی پێ دەکرێ؟

ئایا دەکرێ (ی.ن.ک) 30ی حوزەیرانێکی دیکە دووبارە بکاتەوە؟ بێگومان نەخێر، ئێ لە بەرامبەر ئەوەشدا خۆ ناکرێ یەکێتی وەک گۆڕان بیر بکاتەوە و هەموو شتێک ڕەفز بکاتەوە و بە عینادی سیاسەت بکا، بەڵکو پێویستە بە سیاسەتێکی حەکیمانە لەم نێوانەدا کاربکا.

لەم وتارەمدا نە گەرەکمە باسی ئەوە بکەم یەکێتی چی دەکا یان پرۆژە نوێیەکەی چی تێدایە، نە گەرەکیشمە بڵێم پێویستە هەموو هەنگاوەکانی یەکێتی بکەونە سەر پەڕەی کاغەز و میدیاکان بڵاوی بکەنەوە، ئەوەی بەلامەوە گرنگە باسی بکەم و پێویستە یەکێتی زۆر باش بیری لێ بکاتەوە، دووبارەنەکردنەوەی ژینگەی کات و ساتی 30ی حوزەیرانی 2013یە، بە جۆرێک یار و نەیار قسەیان لەسەر یەکێتی دەکرد و هەر کەسەو لە ڕوانگەی خۆیەوە خوێندنەوەی بۆ یاساکە و ڕێککەوتنەکە دەکرد، تەنها کادیران و ئەندامانی یەکێتی نەبێ کە نەیاندەزانی حیزبەکەیان بۆچی و بە چ ئامانجێک ئەم کارەی کردووە، بە مانایەکی دیکە دەمەوێ بڵێم پێویستە بەر لە هەر شتێک و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان، یەکێتی ڕاگەیاندنی خۆی و ئەندامان و کادیرانی لە هەر هەنگاوێک ئاگادار بکاتەوە کە دەیگرێتەبەر، خۆ ناکرێ هەمدیس یەکێتی تووشی ئیحراجی بکەن.

پاڵپشت بۆ ئەم قسانە و غیابی ئاگادار نەبوونی ڕاگەیاندن و کادیرانی (ی.ن.ک) لە بەرنامە و ئامانجی کۆبوونەوەکە، ئەو فەوزا ئیعلامیە بوو کە لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ڕوویدا، بە جۆرێک ڕاگەیاندنەکانی نزیک لە گۆڕان بە هێرشکردن و ئەوانەشی نزیک لە پارتی بە ئامانجی لێدان لە یەکێتی کاریان لەسەر بابەتەکە کرد و ڕاگەیاندنی یەکێتیش تەماشاکەرێکی گوناهی بێ زانیاری بوو (کە ئەمەیان مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی وەفدەکە لێی بەرپرس بوون).

دەمەوێ چی بڵێم و بۆ ئەو بابەتە دەبێ یەکێتی چی بکا؟ جارێ پێش هەموو شتێک و لە کات و ساتی شەڕی ڕاگەیاندن و دەروونیی نێوان پارتی و گۆڕاندا نابێ هەرگیز یەکێتی بکەوێتە حاڵەتێکی ئاوا کە بنکە جەماوەرییەکەی دابەش بن بەسەر ئەو دوو بەرەیەدا و لە دواجاردا بە زیانێکی گەورەی وەک ئەوەی هەڵبژاردنی 9/21ی پەرلەمانی کوردستان بشکێتەوە، بۆیە هەرچی زووە، پێویستە یەکێتی بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە کار لەسەر ورد و درشتی هەنگاوەکانی مەکتەبی سیاسی بکاو هەرگیز دەرفەتی ئەوە نەداتە گۆڕان جارێکی دیکە بڵێن یەکێتی تەسلیمی پارتی بووەوە و بۆ بەرژەوەندی بازرگانیی خۆیان ئەوەیان کرد و میللەتیان فرۆشت، ئاواش هەرگیز دەرفەت نەداتە پارتی و میدیا سێبەرەکانی کە بڵێن یەکێتی بووەتە بەشێک لە گۆڕان یان ئەجێندای فلان وڵات دژی پارتی جێبەجێ دەکا، بەڵکو وەک چۆن هەموومان چاومان لەسەرە و دەمانەوێ یەکێتی فریادڕەسی چارەسەرکردنی کێشەکان بێ، ئاواش مەبەستمانە ڕاگەیاندن و کادیرانی بە وردی کار لەسەر هەنگاوەکانی یەکێتی بکەن و لە ئەسڵی بابەتەکە تێبگەن و بیگەیەنن بە بنکەی جەماوەری یەکێتی.

ماوەتەوە بڵێم ئەگەر لە هەر هەنگاوێکدا یەکێتی هاوشێوەی 30ی حوزەیران و بەشێک لە ڕووداوەکانی ڕابردوو وەک حیزبێکی خاوەن میدیای بێ هێز و بێ بەرنامە لە بەرامبەر ژمارەیەکی زۆر و کاریگەر لە میدیای بەرامبەر دەرکەوت، ئەوا بێگومان سەرجەم هەنگاوەکان ئەگەر زۆر پۆزەتیڤ و چارەسەرکەریش بن بۆ ئەم میللەتە، بەڵام بەدڵی هەریەک لەو دوو بەرەیە نەبێ، خراپ دەکەوێتەوە و دواجار تەنها بە زەرەری یەکێتی و بچووکبوونەوەی تەواو دەبێ، ناشبێ ئەوەمان لەبیر بچێ لە ئان و ساتێکی ئاوادا دەبێ یەکێتی بەرنامەو پلانی وردی هەبێ و بۆ هەر ئەگەرێک کە میدیای بەرامبەری دەیگرێتە بەر لە وەڵامیدا بێتە جواب، نەک لە کاتی گەرمە گەرمەی کێشەکاندا و لەکاتێکدا لە دوو لاوە هێرش لەسەر یەکێتییە، کەچی ئۆرگانەکانی یەکێتی خەریکی نیشاندانی سروشتی کوردستان و ڕابردوویەکی بێ سوود و کاریگەر بن بۆ ئەمڕۆ، ئەمە ئەو مەترسییەیە کە یەکێتی دەبێ بە وردی ئاگاداری بێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کاک نەوشیروان بۆ وایکرد؟

1

نزیکەی پێنج مانگە، نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان نە بە نووسراو و نە بەدەنگ و رەنگ هیچ هەڵوێستێکی نەک لە هەمبەر بارودۆخی کوردستان، بگرە سەبارەت بە دۆخی ئێستای بزووتنەوەکەشی نییە کە حیزبی دووەمی کوردستانە . لەوانەیە سەرکردایەتیی گۆڕان و کەسە نزیکەکانی هەنگاو بە هەنگاو لە رەوشی کوردستان ئاگاداری بکەنەوە و راوێژی پێبکەن، بەڵام غیابی ئەو وەک کاریزمایەک بە هەموو پرۆسەی سیاسییەوە دیارە و نە جڤات و نە سەرکردەکانی گۆڕان ناتوانن کەلێنی ئەو پیاوە پڕبکەنەوە.

کاک نەوشیروان سەرباری ئەوەی کە باری تەندروستیی تەواو نییە و، واباشە کە سیاسییەکان لەو حالەتەدا هەڵوێست نەوێنن، بەڵام هۆکاری سەرەکیی دوورکەوتنەوەی رەنگبێ هەر ئەوە نەبێت. ئەو ماندوو و نائومێدە، ئەوەش سەرچاوەکەی لە تەمەن و هەڵوێستی گۆڕاوی دۆستانیدایە.

دەمێکە و بە تایبەتیش دوای هەڵبژاردنەکانی 2013، کاک نەوشیروان پێیوابوو کە ئەوەی ئەرکی سەرشانی بووە بەجێیگەیاندووە. ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی 2009دا خەڵکی پێیوابوو کە گۆڕان بە دەنگی دزیاریی یەکێتی 25%ی دەنگەکانی هێناوە، چوار ساڵ دواتر کاک نەوشیروان ئیسپاتی کرد کە ئەوانە دەنگی یەکێتی نین و دزیاریش نین، بۆیە ئەو تەحەددایەشی بردە سەر و جارێکی دیکە هەمان ئەنجامی دووبارە کردەوە. بەڵام دوای ئەوە ماندووبوو. چونکە ئەو لە هەموو کەس باشتر دەیزانی، زۆر زەحمەتە بتوانێ بەو ماوە کەمەی لەبەردەمیدایە، ئەوە بگۆڕێت کە نیو سەدەی تەمەنی خۆی لە دروستکردنیدا بەسەر برد .

بەڵێ سەرکردەکانیش نائومێد دەبن، ئەوانەی واقیعبین بیر دەکەنەوە کە تەمەنیان چەندی بەبەرەوە ماوە، چەند ساڵیان ماوە تا دوور لە سیاسەت و لەناو ماڵ و منداڵەکانیان بن، چەند مانگیان ماوە تاوەکو بتوانن تۆڵەی رۆژانی پێشمەرگایەتی و بێ باوکی و بێ هاوسەری بۆ منداڵ و خێزانیان بکەنەوە، جار جارە دووردەکەونەوە.

ئەمجارەش باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی پشتی لە کاک نەوشیروان کرد و لە پشتەوە خەنجەری لێدا. راستە بێ ئەزموونیی نوێنەرانی گۆڕان لە حوکمڕانیدا کارەسات بوو، بەڵام حیساباتی یەکێتی لەگەڵ کاک نەوشیرواندا هەتا سەر نەبوو. گۆڕان کە هەنگاو بە هەنگاو لە هاوپەیمانێتیی ستراتیژی لەگەڵ پارتی و شەراکەت لە حوکمڕانیدا نزیک دەبووەوە، بە (کن فیکون)ێک کرا بە داعشی کوردی و ئەگەر شەڕی داعشی ئەسڵی نەبووایە، هەر زوو گردەکە ئازاد دەکرا!

باڵی دەستڕۆیشتوو و تەنانەت ریفۆرمیش، بەرژەوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ پارتی هەیە، هەر ئەو رۆژەی پارتی لێنەگەڕا سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە هەولێر، خێرا کاندیدی سەرۆکی پەرلەمانیان حازرکرد! بۆیە گۆڕان وەک بزووتنەوەیەک نابێ هەرچی هەیەتی و نیەتی بیخاتە سەبەتەی کاک نەوشیروانەوە و خۆی گوتەنی ئەو تاوەکو ئێرەی هێناوە، با ئەوانی دوای ئەویش بیبەنە پێشەوە.

## شەڕی پەکەکە

2

پەکەکە وەک رێکخراوێکی سیاسی و چەکداری، حیزبێکی مۆڵەتپێدراوی هەرێمی کوردستان نییە لە وڵاتی بەناو عێراقدا. بەڵام پەیوەندی لەمێژینەی لەگەڵ بەغدا هەبوونە . لەکاتی دەسەڵاتداریێتی سەددامدا ، پەیوەندی جۆراوجۆریان هەبووە . لە 1990 وەوە کە تورکیا شەڕی ئاوی لە دژی بەغدا دەستپێکرد، سەددام بە کردەوە رێککەوتننامە ئەمنییەکەی 1984ی پەیوەست بە راوەدوونان و بەرەنگاربوونەوەی پەکەکەی بەلاوەنا و نەک هەر راوی نەنان، بگرە دالدەشیدان.

ئێستا پەکەکە سەرباری ئەو هەموو نارەزایەتییانەی کە لە ئیدارەدانی رۆژئاوای کوردستاندا بەرەورووی دەبنەوە، خۆی خزاندووەتە نێو هاوکێشەی سیاسی و سەربازیی باشووری کوردستانیشەوە ، ئەڵبەتە جڵەو شلکردنی یەکێتی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ هەژموون پەیداکردنی پەکەکە ، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی زۆنی سەوز. باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی کە دەسەڵاتیان بەسەر فەرماندە سەربازییەکانی خۆیاندا ناشکێت، لە رقان پەنا دەبەنە بەر پەکەکە و ئامادەن هەموو مێژووی پڕ سەروەریی خۆیان بکەنە قوربانی چەند کەسێک کە جگە لە دروشمە رووتەکانی پەکەکە هیچی دیکەیان پێ نییە .

پەکەکە ناتوانێ هیچ ئیدیعایەکی لە ئیدارەدانی باشووری کوردستاندا هەبێت، بوونی سەربازیی پەکەکە بەوشێوەیە لە باشووری کوردستان پێویست نییە و ئاڵۆزی هێنەرتر دەبێت لە داهاتوودا و ، پتر لە بەرگریکردن لەوانەیە سەربکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆیی .

بوونی پەکەکە لە شنگال، هەڵەبجە و هاوبەشیی هێزەکانیان لە شنگال وەک خۆیان دەڵێن لەگەڵ حەشدی شەعبیدا ، جگە لە کارەسات هیچیدیکەی لێناکەوێتەوە. دەفتەری شەڕی کورد و کورد داخراوە، بەڵام بەوشێوەیە کردنەوەی ئاسان دەبێتەوە.

## چەتری شیوعییەکان

3

جاران قسەیەک هەبوو، لەگەڵ رێزمدا بۆ شیوعییەکان (کە خۆشم پێشتر لەگەڵیان بووم و شانازیی پێوە دەکەم) دەیانگوت: لە سۆڤیەت باران بباری، شیوعییەکان لێرە چەتر هەڵدەدەن! ئەوە ئەگەر جاران تەعلیقێک بووبێ کە لە شیوعییەکانیان دەدا، ئیتر ئەمڕۆ نیوەی کوردی تووشی چەتر هەڵدان کردووە. ئەوانەی هەموو مێژووی سیاسییان بریتی بووە لە گاڵتەکردن بە سۆڤیەتی جاران و قەتڵ و کوشتاری کۆمۆنیست و شیوعییەکان، ئەمڕۆ هەمان رووسیایان لێبووە بە یەدووڵڵا و رزگارکەری کورد و کوردستان! رووسیایەک کە بۆ تاقە رۆژێکیش پشتی یەک گەلی چەوساوەی نەگرتووە، رووسیایەک کە تاوەکو دیکتاتۆرێک لەسەر رووی زەوی مابێ لە پشتی دەمێنێتەوە.

ناهەقی ئەوانە ناگرم کە چەپڵە بۆ مۆسکۆ لێدەدەن، چونکە کورد گوتەنی:"تەیری گول عاشقی داری ژەقنەبووتە".



د.فەرسەت سۆفی

# ژمارە تۆقێنەرەکان لە کوردستان

لەگەڵ هاوڕێم (گۆران ئازاد) لە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە سێ هەفتەدا بەدواداچوونێکی وردمان کرد بۆ گەیشتن بە ژمارەی دروست و چۆنیەتی زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجیەکان، لە چوارچێوەی ئەم بەدواداچوونەدا کە بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کرد، کۆمەڵێک ژمارە بەلای ئێمەوە جێی مەترسی بوون و ئەگەر کاریان لەسەر نەکرێت، هەڕەشەی گەورەن بۆ سەر ئابووریی هەرێمی کوردستان، لە خوارەوە چەند نموونەیەک دەخەینەروو:

– داهاتی ساڵانەی کارەبا بریتییە لە 300 ملیۆن دۆلار، کەچی تێچووی ساڵانەی کارەبا بریتییە لە زیاتر لە 3 ملیار دۆلار و لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا 12 ملیار دۆلار لە کارەبا خەرج کراوە. یەک کیلۆ وات کارەبا بە یەک سەنت دەدرێتە هاووڵاتیان، کەچی لەسەر حکومەت بە 16 سەنت دەکەوێت، یەک کیلۆ وات کارەبا لە تورکیا بە 13 سەنتە. بەپێی ئەو گرێبەستەی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیای (ماس گلۆباڵ) کردوویەتی، ئەگەر حکومەت وەحدەیەکی کارەبا بە رێژەی پێویست بەکاریش نەهێنێ، دەبێ پارەی تەواوی 100% بداتە کۆمپانیاکە. تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2014دا حکومەت نزیکەی 43 ملیۆن دۆلار بەم هۆیەوە غەرامەی کەوتووەتە سەر. ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی رابردوو رێژەی پێویستی گازوایل بۆ وێستگەکانی کارەبا 28% زیادی کردووە و ساڵانە زیاتر لە دوو ملیار دۆلار بۆ گازوایلی کارەبا خەرج دەکرێت، هۆکاری زیادبوونی رێژەی گازوایل بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمپانیا پابەند نەکراوە بە سیانەکردنەوەی وێستگەکان و گازوایلیش لەسەر حکومەتە.

– ئێستا هەرێمی کوردستان رۆژانە پێویستی بە حەوت ملیۆن لیتر بەنزینە، رۆژ بە رۆژ رێژەی پێویستی هەرێم بۆ بەنزین لەزیادبووندایە، بۆ نموونە پارێزگای سلێمانی لەساڵی 2010 رۆژانە پێویستی بە نیو ملیۆن لیتر بوو، ئێستا پێویستی بە زیاتر لە دوو ملیۆن لیترە، بەم پێیەش حکومەت ساڵانە نزیکەی 600 ملیۆن دۆلار بۆ پاڵپشتیی نرخی بەنزین خەرج دەکات.

– بەپێی دوایین راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، رۆژانە (5370) تانکەر لە هەرێمی کوردستان لە جوڵەدان، کاریگەریی ئەم تانکەرانە لەسەر ژینگە و رێگاوبان و رووداوەکان ئێجگار زۆرە، ساڵانە تەنیا لە گواستنەوەی نەوتی شیواشۆک بۆ بازیان 20 ملیۆن دۆلار تێچووەکەیەتی، بەڵام دروستکردنی بۆڕی لە شیواشۆکەوە بۆ بازیان پێویستی بە 60 ملیۆن دۆلارە، واتە بە پارەی سێ ساڵی کرێی تانکەرەکان دەتوانرێت بۆڕی دروست بکرێت.

– حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 15 ملیار دۆلار قەرزدارە و 6 ملیار دۆلاری حکومەتیش لەلای خەڵکە. لەو رێژەیە 721 ملیار دینار لای کۆمپانیا و بازرگانەکانە کە دەکاتە نزیکەی مووچەی یەک مانگی فەرمانبەران، ئەم پارەیە بە فائیدەی 3% تا 11% دراوەتە ئەم خەڵکانە و ئێستا زۆربەیان نە فائیدەکە دەدەن نە پارەکەش دەگەڕێننەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە سەرووی 3 ملیار دیناریان وەرگرتووە.

– کۆی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بریتین لە یەک ملیۆن و 387 هەزار و 957 کەس، مانگانە پێویستمان بە 878 ملیار دینار هەیە بۆ دابینکردنی مووچە، لەم برە 45% بۆ مووچەی بنەڕەتییە و 55% بۆ دەرماڵەیە، واتە دەرماڵە زیاترە لە مووچەی بنەڕەتی. ئەگەر ئەم ژمارە زۆرەی فەرمانبەرانی هەرێم بەراورد بکەین لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دونیا، هیچ نموونەیەک نابینین هاوشێوەی ئێمە، بۆ نموونە وڵاتی چین ژمارەی دانیشتووانی یەک ملیار و 360 ملیۆن کەسە، کەچی ژمارەی فەرمانبەرانی بریتییە لە 7 ملیۆن کەس. لوبنان ژمارەی دانیشتووانی وەک ئێمە بریتییە لە پێنج ملیۆن کەس، کەچی ژمارەی مووچەخۆرانی بریتییە لە 317 هەزار کەس. سعودیە ژمارەی دانیشتووانی 30 ملیۆن کەسە، بەڵام ژمارەی مووچەخۆرانی بریتییە لە یەک ملیۆن و 200 هەزار کەس. ژمارەی دانیشتووانی مەغریب بریتییە لە 33 ملیۆن، کەچی ژمارەی فەرمانبەرانی بریتییە لە 577 هەزار کەس. تورکیا 3 ملیۆن فەرمانبەری هەیە، بەڵام ژمارەی دانیشتووانی 77 ملیۆن کەسە.

– ئەگەر کەسێک بیەوێت خۆی لە کەرتی تایبەت تۆمار بکات، لەلای حکومەت بەشێوەی فەرمی پێویستی بە 106 واژوو هەیە.

– کۆی باجی یەک ساڵی هەرێمی کوردستان بریتییە لە نزیکەی 160 ملیار دینار کە تەنیا بەشی مووچەی یەک مانگی وەزارەتی پەروەردەیە، باجی یەک ساڵی کارگەیەکی گەورەی چیمەنتۆ بریتی بووە لە 10 ملیۆن دینار، چێشتخانەیەکی گەورەی شاری هەولێر تەنیا لە فرۆشتنی ئاو مانگانە 60 ملیۆن دینار قازانج دەکات، کەچی باجی یەک ساڵی بریتی بووە لە 40 ملیۆن دینار. رسوماتی کردنەوەی دووکانێکی ماستفرۆشی بریتییە لە 11250 دینار، کەچی کردنەوەی سوپەر مارکێت و بەنزینخانە رسوماتی نییە و بێ بەرامبەرە.

ئەمانە تەنیا بەشێکی بچووکن لەو ژمارانەی لەم بەدواداچوونەدا لە چوارچێوەی راپۆرتێکدا پێشکەشی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کردووە و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبین لەسەر ئەم بەدواداچوونە، بۆ هەریەک لە مەترسیەکانیش پێشنیاز و چارەسەرمان خستووەتە روو. پێمانوایە دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسییەکی ئێجگار گەورەدایە، ئەگەر بە جورئەتەوە بڕیار نەدەین و دەست نەکەین بە چاکسازی.



د. عومەر نورەدینی

# ململانێی سەرۆک و پەرلەمان

لە مێژووی پەرەسەندنی سیستەمی سیاسی و بەدەستووریبوونی ماف و ئازادییەکان و پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەسەڵاتی سیاسی و رێکخستنی دەسەڵاتەکاندا، پەیوەندیی نێوان سەرۆک وەک دەسەڵاتی تەنفیزی و پەرلەمان وەک دەسەڵاتی یاسادانان، پەیوەندییەک بووە کە پرۆسەی بەدەستووریکردنەکەی ئاسان نەبووە و تووشی دژواری و کەندوکۆسپ بووە و بیرورای جیاوازی لەسەر هەبووە. هەندێ جار ئەم جیاوازیانە بە رێگا دەستوورییەکەی یەکلاکراونەتە و هەردوو لایەنی سەرەکی، واتا (دەسەڵاتی یاسادانان) و (دەسەڵاتی جێبەجێکردن- کە زیاتر سەرۆکی وڵات نوێنەرایەتی کردووە) پێگە و هێز و سەلاحیەت و دەستڕۆیشتوویی خۆی بەکارهێناوە بۆ بەلاداخستنی ململانێیەکە. لەمێژوودا چەند نموونەیەکی زەق و بەرجەستەمان هەن کە بەکورتی ئاماژەیان پێدەدەین:

یەکەم : لەساڵی 1648 سیاسەتمەداری ناسراوی ئینگلیز (ئۆلیڤەر کرۆموێڵ ) لە پەرلەمانەوە سەرکردایەتی شۆڕشی کرد و جاڕی سیستەمی کۆماریی دا، کەچی هەر خۆی کە بە پشتیوانیی پەرلەمان هاتە سەر حوکم، لە ساڵی 1653 پەرلەمانی داخست و لەسەر دەرگاکەی نووسی: ئەم خانووە بۆکرێ!

پاساوی کرۆموێڵ بۆ داخستنی پەرلەمان ئەوە بوو کە وڵات لەکاتی شەڕدایە و رووبەڕووبوونەوەی مەترسییە دەرەکیەکان پێویستی بەوە هەیە پێگەی سەرۆک بەهێز بێت و پەرلەمان بەشێوەیەکی لیبراڵیانەی ئەوتۆ کار دەکات کە وڵات بەرەو پەشێوی و گەل بەرەو پەرتەوازەیی دەبات.

دووەم: دەوڵەتمەداری مەزنی ئەڵمانی بەرەچەڵەک بروسی، بسمارک (1815-1898) کە بە راوێژکاری ئاسنینی ئەڵمانی ناسراوە و بەردی بناغەی رایخی دووەمی ئەڵمانیای لەساڵی 1870 دانا و یەکێتیی ئەڵمانیای لەسەر بنەمای سۆسیالیزم لەخەونەوە کردە واقیع، لەساڵی 1863 کە سەرۆک وەزیران بوو، لەسەرینی کێشەی پەسەندنەکردنی بودجەی سەربازیی حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە، بە پشتیوانیی پاشا (ویلهاڵمی یەکەم) پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە و دەرگای پەرلەمانی قوفڵ دا. پاساوەکانی پاشا و سەرۆک وەزیران ئەوە بوو کە وڵات مەترسیی جەنگی دەرەکیی لەسەرە و پێویستی بە بونیاتنانی سوپایەکی بەهێز هەیە، بەڵام پەرلەمان بودجە پەسەند ناکات و ناهێڵێ حکومەت سوپای بەهێزی هەبێت.

سێیەم: سەرۆکی فەرەنسا شارڵ دیگۆڵ (1890-1970) کە بە باوکی رۆحیی کۆماری پێنجەمی فەرەنسا ناسراوە و قارەمانی جەنگی سەربەخۆیی فەرەنسا بوو لەدژی نازیەکانی ئەڵمانیا، کە جەنگی دووەمی جیهانی تەواو بوو، بەدیاریکراوی لە ساڵی 1946 کە دەستووری تازە بڕیاری دا سەرۆک لەلایەن پەلەمانەوە هەڵبژێردرێ، ئەو دەستی لەکار کێشایەوە و رازی نەبوو پەرلەمان سەرۆک هەڵبژێرێ و پێیوابوو هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە ململانێی حیزبی توند دەکات و سەرئەنجام گەل دابەش و دەوڵەت لاواز دەکات. ئەو دەیگوت سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆک و حکومەت بۆ وڵات باش نییە، ساڵی 1958 کە فەرەنسا بەدەست قەیرانی جەزایرەوە گیری خواردبوو، داوای لێکرا و رازی کرا بەوەی بێتەوە ناو ژیانی سیاسی و حکومەتێکی تازەی دامەزراند و سەرکردایەتی قەیرانی جەزایری کرد و دەستووری 1958ی ئامادە کرد و گەل پەسەندی کرد، دواتر لە 1962 هەموار کرایەوە و لەوکاتەوە سەرۆک لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێ و کۆماری پێنجەمی فەرەنسا لەوکاتەوە تائێستاش بەردەوامە و هەموو سەرۆکەکانی لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراون.

چوارەم: سەرۆکی رووسیا بۆریس یەڵسن (1931-2007) کە ساڵانی (1991-1999) بەهەڵبژاردن سەرۆکی وڵات بوو، لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1993 هێزی سەربازی لەدژی پەرلەمان بەکارهێنا و پەرلەمانی تۆپباران کرد و زۆربەی پەرلەمانتارانی گرت، ئەمە دوای ئەوە هات کە پەرلەمان دەنگی بەکاندیدی پۆستی سەرۆک وەزیران (ئیگۆر غایدار) نەدا و رێگای گرت لە هەندێ گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری کە سەرۆک بەتەمابوو لە رووسیای دوای یەکێتی سۆڤیەتی هەڵوەشاوەدا بیکات. پەرلەمان لەوەش زیاتر رۆیشت و سەرۆک یەڵسنی لاداو (ئەلێکساندەر رۆتسکۆ)ی کرد بە سەرۆک، لەبەرامبەردا یەڵسن هێزی سەربازی بەکارهێنا و کۆشکی پەرلەمانی گرت. شایانی باسە لەساڵی 1996دا سەرۆک یەڵسن دووبارە بەدەنگی گەل بووەوە بە سەرۆک کۆمار. لەم بارەوە دەستوورناس (میخایل کراسنۆف) کە یەکێک بوو لە دانەرانی دەستووری ساڵی 1993ی رووسیای فیدراڵ، پێیوایە کە ئەوەی یەڵسن کردی پێویست بوو، چونکە نەدەبوو پەرلەمان لەبەردەم سەرۆک بوەستێ، بەتایبەتی کە وڵات لە قۆناغێکی راگوزەری چارەنووسسازدا بوو.

مەبەستی ئێمە لە هێنانەوەی ئەم نموونانە ئەوە نییە قەناعەتمان بەوە هەبێت کە هەڵوەشانەوە و داخستنی دەرگای پەرلەمان و تۆپبارانکردن و بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی، شەرعی و رەوایە، بەڵکو مەبەستمانە لەخوێندنەوەی ئەم نموونانەوە کێشەی دەستووریی وڵاتانی مەزنی دیموکراسی شرۆڤە بکەین و لە ئەزموونی ئەوان وانە و پەند فێر بین و لەچارەسەری کێشەی دەستووریی وڵاتی خۆماندا سوودیان لێ وەربگرین. لە خوێندنەوەی ئەو نموونانەوە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام دەگەین کە بەهەند وەرگرتنیان بۆ ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستان زۆر جێگای بایەخن و رەچاوکردنیان سوود بە بەرژەوەندیی گەل و نیشتیمان دەگەیەنێت، دەرئەنجامەکان بەم شێوەیە دەخەینە روو:

1- ئەو نموونانە ئەوەمان بۆدەردەخەن کە تێکگیرانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەرلەمان، یان بە دەربڕینێکی دی ململانێی نێوان سەرۆک و پەرلەمان ئەو کاتانە نێگەتیڤیانە یەکلاکراوەتەوە و کار بە هەڵوەشاندنەوە و داخستنی پەرلەمان گەیشتووە کە پەرلەمان رەچاوی هاوسەنگیی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنی نەکردووە و ویستوویەتی هەیمەنەی خۆی بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بسەپێنێ، واتا هاوسەنگیی هێزی نێوان دەسەڵاتەکان تێکدراوە.

2- بونیاتنانی دەوڵەت و سەرکردایەتیکردنی قەیرانەکان و رووبەڕووبوونەوەی کێشە ناوخۆیی و دەرەکیەکان بە تایبەتیش لە حاڵەتی جەنگدا پێویستی بەوە هەیە سەرۆکێکی دەستڕۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات بەپێی دەستوور و یاسا هەبێت، تا وەک کاپتنی رێپێدراو بۆ سەرکردایەتیی کەشتیەکە وڵات بەناو زریان و شەپۆلەکانی دەریادا بەرەو کەناری ئارامی بەرێت. ئەم جۆرە سەرکردایەتییە بە پەرلەمان نەکراوە و ناکرێت و سروشتی پەرلەمان وایە کە لەسەرکردایەتیکردنی کێشە و قەیرانەکاندا دەبێت ئاسانکاری بکا و پشتیوانی بنوێنێ بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەک بە پێچەوانەوە.

3- ئەو نموونانە ئەوەمان پێدەڵێن کە کاتێک پەرلەمان خۆی دەبێتە بەشێک لە کێشەکان و ئاڵۆزتریان دەکات و شێوازی کارکردنی دەبێتە مایەی دابەشبوونی سیاسیانە و کۆمەڵایەتیانەی گەل و پەشێوی سەرهەڵدەدات، دەبێت سنوورێک بۆ کاری میسالیانەی پەرلەمان و بازدانی بەسەر واقیعدا دابنرێت، بەڵام ئەم ئیجرائاتانە دەبێت کاتی بن و نابێ پەرلەمان بەتەواوی و هەمیشەیی پەکبخرێ. کاتێک کرۆموێڵ و بسمارک و دیگۆڵ و یەڵسن وایان کرد، بێ شک دەستوور و یاسای وڵاتیان چەماندەوە و بۆ ماوەیەک کێشەی ناوخۆی وڵاتیان قووڵتر کردەوە، بەڵام لەڕووی سیاسەتی دوورمەودا و ستراتیژەوە توانییان دەوڵەتەکانیان بەهێزتر و مەزنتر بکەن و سەرئەنجام سیستەمی سیاسیی خۆیان بەشێوەیەک بەدەستووری بکەن کە ببێتە مایەی زیاتر چەسپاندنی دیموکراسی و باشتر پیادەکردنی فیدراڵی.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# دانا گاز و هەنجیرەکەی رەجەب

کۆمپانیای دانا گاز کەیسێکی لە دادگایەکی لەندەن لەدژی حکومەتی کوردستان بردووەتەوە. هێشتا حکومەت مافی تێهەڵچوونەوەی هەیە لە بڕیارەکەی دادگا و بڕیارەکە کۆتایی نییە، بەڵام گریمان بڕیارەکە بووە کۆتایی و کوردستان ناچاربوو نزیکەی دوو ملیار دۆلار بداتە ئەو کۆمپانیایە، لەوکاتەدا دەبێ دڵخۆش بین بەوەی حکومەت هەڵەی کردووە یان نا؟

لە راگەیەندراوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا هاتووە کە کاتی وروژاندنی ئەو دۆزە لەلایەن کۆمپانیاکەوە گونجاو نییە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کوردستان لە شەڕدایە لەدژی داعش و بەرگەی گوشاری دارایی سەربار بۆ ئەو گوشارەی بەهۆی شەڕەوە لەسەریەتی ناگرێت. ئەوەش روونکراوەتەوە کە دۆزەکە دووسەرەیە و هەردوولا تێبینی و سکاڵایان لەسەر پابەندنەبوونی لایەنی بەرامبەر بە جێبەجێکردنی گرێبەستی نێوانیان هەیە. بەڵام تەنانەت ئەگەر وامان دانا حکومەتی کوردستان هەڵەی کردووە و لەو دۆزەدا خەتابارە، نابێ پشتی حکومەتی خۆماڵیمان بەربدەین و بۆ کۆمپانیایەکی بیانی لە زەویی بدەین.

ئەوە روونە کە هۆکارێکی گرنگی دروستبوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان سیاسەتی نادادپەروەرانەی بەغدایە بەرامبەر هەولێر. ئەوەش روونە کە دانا گاز کۆمپانیایەکی عەرەبییە و رەنگە هەر هێندەی بڕیارسازانی بەغدا ناهەمواریی ژیانی خەڵکی کوردستانی بەلاوە گرنگ بێت. بۆیە دڵخۆش بوون بە سەرکەوتنی دانا گاز و ژێرکەوتنی حکومەتی کوردستان دروست وەک چیرۆکی ئەو گوێدرێژە وایە کە مردنی خۆی پێ چاکترە لە قازانجی خاوەنەکەی.

زۆرتر لە ساڵێک پێش ئێستا داعش بەسەر باشووری کوردستانیدا دا و تووشی شەڕێکی نەخوازراوی کردین. ئەوەی دانا گاز بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەیکات، هەمان ئەو کارەیە کە داعش کردی، بەڵام ئەمەیان بە دیوە ئابوورییەکەیدایە. بۆیەش وەکچۆن خەڵکی کوردستان لە شەڕی دژی داعش، سەرەڕای لۆمەکردنی پارتی و یەکێتی بەهۆی هەڵەکانیانەوە، پشتی پێشمەرگەیان گرت و وایانکرد پێشمەرگە سەرکەوێت، دەبێ لەو قەیرانە داراییەش کە بەرۆکی کوردستانی گرتووە هەمان کاربکەن و بەشداری لە شەڕە ئابوورییەکەدا بکەن.

راستە حکومەتی کوردستان هێشتا وێنەیەکی روونی نەداوەتە خەڵک کە بۆچی دەبێ ئومێدەوار بێت بەو سیاسەتی وزە و ئابوورییەی هەیەتی. ئەوەش راستە کە هەنگاوە داراییەکانی حکومەت لە پازدە ساڵی رابردوودا رەخنەی جدیی هەڵدەگرن، بەڵام ئەمە هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە خەڵکیش پشکی خۆیان بەردەکەوێت لە سووککردنی باری حکومەت بۆ دەرچوون لەو قەیرانە داراییە. واتە خەڵکی کوردستان نابێ خورماشیان بوێت و بەغداشیان بوێ. نابێ چاوت لە مووچەی بندیوار و بەردەوام بێت، گلەییش بکەی لەوەی حکومەت لەژێر باری مووچەی زۆر و خەرجیی زیادەی زۆر دەرناچێت. ئەوەی کە خەڵک دەتوانێ چی بکات و چۆن هاوکاریی حکومەت بکات بۆ گێڕانەوەی ئەو شەمەندەفەرەی حکومەت و فاکتەرە دەرەکییەکان بەهەڵە لە سکەی خۆی دەریانچوواندووە، قسەی زۆر هەڵدەگرێت. هی ئەوەشە لە رۆژانی داهاتوودا گەنگەشەی گەرمی لەنێو میدیا و خەڵکدا لەسەر بکرێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە قایل بین بەوەی چیدیکە ناکرێ وەکو کاراکتەری رەجەب-ی درامای (هەبوو، نەبوو) بین. واتە لەژێر دارهەنجیری حکومەت پاڵبدەینەوە و چاوەڕێ بکەین کەی هەنجیرێک بە قودرەتی قادر و بەبێ ماندووبوونی خۆمان بەربێتەوە نێو دەممان.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## کچان بە سامان دەڵێن بە کۆڕی و ژاپۆنی دەچی

« 11

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net

Empire
Building the Future World




Call:
0750 640 8811
0750 640 8822
0750 640 8833

www.empireiraq.com